هاوكاری
التضامن

رۆژنامەیەكی هەفتانەی گشتییە دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاوكردنەوە دەری ئەكات

ژمارە ـ ١٩ | سالی دووەم | تلفون : ـ٦٩٧٢١ | نرخی ٢٠ فلسە | ٢٢ی ئایار ١٩٧١

سەرەكي فەرماندە سەرپەرشتی كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی بەرزی كشتوكاڵ ئەكات

رۆژی چوار شەممەی رابوردوو سەرەكی فەرماندە كاك احمد حسن البكر لە كۆشكی كۆماری سەرپەرشتی كۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی بەرزی كشتوكاڵی كرد ·

ئەم كۆبونەوەیە كە نزیكەی چوار سەعاتی خایاند بەڕێزان كاك عزت دوری ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو وەزیری چارەسەری كشتوكاڵو دوكتۆر طه ابراهيم العبدالله وەزیری ئاودانو كاك نافذ جلال وەزیری كشتوكاڵو ئەندامە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن تیا بەشدار بوون ·

(ئا·د·ع) زانیویەتی كە ئەنجومەن لەو هەنگاوانە دواوە پێویستە بنرێن بۆ خێرای كردن لە جێبەجێ كردنی پرۆژكانی ئاودان ، هەروەها ئەنجومەن بڕیاری ئەوەی دا لێكۆڵینەوەیەكی فراوان ئامادە بكات بۆ چارەسەری رێگای جێبەجێ كردنی ئەو ئیشو كارانەی بەهۆی ئامێرەكانی دەزگا رەسمیەكانەوە تەواو ئەكرێن ئەمەو ئەنجومەن سبەینی رۆژی یەك شەممە كۆبونەوەیەكی تر ئەبەستێ ·

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری دامەزراندنی دەزگای گشتی چاپەمەنی كوردی ئەدات

یەكێتی ئافرەتانی كوردستان بەرگری لە سەربەستی ئافرەتی كورد ئەكات. «لاپەڕە چوار»

یەكێتی نووسەرانی كورد : ئەم هێرشە كۆنەپەرستانەی ئەمڕۆ دووبەرەكی گەرم كەری لە پشتەوەیە

یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان دەربارەی سەربەستی ئافرەت بیروڕای دەرئەبڕی

سكرتێری یەكێتی قوتابیانی كوردستان : بەرهەڵستی كردنی سەربەستی ئافرەت خزمەتی دوژمنان ئەكات

شۆڕشگێرەكانی ڤیتنامی خوارو تەنگ بە هێزەكانی ئیمپریالیزم هەڵ ئەچنن

رۆژی چوارشەمەی رابوردو شۆڕشگێرەكانی ڤیتنامی خواروزنجیرە پەلاماردانێكیان بردوەتە سەر هێزە بەكرێ گیراوەكانی سایگون ، لە نزیك سنووری لاوس ·· قسەكەرێكی سەربازی میری پێی لەوە ناوە كە ئەم پەلاماردانە زۆر فروان بووە بۆسەر بنكە سەربازییەكانی میری ·· كە ١٠ میل دور بووە لەژوروی رۆژئاوای بەرزاییەكانی ناوەراستەوە ·· قسەكەرەكە وتویە پەلامار بردنی شۆڕش ـ گێرەكان بۆ سەر پاسگایەكی پولیسی بووەتە هۆی كوشتنی دو سەربازو بریندار كردنی ئەوانی تریان ·· دیسان وتویە شۆڕشگێرەكان بەتۆپ و چەكی ئەتوماتیكیەوە هەڵیان كوتاوەتە سەر كۆمەڵێك ئۆتۆمبێلی زرێلی میری وە هەمویان تێك شكاندوون سەركردایەتی هێزەكانی ئەمەریكا پێی لەوە ناوە كە لە ئەنجامی پەلامار دانی شۆڕش ـ گێرەكانا ئاگر بەربوەتە چەند پاسگایەكی سەربازییان لە ناوچەكانی ڤیتنامی خواروو ، دیسانەوە سەركردایەتی ناوبراو وتویە ئەم پەلاماردانە ئاراستە بووە بۆ سەر بنكە سەرەكییەكانی سوپای ئەمەریكا لە ژورووی وڵات ·· وە ئەوەی دركاندووە كە هێشتا ژمارەی زیانو كوشتن لە هێزەكانی ئەمەریكا نەزانراوە ·

سەركردایەتی هێزەكانی كۆریای خواروو كە لە ڤیتنامی خواروو خۆیان مۆڵ داوە وتویە لە ناوچەی (كوانگ نام) سەربازێكی كۆریایی كوژراوەو چەند سەربازێكی تریش بریندار بوون ·· وە هەر لە هەمان كاتا فرۆكەیەكی هلیكوپتر سوپایی ئەمەریكی خراوەتە خوارەوە كە خەریكی گواستنەوەی هەشت ئەفسەری ئەمەریكی بووە ، كە یەكێكیان ئەفسەرێكی گەورەی شارەزای سەربازی ڤیتنامی خواروی تیا بووە ·· وە ئەم فرۆكەیە لە سەر روباری [میكونگ] بەربوەتەوە خوارەوە ·· وە تاكو ئێستا لاشەكانیان لە ناو ئاوەكەدا نەدۆزراوەتەوە ·· ئەفسەرە سایگونیەكە ناوی كولونیل (الفتوین فان فونگ)ـە ، ئەوانی تر بێ ناوو نیشانن ·

رۆیتەر

دەنگێك لە یەكێتی نووسەرانی كوردەوە

لەم رۆژانەدا كە پلەی بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئازادیخوازانەی كورد گەیشتووەتە رادەیەك كە یەك گرتنو پتەوی ڕیز بە ئەركی سەرشانی هەموو كوردێكی دڵسۆز بزانرێ ، لە رۆژێكدا كە شۆڕشی كورد هەنگاوی بەرەو ئەوە نا كە هەر كوردێ بێ یەوێ لاپەڕەی رەشی دووبەرەكیی لە مەوبەری لە بیر بچێتەوەو، سەر لەنوێ بە گیانێكی تازە دەس پێ بكاتەوە ، ئا لەم رۆژانەدا ئەبینین كەلەبەرێكی تازە بە چەشنێكی نوێ ئەكرێتە ڕیزی كۆمەڵی كوردەوارییەوە ، كە لەپاڵ ناكۆكیو ئاژاوە دروست كردندا زۆر هەوڵو ورەنجو بەرهەمی نووسینمان بەرەو لاڕێیەكی بێ سوود دەبات ·

ئەوەتە چەند مەلایەك بەجۆرێك كە دەمێكە وێنەی نەبینراوە ، هێرشێكی ناڕەوایان ، بردە سەر كۆمەڵێك لە نووسەرو شاعیرانمان هەوڵی ئەوەیان دا كە چەند وشەو بیر ـ كە بەلای كەمەوە دەیان ساڵە لە ئەدەبیاتی گەلاندا دەبینرێن ـ بە چەشنێكی ناڕاهەت لێك بدەنەوەو بیكەن بە سەرەتاو بیانووی دروست كردنی ئەو كەلەبەرە ·

گەلانی جیهان چەند سەدەیە باسی سەربەستیی ئافرەت دەكەن · لای ئێمەش سەدەیەك لەمەوبەر حاجی قادری كۆیی ئەو ئاڵایەی هەڵگرتو ، پیاوی هەڵكەوتووی وەك مەلای گەورەی كۆیە ئاڵاكەی لە دەست وەرگرتو ئەو هاوارەی تازە كردەوە ··

زۆر راستیشە كە بڵێین كۆنەپەرستانی كورد لەو رۆژانەدا بەمجۆرە بەربەستیی ئەو بیرو باوەڕانەی حاجی قادرو مەلای كۆیەیان نەكرد كە كۆنەپەرستانی ئەمڕۆ ئەیكەن بە كەرەستەی ناكۆكی ·

هێرشی كۆنەپەرستانەی ئەمرۆ تەنیا چەند لاوێكی رۆشن بیریوای نەگرتووەتەوە كە بەدوای سەربەستیی باوەڕدا عەودال بووبن ، بەڵكو چەند ئەدیبی گەورەو ناسراوو رابەری ئیسلامی وەك شیخ محمد عەبدەشی پاش دەیان ساڵ گرتووەتەوە · هەر ئەمەش وامان لێ دەكا كە باوەڕ بكەین بەوەی ئەم هەڵچوونە دروست كراوەو ، مەبەستی تایبەتیی

بڕوانە : ل ٧

دەزگای گشتی چاپەمەنی كوردی

● هەواڵێكی تایبەتیی هاوكاری ·

كاك كەریم موطێری سەرۆكی دەزگای رۆژنامەگەری و چاپەمەنی گشتی لە دووانێكا بۆ هاوكاری رای گەیاند كە ماوەیەك لەمەوبەر پرۆژێكی پێشكەش كردوە بە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش دەربارەی دامەزراندنی دەزگای بلاوكردنەوەو چاپەمەنی كوردی · پرۆژەكە برێتییە لە دەركردنی رۆژنامەیێكی رۆژانەو یەكێكی هەفتانەو گۆڤارێكی هەفتانەو یەكێكی مانگانەو دووانی دەوری بە كوردی جگە لە چاپ كردنو بلاوكردنەوەی كتێبو نامیلكەی كوردی هەروەها دەزگایەكە برێتییە لە چەندەها لاینوتایپو ئەنتەرو چاپخانەو بەشی وێنەگرتنو زەنگو بەشی برینو بەرگ كردنو هەموو پێویستیەكانی تری چاپخانەیێكی گەورە ·

باش ئەوەی كاك كەریم وێنەیێكی سەرپێی دەزگای دووارۆژی پیشاندا ووتی :

ئەوەبوو سەركردایەتی شۆڕش ئەم رۆژەی پەسند كردو بڕیاری دامەزراندنی دەزگاكەی داو بەنووسراوی (ژمارە ٩ ـ ٨٥٣ بەرواری ٢٧ ـ ٤ ـ ١٩٧١) وەزارەتی راگەیاندنی ئاگادار كرد كە چی پێویستە لەو بارەیەوە بكرێ ، وەزارەتیش نووسراوەكەی هەواڵەی دەزگای رۆژنامەگەریو چاپەمەنی گشتی كردووە بۆ ئەوەی هەنگاو بنرێ بۆ دامەزراندنی دەزگا كوردیەكە ·

ئەمەو كاك كەریم موطێری ووتی : بۆ دەست پێ كردنی ئەم كارە داوای دووسەد هەزار دینارمان كردووە ، وە پەیوەندیمان بە كارگەكانی چاپەمەنی لە دەرەوەی وولات كردووە بەنیازی كرینی ئەو مەشینانە ، وا رەچاو ئەكەین كە لەماوەیێكی كورتدا ئەم دەزگا گەورەیە بكەوێتە كارو خزمەتی گەلی كوردی براو خزمەتی یەكێتیو برایەتیو خەباتی ناوكۆی كوردو عەرەب ە وولاتدا بكات ·

باڵاترین بودجە لە مێژووی عێراقدا

بوودجەی ساڵی ٧١ـ٧٢ كە رۆژی ٣ شەممەی رابوردوو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیاری لە سەر داوە گەیشتووەتە ٩٩٤ ملیۆن دینار ١٧٧ ملیۆنی لە بوودجەی ساڵی رابوردو زیاترە ·

بەراورد كراوە كە ٩٥١ ملیۆنو ٨٨٠ هەزار دینار دەرامەتی ساڵانە بووە · جگە لەو پارە پاشەكەوتانەی كە لە دەزگاكانا ماوەتەوە ··

بودجەی ئەمساڵ ٩٤ دەزگای سەربەخۆ ئەگرێتەوە جگە لەو بەرنامە ساڵانە تایبەتییانەی كە دانراوون ·· بودجەی ئاسایی ٣٣٢ ملیۆنو ٧٥٥ هەزار دیناری بۆ دانراوە ، وە زیاتر لە ٧٠ ملیۆن دیناریش بۆ پێویستییەكانی فێركردنو رۆشنبیری دانراوە كە پێنج ملیۆنی لە بودجەی ساڵی رابوردو زیاترە ·· وە ١٥ ملیۆن دینار دانراوە بۆ مەبەستەكانی تەندروستی كە ئەمەش زیاتر لە ملیۆنێكی لە ساڵی رابوردو زیاترە ، وە ٢٠٢ ملیۆن دیناریش تەرخان كراوە بۆ بەرنامە تایبەتییەكانی ساڵی دارای ئێستا ·· كە ئەم ژمارەیە ٨٥ ملیۆنی لەبەرنامەكانی ساڵی رابوردو زیاترە ··

ئەركی بۆ خەرج كردنی دەزگا سەربەخۆكان بە پێی بودجەی تازە ئەگاتە ٤٥٩ ملیونو ٢٦٧ هەزارو ٤٩٥ دینار

بڕوانە : ل ٧

بیروڕای یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان دەربارەی سەربەستی ئافرەت

لە چاوپێكەوتنێكی تایبەتی رۆژنامەی (هاوكاری)ی لەگەڵ سەرۆكی یەكێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان ، هەڤاڵ (یداللەفەیلی)دا ، دەربارەی سەربەستی ئافرەت كە لەم رۆژانەدا جێگەی باس كردن، لێدوانە لەناو كۆمەڵی كوردەواریدا ووتی :

(پێویستە سەربەستی ئافرەتی كورد لەگەڵ كۆمەڵی كوردەواریدا بگونجێ ، چونكە كۆمەڵی كوردەواری جیاوازیی هەیە لەگەڵ كۆمەڵانی تردا ، ئاشكرایە كە ئافرەتی كورد وە بەتایبەتی لە لادێیەكاندا شان بە شانی پیاو لە هەموو كۆڕێكی كۆمەڵایەتیو ئیش كردندا ، بەوپەڕی سەربەستییەوە بەشداری ئەكات ·

بەڕای ئێمە ئەبێ سەربەستی ئافرەت لەگەڵ رەوشتی كۆمەڵایەتیمانا بگونجێو لەهەمان كاتیشدا شان بەشانی پێشكەوتنو گۆڕانی ئەم سەردەمە بروات ، ئیش كردنی ئافرەت لەگەڵ پیاوداو لەهەموومەیدانێكا بەشداربوونێكی راستە بۆ بەرزكردنەوەی رادەی درامەتی ژیانی خێزانو كۆمەڵو گونجاندنی ئەمە لەگەڵ پەروەردەكردنو ئیشوكاری تایبەتی ناوماڵدا كە لە ئەستۆی ئەوە ·

پێویستە ئافرەت ئەو پەڕی سەربەستی بدرێتی بۆ خوێندنو وریابوونەوەی لەرووی زانیاری و روشنبیرییەوە ، هەروەكو پێغەمبەر فەرموویەتی (أطلب العلم ولو في الصين) ، جگە لەوەی كە ڕامان وایە ئافرەت سەربەست بێ لە دەربرینی بیروڕای خۆی دەربارەی هەموو لایەنێكی ژیان ·

یەكێتییەكەمان داوا لە هەموو ئافرەتانی كوردستان ئەكات كە كوشش بكەن بۆ ئەوەی هەموو مافێكی پیاوانیان دەستگیربێت لە كۆمەڵدا ، بۆ خزمەتی گەلو نیشتمان ·

لە یەكێتی نووسەرانی كورد ـ لقی هەولێر : «دەنگی ئێمەش لە پاڵ دەنگی ئێوەیە»

لەم رۆژانەدا چەند نووسەرێكی خاوەن بیروباوەری تازەی شورشگێرانە بانگەوازێكیان لە (هاوكاری)دا بلاوكردەوە ، بانگەوازەكە وای ئەگەیاند كەوا دژایەتی كۆنو نوێ لە ژیانی كۆمەڵایەتیماندا گەیشتووەتە چڵە پۆپە ، ئەوەی كە بەلامانەوە سەیرە ئەوەبە كەوا هەراو هۆریای دژایەتی ئەمجارە لە سەر چەند شتێكی ئەوتۆیە كەوا گەلانی پێشكەوتووی جیهان چەندەها سەدە لەمەوبەر دەستیان لێ شتووەو خستویانەتە مۆزەخانە !

جا بۆ ئەوەی (حەلاج كوژەكان) واتێ نەگەن كەوا بیری نوێ بلقێكەو ئەكوژێتەوە، هەروا وانەزانن كەئەو نووسەرە بە جەرگانە چەند سەر لێشێواوێكنو بەفیكەیەكی ئەوان تەفرو توونا ئەبن ·· بەڵێ بۆ ئەوەی ئەو خەیاڵە نەكەن وا ئێمەش بەوپەڕی لە خۆبووردنەوە دەنگی خۆمان ئەخەینە پاڵ دەنگی شێرانەی نوێ خوازی ·

ئەوەی نوێ چاوی بڕیوەتە ژیانێكی تازە ، ژیانێك كە شایانی مرۆڤی كوردی ئەم

بڕوانە ل ٧

ی. ق. ك. بەیانێك دەربارەی كارەساتی ١٥ی ئایار دەرەكات

مكتبی سكرتاریەتی یەكێتی قوتابیانی كوردستانی عیراق لە ١٥ی ئەم مانگەدا بەبۆنەی بیرەوەری نوشستی فەلەستینەوە بەیان نامەیەكی دەركردوە تیا ئەڵێت :

ئەی جەماوەری گەلە مەزنەكەمان :

بەر لە ٢٣ ساڵ ، وە لە ئەنجامی نەخشەیەكی پیلان گێرانەی ئیمپریالزمو سەهیونزم داو بەهاوكاری لەگەڵ حكومەتە كۆنەپەرستەكانی ئەو سا گەلی فەلەستین دەربە دەركرا بۆ ئەم پیلانە ناڕوایەش دڕندانەترین رێگا بەكار هێنرا ·

دیسان بەیاننامەكە ئەڵی :

ئەی جەماوەری قوتابییانی تێكۆشەر گەلی كوردمان لەو كارەساتەی بەسەر گەلی فەلەستین‌دا هات شان‌بەشانی وەستاو بە توندی بەربەستی ئەو پیلانە ناڕەوایەی كرد كە لە لایەن تاوانبارانەوە جێبەجێ كراو هەر لەو تاوانە تەچوبوە هوی دابەش كردنی كوردستانی خۆشەویستمان ·

لە دوایا بەیان نامەكە سەر لە نوێ وەستانی جەماوەری قوتابییانی كوردستانی شان بە شانی خەباتی چەكدارانەی گەلی فەلەستینو جەماوەری عەرەبی خەباتگێر سەلماندۆتەوە ·

سكرتێری یەكێتی قوتابیانی كوردستان دەربارەی هەڵوێستی یەكێتی بەرامبەر سەربەستی ئافرەت ئەدوێ

كاك فەرهاد عەونی سكرتێری گشتی یەكێتی قوتابیانی كوردستان ئەم دووانەی بە (هاوكاری) راگەیاند پاش ئەوەی (هاوكاری) لە ژمارەی (١٧)دا چەند نووسراوەیێكی بڵاوكردەوە دەربارەی مافەكانی ئافرەت و مەسەلەی سەربەستی ئافرەت ·

كاك فەرهاد ووتی (یەكێتی قوتابیانی كوردستان وەكو رێكخراوێكی دیموكراتی بەتوندی داوای هاوبەشی ئافرەت دەكات لە هەموو بارێكەوە وە باری ئێستای كوردستان لە دووای رێكەوتنەكەی (١١)ی ئازارەوە لە هەموو كاتێك پێویستی زیاتر بەخەباتی هەموو كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەپیاوو ئافرەتەوە هەیە ·

ئێمەش كە گەورەترین رێكخراوی قوتابیانین لە كوردستانی عیراقدا ، بە پەسندمان زانی كەوا دەبێ ئافرەت دەوری خۆی تێدا ببینێ وە بۆ ئەو مەبەستەش لە كۆنگرەی شەشەمی یەكێتیمان لە هاوینی ساڵی (١٩٧٠) دا خوشكە (وەزیرە پیرداوود) بۆیەكەم جار لە مێژوی یەكیەتیەكەمان بوو بە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی وە وەكو هەموو لایەك ئەزانێ هیچ كۆمەڵێك ناتوانێ سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەربگرێ لە باری سیاسیو ئابوری وكۆمەڵایەتیەوە بەبێ هاوبەشی ئافرەت ·

فەرمانی سەرشانی هەموو كوردێكی دڵسۆز ئەوەیە كە هەوڵ بدات ئافرەتی كورد لە [مطبخ] رزگار بكات ، رزگار كردنی ئافرەت لە [مطبخ] مانای ئەوە نیە كە واز لە ئیشوكاری ناوماڵ بێنێ ، بەڵكو مانای ئەوەیە كە بەتەواوی هەڵسێ بە فەرمانی سەرشانی خۆی لە روی سیاسیو كۆمەڵا ـ

بڕوانە : ل ٧

بڕیارێكی گرنگی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش

هەفتەی رابوردوو ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش بڕیارێكی گرنگی دەركرد ئەمە تەواوی ئەو بڕیارەیە :

(بەپێی فەرمانی فەقەرەی (١) لە مادەی چلو دووی دەستووری وەختی ، ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش لە كۆبونەوەی ١٥ـ٥ـ١٩٧١دا بەم جۆرە بڕیاریدا :

یەكەم : خێزانی عەسكریو ئیش‌كەرانی پولیسو ئەمنو جنسیەو موچە خۆرو كار بەدەستی كوچ كردو لەكاتی خزمەتا ، مافی موچەی تقاعدی ئەبێت بەبێ سەرنج دانی ماوەی خزمەتی تقاعدی بەبێ گوێدان بە ئەحكامی یاسای تقاعدی عەسكری ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٥٩ وە یاسای پولیسو ئەمنو جینسیە ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٦٤و یاسای تقاعدی مدنی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦و گۆڕانەكانی ·

دووەم : أ ـ معدلی موچەی عەسكریو ئیش‌كەری پولیسو ئەمنو جنسیە بۆ تقاعدی دوا موچەی ئەبێ كە بەر لەمردنی وەری گرتوە ·

ب ـ معدلی موچەی كار بەدەستو موچە خۆر بۆ تقاعدی معدلی ئەو موچەیە ئەبێ ئیش كەرە مردوەكە لە ماوەی ٣٦ مانگی دوای خزمەتەكەیا وەری گرتوە ئەگەر هاتو خزمەتی تقاعدی لەوە كەمتر بو معدلی موچەكەی ، معدلی ئەو موچەیە ئەبێ بەخزمەتی تەواوی تقاعدی ئەیكەوێ ·

بڕوانە : لە ٧

لەگەڵ فراوانترین رێکخراوی کوردستانی دا:

یەکێتی قوتابیانی کوردستان

نوری حیران



کاك عادل مراد



کاك فاضل ملا محمود

ئەگەرچی ئەبوایە ئەم دیدەنی‌یە لەمێژەوە بکرایەو لەمەو پێشتر ئەم پرسیارانە بخرانایە بەرچاوی برادەرانی مەکتەبی سکرتاریەت بەڵام ، لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی کەوتە ئێستا ، ئەگەرچی ئەم دواکەوتنەش وەنەبێت زۆر لەبایەخی ئەو روون کردنانەوەی کەم کردبێتەوە ٠٠

یەکەمجار رووی دەمی پرسیارمان کردە کاك عادل‌مراد سەرەکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان‌و چەند پرسیارێکمان لێ‌کرد لەو پرسیارانە ٠

پ ـ دەوری نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان چی بووە لە گۆنگرەی هەژدەهەمی قوتابیانی عەرەب لە ئنگلترەو ئیرلەندەدا ؟

و لەسەر داواکاری قوتابیانی عەرەب لە ئنگلترە ، بۆ ئامادە بوونی عیراق لە کۆنگرەکەیاندا وەفدیك لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق‌و یەکێتی قوتابیانی نیشتمانی عیراق پێك‌هات بۆ بەشداری کردن لەو کۆنگرەیەدا ، وە شەرەفی بەشداری لەو کۆنگرەیەدا درابوو بەمن ٠٠ پێش ئەوەی وەرامی پرسیارەکە بدەمەوە ئەمەوێت بە شێوەیەکی کورت هەندێ تێبینی خۆم دەربارەی وەزعی قوتابیانی لە بەریتانیادا بخەمە پێش چاو ٠٠ لەم چەرخەدا ٠٠ چەرخی رزگاری نەتەوایەتی ، سەدی رەفزکردنی هەموو ئەو واقیعانەی پێچەوانەی رەوتی مێژوو رائەوەستن ئەبنە کۆسپ لە رێگای بەرەوپێش چوونی جەماوەردا ٠٠ بەرەی قوتابیانی روشن‌بیر ، کە توانای ئەوەیان هەیە چاك لە شت‌بگەن گۆڕانی ئەم واقیعەی ئێستا نە تەوەکان بەشی زۆری لە ئەستوی ئەمان دایە ٠٠ هوشیاری قوتابیان لە دوژمنایەتیەیاندا بە حکومەتە کۆنەپەرستەو شۆڤینیکان‌و بەشداری‌و هاوکاریان لەگەڵ شۆڕشە پێشکەوتوو خوازەکانی گەلاندا دەرکەوتووە ، ئەمە تێبینی‌یەکی سەرپێ‌یە دەربارەی ئاو هەوای سیاسی لە ئەورووپای رۆژئاواداو دەوری قوتابیان لە تەقانەوەی ئەو تەناقوزاتانەی کە ئەبنە هۆی روخاندنێکی گورجی حکومەتە ئیستیعماریکان ٠

بەڵام دەربارەی قوتابیانی عەرەب لە بەریتانیا کە ئەمانەوێت ئیستا شتێك باسی لێوە بکەین ٠٠ بزووتنەوەی قوتابیانی عەرەب پەیوەندی بە رووداوەکانی نیشتمانی عەرەبەوە هەیە ، هەروەك لە ساڵی رابووردوودا چەند گۆڕانێکی پر مەترسی لەناو بزووتنەوەی قوتابیانی عەرەبدا رووی‌دا کە بووە هۆی دروست بوونی چەند بەرەیەکی تر کە هەموو ئەو رووداوانەش پەیوەندیەکی بەتینیان هەیە بەو رووداوانەو کە لە ئەنجامی کێشەی نیشتمانی عەرەبەوە لە نێوان بەرەی پێشکەوتوو خوازی‌و دەستەی کۆنەپەرست‌و هەڵ‌پەرستەکاندا روو دەدات ٠ ناسینەوەی هەر یەك لەم بەرانە بەو ئیمانەیە کە ئیشی پێ‌دەکەن نەك بەو شیعارانەی بەرزی دەکەنەوە ٠٠ ئەوەی شایانی باسکردنە ئەوەیە کە مەسەلەی فەلەستینی هەرە گرنگترین مەسەلەیە کە قوتابیانی عەرەب لە ئەورووپا پێوەی خەریکن ٠٠ وە منیش لە ئیمانێکی پتەوەمەوەو لەو باوەڕە تەواوەمەوە کە هەمە بە عەدالەتی شۆڕشی فەلەستین ، لە نەدوە کانەدا پشت‌گیریم کردووە ٠

بەڵام ئەوەی جێگای داخە سەرنەکەوتنی گۆنگرەکە بوو کە ئێمە چووبووین بۆ بەشدار بوون تیایدا ٠٠ ئەویش بە هۆی ئەو دوو بەرەکی‌یەوە کە کەوتنە ناو قوتابیانی عەرەبەوە ئەویش هەر لە ئەنجامی کێشەکەی نیشتمانی عەرەبیدا بوو ،

هاوکاری ئایا یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق هەتا چ رادەیەك لە لای یەکێتی قوتابیانی جیهانی « ئای ٠ یوو ٠ ئێس » ناسراوە ؟

وەرام بزووتنەوەی قوتابیی کوردستان بەشێکە لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کورد ، بەڵکو بەشێکە ناتوانرێت جیابکرێتەوە لە بزووتنەوەی « کوردایەتی » ٠

هەموو گەلانی جیهان لەئەمرۆدا ناوبانگ‌و باسی بزووتنەوەی گەلەکەمانی بیستووە ٠٠ وە زوربەی ئەو یەکێتیانەی ئەندامن لە یەکێتی قوتابیانی جیهانیدا

« یەکێتی قوتابیانی کوردستانی ـ عیراق»ی خەباتگێر ئەناسێت ٠ وە ئەوەی ئەرکی پیرۆزی دەرخستنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی خستۆتە ئەستۆ و پروپاگاندەی بۆ ئەکات لەناو بزووتنەوەی قوتابیانی جیهانیدا کۆمەڵی قوتابیانی کوردە لە ئەورووپا وە ئەوەی پێویستە باسکرێت ئەوەیە کە لەمەو پێش یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەناو خۆدا پەنگی خواردبۆوە بەبێ ئەوەی پەل راکێشی بۆ دەرەوە ٠٠ بێ‌گومان ئەمەش کاریکی راست نی‌یە وە ئەبێ لەمەودوا ئەو هەڵەیە چاك بکەین‌و لە دەرەوەی وڵاتیش یەکێتیەکەمان بە قوتابیانی جیهان بناسێنین‌و ئامانجەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان‌و پەیوەندی یەکێتی بە قوتابیانی کوردستانەوە یان بۆ روون بکەینەوە ٠٠٠٠ بۆ ئەم کارەش دوو برا دەرمان لە ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت داناوە لەم کارەیاندا کۆمەڵی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا یارمەتیان ئەدەن ٠

وە پرسیارێکی تری هاوکاری ئەوە بوو ٠٠٠ ماوەیەك لەمەوبەر لە ناو قوتابیاندا بڵاوبوو کە هەندێ گیروگرفتیان لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی نیشتمانیدا هەیە !! ئایا ئەمە هەتا چ رادەیەك راستە ؟

وەرامی ئەم پرسیارە کاك فەرهاد عەونی سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستانی ـ عیراق دایەوە ٠٠

لە وەرامەکەیدا ووتی ٠٠ یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لەپاش ١١ی ئاذاروە هەموو توانای خۆی تەرخان کردووە بۆ چەسپاندنی رێکەوتنەوەکەی ١١ی ئاذارو هێنانەدی تەواوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ٠

بەندی پێنجەمی رێکەوتنەوەکەی ١١ی ئادار ئێمەو یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراقی کۆکردۆتەوە ٠ وە هەر وەك هەموولایەك شارەزایە ئیشکردن لەسەر ئەم شێوەیە بە بێ گیروگرفت نابێ بەڵام گرنگ گەیشتنە بەو ئامانجانەی کە قوتابیانی کوردستان خەباتیان لەپێناویا کردووە ٠ وە لە پێش بەستنی کۆنگرەی هەشتەمی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق برادەرانی مەکتەبی سکرتاریەت لەگەڵ برایانی مەکتەبی تەنفیزی دانیشتن وە لەلایەن ئێمەوە چەند پێشنیارێکمان پێشکەش‌کرد ، لەپێشا ئەوان بەکەمی ساردی‌یەوە هاتنە پێشەوە ، بەڵام نەهاتنە خوارەوەو بەردەوام بوونمان لەو شتانەی کە پێشنیارمان کردبوون بووە هەوێنی پەسند کردنی داخوازیکانمان ، وە ئێمە ئەوشتانەشمان بۆ هەموو ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان روون کردۆتەوە وە هیچ کاتێ کەم تەرخەمی ناکەین



کاك فەرهاد عونی

لە پێناوی ئامانجە راستەقینەکانی هەموو قوتابیانی کوردستان ٠٠

هاوکاری: مەوفقی ئیشکردنی ئەمرۆتان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق چۆنە ؟

لەوەرامی ئەم پرسیارەدا کاك فەرهاد عەونی ئەڵێت : بە شێوەیەکی گشتی مەوقفی ئیشکردنی ئەمرۆمان تارادەیەك باشەو رۆشنایی لێ بەدی ئەکرێت ٠ وە ئێمە هەموو کاتێك هەوڵەدەین‌و هەوڵمان داوە لەگەڵ برایانی یەکێتی نیشتمانی بۆ گرتنی چاکترین رێباز کە خزمەتی هەموو قوتابیانی عیراق بکات وە بوونی گیروگرفت مانای ئەوە نی‌یە کە سڵ بکەین یا سارد بینەوە لە تێکۆشان ٠

نضال الطلبة

العدد (١) ايار ١٩٧١

مجلة نضالية طلابية عامة تصدرها اللجنة الثقافية المركزية لاتحاد طلبة كردستان العراق

اتحاد طلبة كردستان ـ العراق

السعر (٥٠) فلس

هاوکاری : ئەوبیرو باوەڕە رۆشن بیریانە چین‌کە قوتابیانی کوردستانی عیراقی لەسەر پەروەردە دەکەن ؟

بۆ وەرامی ئەم پرسیارە کاك فاضل ملا محمود ئەندامی مەکتبی سکرتاریەت ووتی :

پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، ئەمەوێ بڵێم کە چالاکی رۆشن‌بیری لە یەکێتی‌دا تا ئەم بەینەی دوای زۆرکز بووە،وە ئێستا مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی خەریکی دانانی رێگەو شوێنە بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری سیاسی لە ناو ریزەکانی یەکێتی‌دا وە گەشە پێ‌کردنی ئاستی رۆشن بیریان ٠

ئینجا دەربارەی پرسیارەکەت



کاك یوسف قصاب

بەرەئی تایبەتی من ، ئەو بیروباوەڕە رۆشن‌بیریانەی کە ئەبێ قوتابیانی کوردستانی پێ پەروەردە بکەین ٠٠ ئەبێ بگونجێ لەگەڵ باری ئێستای بزووتنەوەی کوردایەتی ، وە لە خزمەتی پێشکەوتن‌و گەشە کردن‌و سەرخستنیابێ ٠

ئەو سەقافەتە کە ئەبێ قوتابیانی کوردستانی پێ پەروەردە بکرێ ، سەقافەتێکی نیشتمانی دیموکراتی‌و ، سەقافەتێکی دوژمن بە ئیمپریالیزم‌و دەرەبەگە ، کە دوژمنی بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی ئەم سەردەمەی کوردن ، ئەو سەقافەتە دوژمنی سەقافەتی کۆنی کۆنەپەرستانە ٠ کە سەقافەتێکی دەرەبەگایەتی‌و ئیمپریالیستی‌یە ٠ ئەبێ بەسەقافەتی شۆڕشگێرانە قوتابیانی کوردستان پەروەردە بکرێن ، بەسەقافەتی چینە شۆڕشگێرەکانی گەل ٠٠٠ کە هاوبەشی ئەکەن لە خەباتی رزگاری نیشتمانی دوژمن بە ئیمپریالیزم‌و دەرەبەگا ٠

ئەبێ چالاکی‌یە سەقافیەکانی یەکێتی ئامانجی ئەوە بێت ، جیلێکی نوێ لە قوتابیانی کوردستان پەروەردە بکات ، جیلێکی تێکۆشەرو قوربانی‌دەر، جیلێکی خاوەن‌بروا بە عەدالەتی مەسەلەی جەماهیری کورد ، جیلێکی وا کە گوێ‌کرابێ بە گیانی لەخۆبوردن‌و وازهێنان لە بەرژەوەندی تایبەتی ٠٠بەگیانی خزمەت کردنی گەل‌و بە تەنگەوە هاتنی ژیانی کۆمەڵانی خەڵك ٠ جیلێك لە قوتابی شۆڕشگێر ٠٠ کە خۆی بخاتە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکەوە وە بچێتە ناویانەوەو تێکەڵاوی ژیانیان بێت ، بیروباوەڕی شۆڕش‌گێرانەیان فێربکات‌و خۆیشی لە خەڵکەوە فێربێت ٠

چالاکی‌یە سەقافی‌یەکانی یەکێتی ئەبێ گیانی نیشتمان پەروەری لەقوتابیانی کوردستانا زیادکات‌و زیاتر بیان‌کێشێتە ریزەکانی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکەوە وە دووریان خاتەوە لە سەقافەتی کۆنەپەرستانەی کۆن، وە یان تەئسیری سەقافەتی بۆرجوازی رۆژئاوایی کە خۆی ئەنوێنی لە کۆمەڵی نوسین‌و فلیم‌و خوورەوشتی بورجوازیانەی دوور لەواقعی وڵاتی خۆمان کە تەنها مەبەست لە بڵاو کردنەوەیان لەناو لاوانی ئەم وڵاتانەدا ٠٠ خراپ کردنیانە وە دوور خستنەوەیانە لە کاروانی خەباتی گەلی خۆیان ٠

چالاکی‌یە سەقافی‌یەکانی یەکێتی ئەبێ ئامانجی ئەوەبێ کە بیروباوەری شۆڕشگێرانەوعیلمی‌فێری قوتابیانی‌کوردستان بکات ، وە شارەزایان بکات لە تاقی‌کردنەوەکانی شۆڕشەکانی رزگاری خوازانەی گەلانی‌تر ٠٠ تا ببێتە مەشخەڵی رێ‌رۆشن کەرەوە بۆ خەباتی گەلەکەمان ٠

دوا پرسیاری هاوکاری دەربارەی پێویستێکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە بوو ، وەرامی ئەم پرسیارە برادەر یوسف مەولود قصاب ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت دایەوە ، لەوەرامەکەیا وتی :

ئەو پێویستی یەکێتی‌یە دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی تایبەتی بە یەکێتی‌یەوەیە بۆ

بروانە : ل ٧



یەک ئایار لە کوردستاندا

خوێنەری بەرێز : بەهۆی دوواکەوتنی ئەو ریپورتاژانەی پەیام‌نێرەکانی هاوکاری نووسیویانە ، ناچارین بلاویان نەکەینەوە ٠

ئەم‌چەند وێنەیە لەسلیمانی‌وهەولێر گیراون پێشکەشتان ئەکەین هیوادارین لێمان ببورن ٠



کتێبی هاوکاری

سەرەتایەك لە فەلسەفەو رێبازەکانی

حمید عزیز

لە ژمارەی پێشودا چەندرایەکی جیاوازمان خستە پێش چاوو سەبارەت بە دەست نیشانی کردنی فەلسەفە بەتێکرایی‌و بەلای منەوە ئەورایانە ئەچوونەوە سەر دوو رێگا ، رێگایەکیان ئەیەوێ فەلسەفە لەراستی دوورخاتەوەو گومان لە توانای ئادەمیزاد ئەکات‌و داوای دووره پەرێز وەستان‌و خۆ بەدەستەوەدان‌ورازی بوون بە ئەمری واقع ئەکات وەکو لۆژیکەل پوسیتیفیزم‌و وجودیەکان‌و ئایدیالیزمی نوێ، هەر چەندەش لە رواڵەت‌دا جیاواز بن بەڵام لە حەقیقەت‌دا کۆرپەی بەنازو ئایدیولوژی چینێکی تایبەتین‌و دار دەستی تاقمێکە پاکانە بۆ رژێم‌و کردیاریان ئەکەن بەرامبەر هەلس‌و کەوتی‌چینێکی کە ٠٠٠٠ رێگای دوەمیشیان دیالیکتیکی مەتریالیزم بە ئاشکرایی پەردە لەسەر واقع لائەدات‌و داوای قوڵ لێ‌هەڵمالین‌و خەبات‌و کۆشش ئەکات بۆ گۆڕینی باری ئیستا بەرەو دوا رۆژێکی تر کەشیاو بێ بە ئادەمیزادی ئەم سەرزەمینە ئەو ئادەمیزادەی نهێنیەك نیە لەنیوان رابردویەکی تاریك‌و ئایندەیەکی نەزانراو بەڵکو مەبەستە ٠٠٠

لەو رۆژەوە ئادەمیزاد بووەوخۆی ناسی‌وە ئەوا خاوەنی ژیرو هۆش بوەو بەکاری هێناوەو ئەوشارستانیەتەی بە هۆیەوە ئافەریدە کردوە وەکو دروست‌ترین ئەنجامی بیرکردنەوەو هەوڵ‌و تەقەللا ٠

ژیان‌و گوزەران‌و سروشت‌و بوون لە هەموو سەردەمێکا جێگای‌سەرسامی بوەو پرسیاری لەبەر دەمدا دانراوەو مرۆڤ هەوڵی داوە لەگەڵیا وەڵامی ئەوپرسیارانەبداتەوەبە بەردەوامی:

دوور ناروین کەبڵێن مێژووی فەلسەفە بریتیە لە زنجیرەیەك تەقەڵای یەك لە دوای یەك بۆوەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە :

وە زۆر جار مەسەلەیەك ئەبینین‌کە ئیستا فەیلەسوفەکان‌خۆیانی پیوە خەریك ئەکەن رەگوریشەی ئەگەڕێتەوە سەر دەمی یۆنانی کون ، لەلایەکی کەوەئەو باس‌و خواسانەی بیری یۆنانی هەوڵی چارە سەرکردنی‌داوە خۆ ئەگەر نەشی توانیبی بە یەگجاری چاری بکات ئەواتەقەلایەکی کارامەی لەگەڵدا داوەو خەلکی کەی وریاکردۆتەوەو سەرنجی راکێشاون کە لەدوای ئەوان گرنگی پێ‌بدەن وەکو ئەصلی گەردون‌و جەوهەری‌و بزوتنەوەو گۆڕان‌وگیان‌و چارەنوسی مرۆڤ‌و چۆنیەتی پێك هاتنی کۆمەڵی ئادەمیزادو خێرو شرو دادو فضیلەو اصولی‌منطق‌و پەیوەندی ئادەمیزاد بەگیان لەبەرێکی سەرو سروشتەوەو لیرەدا دوورنیە بڵێن فەلسەفە بەتایبەتی فەلسەفەی کلاسیکی لە ئایین نزیکە ئەمە تارادەیەك راستە لەرووی‌بابەت‌و ناوەروکەوە بەڵام لەڕوی ئسلوب‌و مەنهەج‌و ئەنجامەوە لەیەکتری جیاوازن ،فەلسەفە پەنا ئەباتە بەر ئیستدلالی عەقلی‌و ئاینیش‌دەست‌بەدامێنی بڕواو ئیمان‌و وەحیەوە ئەگرێت‌و ئەنجامەکانی ئایین‌دوگماتین‌و نابێ بڵێی بۆ ؟ وپاداشت‌و سزای لەگەڵدایەو‌ئەنجامەکانی‌فەلسەفە بەکراوەیی ئەمێنێتەوە، دروستە تا ماوەیەك‌واتە تارایەکی کە دێتە کایەوە نادروستی دەسەلمێنی‌و فەلسەفەوەعدو وعیدی تێدانیەو زۆری لە هیچ کەسێك ناکات بۆ ئەوەی‌بروای پێ بێنن [ئەو وێنەیەی فەلسەفە ئەیدا بەدەستەوەوێنەیەکی عەقلی رووتەو ئایین تارادەیەکی زۆر لەداستان ئەچێ‌و روو لە سۆزو دەرون ئەکات سەبارەت بەهەمان مەسەلە](١)٠ فەلسەفە وەکو چالاکیەکی، لێ‌هاتوانەفەیلەسوف بەهۆیەوە هەوڵی رون کردنەوەی سەرشتی گەوردەن ئەدات‌لەگەڵ‌خۆ ناسن‌و پەیوەندیمان بەگەردونەوەو یاخود [فەلسەفە باس‌و لێکۆڵینەوەیەکی رێك‌و پێکە سەبارەت بە شارەزان بوون‌و زانین‌و شکاندنی تینویەتی مرۆڤ بۆ زیاتر زانین‌وشارەزابوون بە مەرجێ‌داهێنان‌و دۆزینەوەکانی زاناو ئەنجامەکانی مێژوو ناس‌و پێش بینی‌سیاسی‌و هونەرمەندەکان بگرێتەو خۆولەقەوارەی‌باسێکی داریژراو](٢) و رێك‌و پێك‌دا دابڕێژێت وەکە شێکی بلندو خۆ راگرو تاچی کردنەوەی خۆیایەتی لەبەر بکات ٠

ئەگەر چاو پۆشی لەهەندی‌جیاوازی نیەان فەیلەسوفەکان بکەین ئەوا فەلسەفە ئەکرێت بە پێنج بەشەوە :ـ

- ● میتافزیقا ٠
- ● ئیپستمولوژیا ٠
- ● لۆژیك (منطق) ٠
- ● اخلاق ٠
- ● ئستاتیك ٠

وە هەندێکی کە سوفیزم بە بەشێك لە فەلسەفەی کلاسیکی دائەنین ٠

١ ـ الدكتور كريم متي : الفلسفة اليونانية في عصورها الاولى ص ١٢٥ ٠

٢ ـ هنتر ميد : الفلسفة انواعها ومشكلاتها ص ٢٣ ٠

فەرهەنگی سیاسی

کوسموپولیتزم

تیوریکی کۆنە پەرستانەی بورژوازیەکانە داوای لەناو بردنی گیانی نشتمان پەروەری‌و کەلچەرو خوو رەوشت‌و نەریتی نشتمانی ئەکات لە ژێر پەردەی یەکێتی مرۆڤایەتی‌دا ٠

کوسموپولیتزم ئایدیولۆژیەکە رازو نیازە چڵێسەکانی ئیمپریالیزمەکان دەر ئەبرێ بۆ دەست گرتن بە سەر جیهاندا٠

کوسموپولیتزم داوای فەرمان رەوایەتی جیهان ئەکات‌و ئەیەوێ بەر پەرچی خەباتی گەلان بکات‌و تەگەرە بخاتە رێگایان لە هەوڵدا بۆ وەدی هێنانی سەربەخۆیی نشتمانی‌و پاراستنی دەسەڵاتی نشتمان ٠

حزبە سوسیالیزم‌و شۆڕش‌گێریەکان کاتێ ئەتوانن بەرەنگاری بیرو رای کوسموپولیتی ببن بە تێ‌کوشان لە پێناو سەربەخۆیی‌و دەسەڵاتی نشتمانی‌و بڵاو کردنەوەی بیرو باوەڕی خەباتی هاوبەشی نیوان گەلان دژ دوژمنی هاوبەش، ئیمپریالیزم‌و سەرمایەدار لە پێناو پێشکەوتن‌و ئاشتی لە سەرانسەری جیهاندا ٠

جیاوازیەکی زۆر لە نیوان کوسموپولیتزم‌و ئینتەرناسیونالیزم [الاممیە]دا هەیە یەکەمیان داوای لەناو بردن‌و پێشێل کردنی هەموو شتێکی خۆ وولاتی ئەکات بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی بێگانە لە هەموو رویەکی سیاسی‌و رەوشنبیری ، دوەمیان سورە لەسەر برایەتی گەلان‌و خەباتی هاوبەشیان‌و هاریکاری‌و یەکتر ناسین‌و سوود وەرگرتن لەتاقی کردنەوەکانی یەکتری لەرەوتی رزگاری‌و پەرەسەندن‌و پێشکەوتن‌دا ئەمانەش بەتێکرایی لەگەڵ هەوڵ لە پێناو سەربەخۆیی‌و گەشە پێدانی لایەنە روناکەکانی نەتەوەو بەرگری کردن لە نمونەی باڵای‌دا ئەگونجێن ٠

وەرگێر : ح٠ع

ئەدەب و ژیان

هەوالی ئەدەب

● نووسەری کورد .
ژمارە ـ ٢ ـ ی گۆڤاری (نووسەری کورد) لە جوانترین بەرگ و بە سوودترین ناوەڕۆکدا کەوتە بازاڕەوە .

● رۆژی کوردستان .
ژمارە ـ ١ی گوڤاری (رۆژی کوردستان) کە کۆمەڵی رۆشنبیرانی کورد دەری ئەکات بەم زوانە بڵاو ئەبێتەوە .

● دەفتەری کوردەواری .
بەم زوانە ژمارە ـ ٤ ـ ی (دەفتەری کوردەواری) بڵاو ئەبێتەوە .

یەکێتی نووسەرانی کورد لە شاری سلیمانی کۆرێکی ئەدەبیان گێرا دەربارەی هونەری چیرۆك لەرۆژی چوارشەمە رێکەوتی ٥/١٣ لە قوتابخانەی (تطبیقات) . وە دە چیرۆك پێشکەش کرابوو لەوانە سیانیان هەڵبژیرابوو بۆ خۆیندنەرە .. جەماوەرێکی زۆر لە ئەدیب و نووسەرو رۆشنبیری کوردو خوشکانی ئەدەب پەروەر بەشداری ئەم کۆرەیان کرد .

١ ـ پەتیارە ـ نووسینی . محرم محمد أمین ـ رەخنەگر . (ع.ع شەونم) لەگەڵ دوانێك دەربارەی هونەری رەخنە .

٢ ـ نامەکانی پرشنگ ـ نووسینی . مصطفی صالح کریم ـ رەخنەگر . محمد صالح سعید .

٣ ـ چەپکی گوڵ و چەپکی یاد ـ نووسینی . ماموستا عبدالکریم محمود ـ رەخنەگر . محمد نوری توفیق .

یادی «کانی» نەمر

یەکێتی نووسەرانی کورد ـ هەولێر ، بەبۆنەی یادی چواردەهەمی کوچی دووایی شاعیری هەولێر (کانی ـ عبدالجبار دوغرەمچی) کوڕێکی تایبەتی لە رۆژی ١٢ـ٥ـ١٩٧١ لە هۆلی کتێبخانەی گشتی بەست .

تاقمێکی زۆر لە رۆشنبیرانی ئەدەب دوست لەگەڵ بنەماڵەی شاعیر ئامادەبوون ، لەم کۆڕەدا مامۆستا (مەدحەت بێخەو) باسی مێژوی ژیانی شاعیرو شعرەکانی پێشکەش کرد ، وە بەرێز قاضی هەولێر مامۆستا (محمد رشاد مفتی) کە خوارزای شاعیرە هاوبەشی کرد بەچەند پارچە هەلبەستێکی جوان ، وە کاك (ممتاز حیدری) کورەکەی هەڵئەسوراند ، ئەمە بنەماڵەی شاعیر ووتارێکیان پێش کەش کردو ولامی هەندێ پرسیاریان دایەوە .

بیروباوەڕی کۆنەپەرستی یاخود نوێ پەرستی ؟

نووسینی : جەمال شاڵی

مەبەستم لەکۆنەپەرستی ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕو ئاکارو خواستانەیە کەوا رێگای پێش کەوتنی مرۆڤایەتی وە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەگرن وەلە ئەنجامدا ئەبنە کۆسپ لە بەردەمی پێشکەوتنداو زیان لە نوێ ئەدەن، چونکە کۆنەپەرستی ئەیەوێت ژیانی مرۆڤ لە توێ ـ یەکدا بمێنێتەوە وە هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی لێوە پەیدانەبێت وە تەنانەت وەك ئاوی گۆمێك راوەستاو بێت بە هیچ کلۆجێك گۆڕاندنو تازە بوونەوەی تیا روو نەدات .

مەبەستی کۆنەپەرست ئەوەیە مرۆڤ هەروەکو چۆن لە یەکەم قۆناغدا یەتە جیهانەوە لە داڕێژگەیەکدا بەسەر سوڕماری و حەپەساوی تەمەنی بەرێتە سەر ، بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك بەسەریا تێپەڕێت وەیا قاڵ بێت لە رووە گەشەکانی کۆمەڵایەتی ، وە لە دوارۆژیشدادوای مردن بە هەمان دەستوور بنێژرێت بە بێ ئەوەی هیچ قازانج و سوودو چاکەیەکی بەخشی بێ بە کۆمەڵەکەی وە یاتاڵی و تفتی رۆژگار تۆزقاڵێك کاری کردبێتە سەر رەوشتی . بەڵام ئاشکرایە کەوا نوێ ئەو رەووشتە پەسند ناکات چونکە «کۆن و نوێ هەمیشە لەگەڵ یەکتریدا لە بەربەرەکانێدان وەلە ئەنجامیشدا سەرکەوتن هەر بۆ نوێ ئەبێ» .

چونکە ئەگەر ئەو دژایەتی یە نەبوایە ئەوا مرۆڤایەتی لە توێکڵێکدا ئەمایەوەو لە قاوغی دواکەوتندا پەلەقاژێی ئەکرد وە بە واتەیەکی تر مرۆڤ لە پێش مێژووەوە وە لە دەوری بەرددا وە تاکو ئێستاش هەروەکو خۆی ئەمایەوە هیچ پێشکەوتنێك رووی نەئەداو شارستانێتیش هەر ناوی نەئەبو ، وە بە شێوەیەکی تر ئەتوانین بڵێین ئەبوایە مرۆڤ تاکو ئیستاش بە پارچە پێستی ئاژاڵ بەردەمی داپۆشیایەو تەمەنی درێژی مرۆڤایەتی لەناو ئەشکەوت و جەنگەڵدا بوایە .

بەڵام بێ گومان دژایەتی (کۆن و نوێ) وە بەیەکادانیان بۆتە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤایەتی ، هەرچەندە ئەو پێش کەوتنەش کارێکی ئاسان و روداوێکی کوت و پڕی نەبووبێ چونکە هەروەکو ووتمان هەرچی کۆن هەیە ئەوەی گەرەکە کە لە قاوغی خۆیدا بەسەر سوڕماوی سەری خۆی کز راگرێ و ملی درێژ نەکات بۆ دەرەوە نەك تیشکی رۆژی بەر بکەوێت چونکە وەکو شەمشەمەکوێرە وایە لە رووناکی و قەڵەباڵغی و جم و جۆڵ ئەترسێ ، بەڵام هەرچی نوێیە رەوشتی بە پێچەوانەوەیەوە بە خۆی و دەستگایەوە لە خەباتان لە دژی کۆن و هێزە کۆنە . پەرستەکان تاکو بە سەریا سەر ئەکەوێ و لە ئەنجامدا مرۆڤایەتی لە هەموو کاتێکدا هەنگاو هەنگاو بەرەو پێش ئەکەوێتە رێگا .

چاکتر وایە مەبەستەکەمان رونتر بکەینەوە ، کۆنەپەرست ئەو کەسەیە کە حەز بەو ئاکارو خووە ناپەسندانە ئەکات کە رێگای لە پێشکەوتنی کۆمەڵ گرتووە یارمەتی دواکەوتن ئەدات واتە بەوە قایل نییە کە گۆڕان بەسەر ژیانی ئادەمیزدا روو بدات و شارستانێتی پێ دروست بێت و گەشەی پێ بدرێت ، واتە کۆنەپەرستان بەرامبەر کۆمەڵ نەك تەنیا هەر زیانیان هەیە بەڵکو هەوڵ ئەدەن مرۆڤایەتیش بۆ دواوە بگرێتەوەو بە ناخی زەویدا بڕوات ، ئەگینا ئەو پاشماوە دێرێنانەی کە برێتین لەکەلەپوری نەتەوایەتی وە بە گشتی سامانی مرۆڤایەتی پێك ئەهێنن وەکو

بڕوانە : ل ٦

باوەڕی ئاوا بوو

ـ ناسراو ـ

خۆری باوەڕی من سەرەتایە
کەللەم پڕ گڕو بڵێسەی نوێیە
بە ژانی تووڕەم بیرت کۆتایە
یاخی بوونەکەم وتەی بەجێیە

⊙ ⊙ ○

ویستم هەزاران وشەی سەر بڕاو
بکەم بە یەخەی پەیکەری ژینا
بەڵام باوەڕی ئێوەی دوابڕاو
وەك دڕك چەقی بە سۆزی بینا ـ

⊙ ⊙ ○

ئەی بێ سێبەری «باوەڕ ئاوابوو» !
بەردی بن گۆمی لەهیچ نەگەیشتوو
نیازی چەپەڵت هەر ئەوسا وابوو
خۆرو مانگ هەردوو ژێر دەستی تۆ بوو ..!

⊙ ⊙ ○

ئێستا وا دێڕی پڕ لە یاخی بووم
لەگەڵ تریفەی ئاسۆی «روانگە»
نوێخوازە بۆیە ئاوا ناخی بووم
باڵ ئەگرن ، ئەفڕن، بۆ ناو ئەو مانگە

⊙ ⊙ ○

کەچی هەر بیری لێخنی ئێوە
زۆر بە گومانە لەهۆنراوەکەم
لە کەلی سەختی رەشی ئەو کێوە
وەرنە خوارێ بۆ دەم سەرچاوەکەم

گفت و گۆیەك لەگەڵ د. حیاة شرارة ـ دا

لەئامادەکردنی محمود زامدار



لەم دوایی یەدا کتێبی (تۆلستۆی بە هونەرمەندی) کەوتە بازارەوە لەنووسینی دۆستی کورد مامۆستای پێشکەوتنخواز دوکتۆر (حیاة شرارة) کە یەکێکە لەوانەی باوەرنامەی دوکتۆرایان وەرگرتوە لە زانستگای مۆسکۆ دەربارەی ئەدەبیاتی رووسی وئێستا مامۆستای بەشە رووسی یەکەی کوڵێجی ئادابی بەغدایە . ئەوەی شایانی باس و سەرنجە ئەم کتێبە برێتی یە لە شی کردنەوەیەکی ووردو قووڵی بەرهەمی تۆلستۆی مەزن لە بارەی شێوازو دەرهینانی هونەری کە بە ـ تایبەتی ـ لە رۆمانەکانیدا خۆی ئەنوێنێ . سەرچاوەکانی ئەم کتێبە یەجگار فراوانە بە جۆرێك کە دەیەها سەرچاوەی رووسی وئینگلیزی و ئەمریکی کردوە بە بەڵگەو نیشان بۆ ئەم باسەی کەبوە بە مایەی ئەم لێکۆڵینەوە ئەدەبی یە تێروتەسەڵ و تازەیە . هەر بەم بۆنەیەوەش ئەم گفت و گۆیەمان لەگەڵ ئەم مامۆستا شارەزایەدا رێك خست دەربارەی هەندێ پرسیاری ئەدەبی ... ئەمەش پوختەی وەڵامەکانی دوکتۆر (شرارە) یە ... سوپاس ...

پرس : مۆرکی تێکرایی ئەدەبیاتی رووسی هاوچاخ چۆن دەس نیشان ئەکرێت ؟

وەڵام :

لەدوای شۆڕشی ئۆکتوبەری سوسیالیستی ، ئەدەب ناوێکی تری بەخۆیەوە گرت ، ئەویش (ئەدەبیاتی سۆڤیەت) لەباتی ئەدەبی رووسی ، لەبەر رۆشنایی ئەو کونج و پێودانگەی کە ئەم ئەدەبە وئەم نازناوە ئەدەبیاتی هەموو گەل و نەتەوەیەك ئەگرێتەوە کە لەچوارچێوەی خاکی یەکیەتی شورەوی دا ئەژین . ئەمرۆکە ئەدەبی سوسیالیستی نوێ زۆر جیاوازە لەو ئەدەبەی کە لە چاخی نۆزدەهەمدا برەوی سەند بوو ـ ئەدەبی ئەمرۆ لە ریالیزمیەتی سوسیالیستەوە لەمەودای گەشە کردن و بۆ پێشەوە چوونی شۆڕشگیرانە ئەدوێت ورووی گەش و بەردەوامی کۆمەڵگەی سۆڤیەت وەدەرئەخا ، لە کونجەکانی ژیانی ئابووری و پێشکەوتنی وولات لە رووی پیشەسازی و کشتوکاڵەوە .

پرسیار : ئایا ئەو رێبازە ئەدەبی یانەی کە لە ئەدەبیاتی رووسی دا ـ هەر لەکۆنەوە تا ئەمرۆ ـ دەرکەوتوون چین و کامەیان ئێستا لەمەیدانی خزمەتی مرۆڤا بەردەوامە ؟

وەڵام :

تا ساڵی ١٩٣٤ یش زۆرەها رێبازی ئەدەبی هەر لەبرەو دابوو ، کەچی لەو کاتەی کە کۆنگرەی یەکەمی (یەکیەتی نووسەرانی سۆڤیەت) گیرا ، لەپاش لابردنی (کۆمەڵی نووسەرانی رووس) ئەو کۆنگرەیەی کە مەکسیم گۆرکی سەرکردایەتی ئەکردو لەپاشا نووسەرە حیزبیەکان دەستیان بەسەر سەرکردایەتی ئەم یەکیەتی یە تازەیە گرت ، هەوڵێکی زۆر درا بۆ یەکگرتنی سەرجەمی نووسەرانی میللەتانی سۆڤیەت لە ژێر ئاڵای ئەم یەکیەتی یە نوێیە . هەر لەو کاتەوە ئەم کۆنگرەیە مەفهوومی (ریالیزمی سوسیالیستی) بە رێبازو پەیرەوێك دانا بۆ گشت نووسەرێکی پێشکەوتنخواز .

پرسیار ـ هۆی دانانی کتێبی (تۆلستۆی بەهونەرمەندی) چی بوو وبە چ شێوەیەك توانای ئەم ئەدیبە هونەرمەندە دەس نیشان ئەکرێت لە کەڵێنی ئەو سامانە ئەدەبی یە بەنرخەی کە بۆ ئێمەی بەجێ هێشتوە ؟

وەڵام :

ئەوەی کە پاڵی پێوەنام بۆ دانانی ئەم کتێبە ، کەم دەرامەتی کتێبخانەی عەرەبی بوو بۆ ئەم چەشنە لێکۆڵینەوە تێکرایی یەی کە بەندە بەدواگەڕان و هەزم کردن و وەرگرتنی بەرهەمەکانی ئەدیبە بێگانەکان و ئەو شتانەی لەبارەیانەوە نووسرابێت دیارە تۆلستۆی نووسەریش لەو داهێنەرانەیە کە جێگەیەکی دیارکراوی تاقانەی هەیە لە ئەدەبیاتی جیهانی دا . تا ئێستاش چ لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی ئەم کابرایە نەکراوە کەگشت لایەك و کونج و کەڵێنی بەرهەم و دانان و یادداشت و لێکۆڵینەوەکان بگرێتەوە کە تا ئەمرۆ بۆ ئەم نووسەرە مەزنە نووسراوە .

پرسیار : هەر بەم بۆنەیەوە .. ئەو هەڵوێستە هۆشمەندو قووڵە چۆن دەس نیشان ئەکەن بەرامبەر کەلەپووری رەسەن و سامانی نەتەوایەتی ؟

وەڵام :

بەلامەوە هیچ نووسەرو هونەرمەندو رەخنەگرێك ناتوانێت شتی تازەبابەت دا بهێنێ لە مەیدانی پسپۆریەتی خۆیدا ئەگەر هات و بەتەواوی خووی نەدایەسامانی نەتەوایەتی وبەباشی هەزمی نەکردو لێی ووردنەبوەوە .. ئەو سامانەی کە پڕاوپڕی بەهای فیکری و هونەری یە بە پیت و پێزە ، تا بۆی بلوێت بیکات بە پاڵپشت و سەرمەشقیکی داهێنەرانە بۆ خۆی و بۆ رۆشنبیری یە هاوچاخەکەی لەپێناو گەشەکردنی کارو بەرهەمە ئەدەبی یەکانی .. بەرای منەوە مەسەلەی (داهێنان) لەسەر بۆشایی و بێ پێخۆرو پاڵیشت نایەتە کایەوە .. بەڵکو لەنێوان ئەو کەلەپوورو سامانی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی یەی کە نەوەکانی پێشوو بەمیرات بۆیان بەجێ هێشتووین سەر هەڵئەدات . هەر ئەدیب و بەرهەمێکیش ئەم رێبازە نەگرێتە بەر لە ئاخرو ـ ئوخرا مایەپووچ و دەس بەتاڵ و بەقەڵاشی ئەمێنێتەوە ..!؟

پرسیار : بەنرخە ... باشە ئەی هەڵوێستی رێبازگەی

بڕوانە : ل ٧

بڵ بار

ئەنتۆن چیخۆف

ئاخمیلۆف کە معاونێکی پۆلیسی بە شان و باهۆ بوو پاڵتۆ قاوەیی یە تازەکەی بە دەستەوە گرتبوو وە بە هەنگاوی زل و فراوان ناو بازاڕی ئەپێوا ، لە پشتێوە چاوەشێکی سوورفل سەبەتەیەك توترکی هەڵگرتبوو کە دیار بوو بە قاچاغی گیرابوو . دەورووپشت هەموو هێمن بوو ، لەرەیەك لەو ناوەوە نە ئەهاتە بەر گوێ ، دەرگای دووکانە بچکۆلەکان ئەیروانی یەقاپی یەزدان وەك دەمی برسی هەژارەکان، لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە تاکەسواڵکەرێکیش لەو ناوەدا نە ئەبینرا . کە چی لە پڕ دەنگێکی سەیر هاتە بەر گوێی ئاخمیلۆف کە گوێی بۆ شل کرد ئەی وت : (ئابەم جۆرە گازم لێ ئەگریت ، بە راستی بێ حورمەتی ، بە قوربانتان بم مناڵەکان مەهێڵن دەرچێ ، گازکردن ئەمرۆ باوی نەماوە ، خێراکەن بیگرن .) هەر لەگەڵ ئەمەشا قوروسکەی سەگێك هاتە بەر گوێی . کە ئاخمیلۆف سەیری کرد بینی سەگێك بە پەلە ئەیەوێت دەربازبێت ، وەك دەرکەوت قاچێکی شکابوو پیاوێکیش بە خێرایی شوێنی کەوتبوو ، دوگمەی پاڵتۆکانی کرابۆوە وە هەموو لەشی لەتاوا هاتبووە پێشەوە ، سەگەکەی گرتەوەو بە قاچ رای کێشا ، دیسان سەگەکە زریك و هوڕی لێ هەڵساوە کابرا کەوتەوە هاوار مەهێڵن بڕوا گازی لێ گرتووم ، ئەم راونان و هەراهەرایە بوو بە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لەو ناوەدا کۆببنەوە ، وەك لە بن عەرزەوە هەڵقوڵابن بۆ ئەوەی بزانن مەسەلە چی یە ! چاوەشە سوورفلەکەرووی کردە معاونەکەو وتی : قوربان ئەلێی هەرایەکی جەماهیری یە ئەترسم خۆپیشان دان بێت ! ئاخمیلۆفیش خێرا هەرچی گورج و گۆڵی موچەخۆرێکی میری هەیە لەبەری کردوو بە شڵەزاویەکەوە خۆی خزاند بەرەو قەڵەباڵغی یەکە کە تەماشای کرد کابرایەکی پەشۆکاو پەنجەیەکی بریندارە هەڵبریوە پیشانی خەڵکەکەی ئەدا ، وە بە وڕێنەیەکی سەر خۆشیشەوە ئەڵێت : هەر ئەبێ تۆڵەی خۆم بکەمەوە ، نایەڵم ئەم سەگە چوختی یە بێ عارە رزگاری بێت . ئاخمیلۆف سەیرێکی کابرای کردوو وتی : پێم ناڵێت ئەم هەراهەرایەت لە چی یە ، پەنجەت بۆ وا بەرز کردۆتەوە ؟ بۆ چی ئەقیژێنێت؟ کابرای پەشۆکاو وتی : قوربان بە بازارەکەدا ئەسووڕامەوە بۆ ئیشێ کە ئەبوو بەپەلە جێ بەجێم بکردایە کە چی ئەم سەگە چوختی یە بە ناحەق پەلاماری دام و پەنجەی گەزیم ، قوربان من ئاسنگەرم، وە هەمیشە پێویستم بە دەستم هەیە ، رەنگە تا هەفتەیەکی کە نەتوانم ئیش بکەم ، مەعلومی جەنابیشتان هەیە کە میری ئەبێت سەگی خوێڕی لەناو بەرێ بە تایبەتی ئەو سەگانەی کە لە خۆیانەوە گاز ئەگرن .

ئاخمیلۆف بە گورجی یەکەوە دووسێ کۆکەی کردوو وتی : باشە ، باشە فێریان ئەکەم ، ئادەی بزانن ئەمە سەگی کێ یە بۆچی بەرەلای کردوە لەم ناوە ؟ وەختی ئەوە هاتووە کە ئەو کەسانەی پەیرەوی ئەشکێنن بە توندی سزا بدرێن ، خاوەنی ئەم سەگە ئەبێ سزا بدرێت ، وا دیارە لەو وایە حکومەت نی یە !!.. ئەنجا رووی کردە ئەڵدرینی چاوەش و وتی :ـ

ئەڵدرین : برۆ بە خێرایی بزانە ئەم سەگە هی کێ یە تەقریرێك بنووسە ، هەر پاش ئەوەش بیگرەو لە ناوی بەرە. کێ چوزانێت لەوانەیە ئەم سەگە هاربێت ..

لە پڕ لە ناوەندنی ئەو خەڵکەوە دەنگێك بەرزبۆوە وتی :ـ

ـ بە خوا وابزانم ئەمە سەگی جەنەراڵ ژیگالۆفە !.

ـ سەگی جەنەراڵ ژیگالۆف؟ ئەڵدرین پاڵتۆکەم لەبەر کەرەوە ئای دنیا چەند گەرمە ، ئەترسم لە پڕ ببێت بە باران ، ئەمجا رووی کردە کابرای پەشۆکاوو وتی : بە راستی تێگەم ئەم سەگە بەسزمانە لە خۆیەوە پەنجەی تۆ بۆ ئەگەزێ ؟

خۆ زەمبەلەك نی یە بگاتە پەنجەت ، یا باڵی گرتبوو ، ساختە باز ؟

سەگێکی ئاوا خنجیلە تۆش بەم قەڵافەتەوە سکاڵای لەدەست ئەکەی.. مردوت مرێ بە قەدەر ورچێك ئەبیت ، شەرم ناکەی ؟ دیارە بە بزمارێك یا بە تەڵەزمێ پەنجەی خۆت بریندار کردووە وە خستووتە بیری خۆتەوە کە بیکەیت بە بیانوویەك بۆ پارە پەیا کردن .. ئەمم ... ئەتان ناسم لە شەیتان خراپترن . بەڵام باش بزانە ساختەی وا بەسەر مندا ناروات تێ گەیشتی؟

ـ قوربان، وەڵلا ئەوەی راستی بێت جگەرەیەکی داگیرساوی برد بۆ لووتی سەگەکەوە بۆ گاڵتە ئەی ویست بی سووتێنێ بۆیە پەلاماری داو بەو جۆرە پەنجەی گەست ، ئەم کابرایە زۆر بەدکردارە هەمیشە بە شوێن کردەوەی خراپەوەیە قوربان . خیرۆکین هەموو لەشی هاتە لەرزین ..

ـ ئەم درۆیە چی یە نارەسەن؟ جارێ کەی کەس لەم ناوەدابوو کە من ئەمەم بەسەرداهات .. تۆ بەدوو چاوی خۆت بینیت ؟ بەڵام جەنابی معاون عاقڵە ئەزانێ درۆ چی یەو راستی چی یە ، بەتایبەتی ئێستاکە خەڵکی هەموو چون یەکن کەس حەقی دەست درێژی نی یە .. ئەوەش بزانە من برایەکم پۆلیسە ! وە لەکەس ناترسم.. جەنابی معاون ئەگەر درۆبکەم خوا بمگرێ .

ـ بیبڕەوە بەسە .

چاوەشە سوورفلەکە پاش بیرکردنەوەیەك بەهێمنی یەکەوە وتی :ـ

ـ نەخێر ئەمە سەگی جەنەراڵ نی یە ، من بزانم جەنەراڵ حەز لەم جۆرە سەگانە ناکات :

ئاخمیلۆف سەیرێکی کردو وتی :ـ

ـ لێت مەعلومە ؟

ـ بە تەواوی جەنابی معاون.

ـ منیش لەو بڕوایەدام .. جەنەراڵ سەگەکانی زۆر گرانن وە رەسەنن ، ئەم سەگە خوێری یە پیسە لەسەگی ئەو ناکات ، تۆ سەیری پشتی کە ئەلێی گەڕبووە ، خۆ سەگی وا ئەگەر لە مۆسکۆو پتروس بورگ ببینرێت یەکسەر بێ سێ و دوو لە ناوی ئەبەن تەنیا قانوونیش نا خوێننەوە .

ئینجا سەیرێکی کابرای ئاسنگەری کردو وتی :

ـ بەراستی زوڵمت لێ کراوە ... راوەستە ، ئێستا خاوەنەکەی ئەدۆزینەوەو سزای ئەدەین .

ـ بە خوا لەوانەشە سەگی جەنەراڵ بێت ، پیاو بەسەیر کردنێك ناتوانێ بگاتە ئەنجامێك جەنەراڵ ئەمەندە تولەو تانجی هەیە کە لە ژمارە نایەن بەڵکو ئەمەش یەکێ بێ لەوانە ئێمە نەزانین .

ـ مەعلوم ئەمە سەگی جەنەراڵە .

دەنگی لەقەلەباڵغێکەوە وتی:

ـ ئیلدرین . پاڵتۆکەم لەبەرکەرەوە وا دیارە ئەم بایە سارده تووش نەخۆشی کردم ، ئەلێ لە رزم لێ هاتووە ، باشتریش وایە برۆ برۆ بۆ ماڵی جەنەراڵ و بزانە ئایا ئەمە سەگی ئەوانە ؟ تکاشیان لێ بکە جارێکی کە نەهێڵن بێتە دەرەوە چونکە ئادەمیزادی وا هەیە لە سەگ خوێری ترە ! جا ئەمە هەریەکە بۆ گاڵتەو گەپی خۆی جگەرەیە بگرێ بەدەستەوەو لووتی سەگەکانی جەنەراڵ بسووتێنی ، هەش بەسەرم چیم بەسەر دێ !؟ ئەم سەگە زۆر خنجیلەو ناسکە گاڵتەی وای لەگەڵا ناکرێ ئەنجا رووی کردە ئاسنگەرەکەو وتی :

ـ پەنجەت دانەوێنە گاجووت بەس پەنجەت پیشانی ئەم عاڵەمە بە ئەلێێت لە غەزادا شەهید بوویت ، وا شانازی بەم پەنجە بریندارەوە ئەکەیت.

لە پڕ سەرکاری جەنەراڵ بەو ناوەدا تێپەڕی ، ئاخمیلۆف وتی :ـ

بەخوا شتێکی باش بوو ، بانگی کردە سەرکارەکەو، خێرا لێی پرسی ئەری پێمان نالێی

بڕوانە : ل ٦

institut kurde de paris

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەربەرەچی کۆنەپەرستان ئەداتەوە

ئەو دوانو لێکوڵینەوانەی لەمدوایەدا سەبارەت «مەسەلەی ئافرەتو سەربەستی ئافرەت لە ئیش کردنو تێکەڵاو بونی بەکۆمەڵ بەو ناوەی نیوەی کۆمەڵە» ئەم دوانو لێکوڵینەوانە بەجۆری تەشەنەی کردوە ، کە کونەپەرستەکان کردویانەتە بیانو بۆ ئەوەی مەبەستی کونەپەرستی خۆیان لەم ڕێگایەوە دەرخەنو بەڵکو ئەمەدەرفەتێ بێ بو ژیانەوەیان ...

جا لەم ناوەدا ... خاوەن پینوسە نەترسەکان مەردانەهاتنە دەست بەڕووی ئەوانەی ئەیانەوێ هەموو شێوەیەکی پێش کەوتنی ڕوشنبیری و بەرەو ژیانەوەی تواناو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پێشیل بکەن .

بۆ ئەم مەبەستەش « وەك هەموو جارێ خویان بە پەردەی هەمە جۆر دائەپوشن » خۆیان لەژێر پەردەی ئاین پەرستیدا شاردۆتەوە کە ئاینی پیرۆزو باوەڕە مرۆڤایەتیە خاوێنەکانی لەوانە بێبەرییە ، بۆچی ؟! چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەرگیز داوای گەڕانەوەو دواکەوتنی کۆمەڵی نەکردوە ، بەڵکو پێش کەوتنو سەربەستی ئینسانی یەکێکە لە هەرەمەبەستە پیرۆزەکانی .

بینەوە سەر باسەکەمان ، بێگومان کاتێ ئەم جەدەلە لەسەر مەسەلەی سەربەستی ئافرەت پەیدا بو ، ئەوەی پیویست بو چاو نە ترسانە بهاتایەتە مەیدانەوە بۆ بەرگری کردن لەو سەربەستیە ، ئافرەتان خویانن ،

وە ئافرەتانی کوردیش لەو ترسنۆکانە نەبون چاویان لەئاستی ئەو دەنگانە شاذانەدا نوقاندبێ ئافرەتێ بە ئاژەڵێك دائەنین پیاو چۆنی ئەوی وای بژێنێتو بیبات بەرێوە ، وە دەم بەستراویش نابێ بەرامبەر بەو دەنگە کونەپەرستەی ئەڵێ « هەموو دەرچونێکی ئافرەت بۆناو خەڵکی خراپەو لەم بابەتە» وە بێ دەنگ نابێ بەرامبەر بەو کەسانەی لەو باوەڕەدان ئافرەت نابێ شان بە شانی پیاو ڕەنج باتو مافی تەواوی خۆی وەك ئینسان هەبێت .

لەم ڕۆژانەدا سەرمان دا لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ، ئەو ڕێك خراوەی بەرگری لەمافی ئافرەتی کوردستان ئەکاتو . یەکێکە لە بەرهەمەکانی تێکوشانی ئافرەت بۆ سەلماندنی تواناو دەسەڵاتی

خوشکە فەخریە حیدر

خوشکە زەهرە مراد

*** « زەهرە موراد » ئەندامی لیژنەی باڵای یەکێتی ی ئافرەتانی کوردستان : ئیش کردنی ئافرەت شان بەشانی پیاو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئافرەت وەك ئینسان ئەسەلمێنێ .**

*** « فەخریە حەیدەری » ئەندامی لیژنەی باڵا : بەربەرەکانی سەربەستی ئافرەت لە دێر زەمانەوە دروشمی کۆنەپەرستان بووە .**

*** « عطیە ئەحمەد » ئەندامی یەکێتی : نازانم خاوەنی ئەم باوەڕانە چۆن شەرم ناکەن ... لە کۆتایی سەدەی بیستەم .**

خوی‌و گرتنی جێگای خوی لەکۆڕی خەباتی سەختی ئەم گەلەدا بەرەو ژیانێکی سەربەست بۆ پیاوژنی بە یەکەوەو بێ جیاوازی ..

وە سەبارەت مەسەلەی سەربەستی ئافرەت لە ئیش کردنا خوشکە « زەهرە مراد » ووتی :

جێگای داخە ئالەم ڕۆژگارەدا مرۆڤ چاوی بڕیوەتە ئاسوی ڕووناکی سەربەست بونی لەهەموو کوتو بەندێ دەنگی وا بەرزبێتەوە لەناو کۆمەڵەکەی ئێمە داوای خنکاندنی سەربەستی ئافرەت هەر لەژێر پەردەی ـ سەربەستی ئافرەت ـدا بەرزبکاتەوە .. ئافرەت .. وە ئافرەتی کورد بەتایبەتی بەشداری ژیان و ڕەنج وخەباتی پیاوی لەدێرزەمانەوە کردوە ئەگەر جاران یان ئیستە لەلادێکانا ئەم بەشداریە لە کێڵگەکانو کاروباری تری سەختی‌ژیان بوە لە شارەکانا بەپێی گوڕانو پێش‌کەوتنو فراوان بونی شارستانیەت گۆڕاوە .. وە بەم پێیە ئافرەت ماوەی ئیش‌کردنی شان بەشانی برای پیاوی فراوان تر بوە وە مافی ئەوەی هەیە لەکارگەو دەزگاکانی ترا بەسەربەستی ئیش بکات کە ئەمە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئافرەت وەك ئینسان ئەسەلمێنێ ..

خوشکە ـ فخریە حیدر ـ یش لەم بارەیەوە دواو وتی : ئەوی ڕاستی‌بێ مەسەلەی بەربەستی کردنی سەربەستی ئافرەت لەدێر زەمانەوە دروشمی کونەپەرستان بوە ، بەتایبەتی ئەوانەی تەنیا ئافرەت بەگیانداریکی بێهێز دائەنێن پیاو چونی بیوی بەئارەزوی خوی بیبات بەرێوە ..

بەڵام ئەبێ ئەوە بزانری **ئەمڕۆ ئێمە لە بارێکی‌کەدا ئەژین ، مەسەلەی سەربەستی ئافرەت ، مانای مەسەلەی سەربەستی گشت کۆمەڵەو پێکەوە بەستراون ، کۆمەڵ بەنیوەی کە پیاوە ناتوانی سەربەست‌بێو پێش‌کەوتوبێ لەکاتێکی سەربەستی لە نیوەکەی تری لەژێر سزی کونەپەرستیو دیلی چوار دیواری ماڵ بێت .**

خوشکێکی تر لە یەکێتی ئافرەتان ـ خوشکە عطیە احمد ـ ووتی : نازانم چۆن ئەو باوەڕەی ئەڵێ (ئافرەت گیانداریکی جوانە نابێ لەکارگەو دزەگاکانی تر ئیش‌بکات) .

نازانم چون خاوەنی ئەو باوەڕە شەرم ناکات لەکوتای سەدەی بیستەمدا بەم زمانە کونە پەرستیە قسە ئەکات .. من دڵنیام کە ئافرەت لەمافی ئیش‌کردنو تێکەڵ بونی بەکۆمەڵ هیچ جیاوازیکی نیە لەگەڵ پیاوا .. وە دڵنیاشم ئەو دەنگە کۆنە پەرستانە ناگەنە ئەنجام سەرکەوتنی هەر بۆ ڕاستە کە سەرکەوتنی ئافرەت لەوە دەست هێنانی مافی سەربەستیا حەقیقەتێکی ڕووناکەو ناکوژێتەوە .

بەرهەڵستی کردنی رزگاربوونی ئافرەت دوژمنایەتی کردنی کۆمەڵە

نووسینی : شەوق

تۆو کردنی بیروڕای کۆنەپەرستانە :

نووسەری (دەم کوتی تاوانباران) لە یەکەم لاپەڕەدا بەرگری کردن لە سەربەستی ئافرەتو خەبات کردن بۆ رزگار کردنی لە دیلێتی بە بیروڕایەك ئەداتە قەڵەم کە گوایا ئیستعمار !! بلاوی ئەکاتەوە بۆیە بەم شیوەیە ئامۆژگاری خەڵکی ئەکات کە ئەو چەند پەڕە ڕەش‌کراوەیەیان بۆیە بلاو کردۆتەوە « تا پیاوانو ژنانی موسڵمانی کورد شوێن بیرو باوەڕێ نەکەون کە ئیستعمار لەم وڵاتە بەترخەمانا تۆوی کردووەو ناپاکانی بە ڕەنگ موسڵمان ئاوی ئەدەن بۆ پەرە سەندنی » .

جا با بزانین « ئیستعمار » کام بیروڕا هان ئەداتو بلاوی ئەکاتەوەو کامە لەبەرژەوەندی‌یەتی : رزگار بوونی ئافرەت یا دیلێتی ئافرەت ؟!

ئیمپریالیزم گەورەترین‌و سەرسەخت‌ترین دوژمنی گەلانی دنیایە مایەی بوونی چەوساندنەوەو ئازاردانە لە سەرانسەری گیتی‌دا . هەموو ئەو کویرەوەری‌یانەی گەلانی دنیا تووشی دێن ئەگەڕیتەوە بۆ ئەنجامی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم لە هەموو کایەکانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا ، بەوەی کەنەك هەر لەڕووی‌ئابووری‌یەوە خوێنی گەلانی مژیوەو ئەمژێ بەڵکو بۆ درێژەدان بەم باری چەوساندنەوەیە لە ڕووی سیاسیشەوە خۆی جێ‌گیر ئەکات بە پەروەردە کردنی دەستەو تاقمێك لە کۆنەپەرسترین چینەکانو پشت پێ بەستنیان لە فەرمانڕەوایەتی‌و ڕووت کردنەوەی‌گەلانو بەتاڵان بردنی سامانیانا . بۆ ئەوەی ئەمەشی بە تەواوەتی بۆ بچەسپێ ، لە ڕووی‌کۆمەڵایەتی‌یەوە دواکەوتوو ترین نەریتو بیروڕای ئەو سەردەمە بڵاو ئەکاتەوەو ئایدیولوجی‌یەتی کۆنەپەرسترین چینی کۆمەڵ ئەپارێزیت ، دەماری بیرکردنەوەو هوشیاری لەگەڵ‌دا ئەمرێنێت‌و هەر کە گەل کەمێك جووڵایەوەو هۆشی هاتەوە بەر خۆی‌و ڕاپەڕی پیسترین ئوسلوبی جەنگی دژی شۆڕش بەکار ئەهێنێت لەسەر کوتانەوەی‌دا . وە لە ڕووی فەرهەنگیشەوە (ثقافی) شالاوی فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی ئەخاتە سەر کە بەنجی بکاتو ماوەی لێدانی دەماری هوشیار بوونەوەی نەداتو چاوی بە دنیای پیشکەوتن‌دا هەڵ‌نەیەت . ئەمە جگە لەوەی هەرچی ڕێگەیەکی ناپەسەندە ئەیگرێتە بەر بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵ لەو دۆخەی خۆی‌دا .

یەکێك لە ئوسلوبە ناشیرینەکان بە کارهێنانی ئاینە لە ڕێگای هەندێك لە پیاوە ئاینی‌یەکانەوە ـ هەروەك خۆی زۆر بەسترابێتەوە بە ئاینەوەو ئەوەی ئەیکات بە پێچەوانەی ئاینەکانەوە نەبێت ! هەروەك چەوساندنەوەو ئازاردانی گەلانو بە تاڵان بردنی سامانیانو بە ڕەش‌و ڕووت‌و برسی‌و نەفامی هێشتنەوەیان کارێك بێت لەگەڵ ئاین‌دا بگونجێ !

ئەمانەو گەلێ ئوسلوبی کەی تر کە تەنها هەر لە قاموسی ڕەشی ئیمپریالیزم‌و چینە کۆنەپەرستەکانا هەیە .

هەر کەسێك خۆی گێل نەکاتو تەماشای دەوروبەری خۆی بکات ، پاشان کەمێك بڕوانێتە دنیای ئێستە بۆی دەرئەکەوێ کە کێ‌یە بیروڕای کۆنەپەرستانە بلاو ئەکاتەوە وە کێ‌شە کە بەرگری لە پێشکەوتن ئەکات‌و وەك کێو لە بەردەم شالاوی بیری کۆنەپەرستانەدا ئەوەستێت . هەر سەیر کردنێکی دنیا وە دیاری کردنی بەرەی کۆنەپەرستان‌و بەرەی پێشکەوتنخوازان ، کێشانی هێڵێك لە نیوان ئەم دوو بەرەیەدا ئینجا دەست نیشان کردنی پشتیوانو بانگ ڕاهێژەری هەر لایەکیان بە پوختی ئەو ڕاستی‌یەمان بۆ دەرئەخات کە لە بەرەی کۆنەپەرستانا هەموو چینە چەوسێنەرەوەکان‌و ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا ئەوەستن وە لەوبەریش هەموو گەلانی شۆڕشگێری دنیا ، هەموو ئەو چینانەی کە بەرژەوەندی‌یان لە پیشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌یا ، لە ڕزگار بوون دایە لەئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان‌و چینە خوێن مژەکان ، واتە چینە چەوسێنەرەوەکان ، بە ڕابەری چینی کرێکار ڕائەوەستن . واتە لە لایەك ئیمپریالیزم‌و دارو دەستەکانی ، وە لە لایەکی تر بزوتنەوەی گەلانی شۆڕشگێڕو بزوتنەوەی پرولیتاریای گیتی بەرامبەری یەك ئەبنەوە . وە زۆرانبازی ئیمڕۆی دنیا زۆرانبازی ئەم دوو بەرەیەیە ، کە بێ‌گومان لابەلا کردنی ئەنجامی ئەم زۆرانبازی‌یە بەلای گەشەکردنی کۆمەڵایەتی‌و پێشکەوتن‌و تەفرووتونا کردنی چەوساندنەوە بە هەموو شیوەیەکیەوە ، پەیوەندی بە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەوە هەیە . ئەم زۆرانبازی‌یە ئەوەندە مەیدانەکەی فراوانە کە هەموو دنیا ئەگرێتەوە ، بۆیە شتێکی ئاسایی‌یە کە کۆمەڵی کوردەواریش وەك بەشێکی زۆر پچووکی ئەم گیتی‌یە بەشێك لەم زۆرانبازی‌یەی بەربکەوێ ـ گەرچی بە شیوەیەکی نا کامڵ‌و سەرەتاییش بێ ـ لە نێوانی چینە چەوسێنەرەوەکان‌و چینە چەوساوەکان‌و ، لەنێوانی نۆکەرانی ئیمپریالیزم‌و داگیرکەرانی کوردستان‌و خەباتکەرانی دوژمن بە ئیمپریالیزم‌و داگیرکەران‌و ، لە نێوانی سیستیمی نیمچە دەرەبەگی‌و تەیاری گەشە کردن‌و پێش‌کەوتنی کۆمەڵایەتی‌دا .

هەر کوردێك گەر ئەم پرسیارە لە خۆی بکات کە ئایا بۆچی گەلی کورد تا ئێستا نەی توانیوە ڕزگاری بە دەست بهێنێت ؟ وە ئایا بۆچی ئیمپریالیزم‌و داگیرکەران توانیویانە حوکمی خۆیان بهێڵنەوە لە کوردستان‌داو تا ئیمڕۆ ، کە لە گرێ‌کانی دوایی سەدەی بیستەم‌داین ، هێشتا کوردستان بە بەش بەش کراوی‌و ماف خوراوی ماوەتەوە ، ئەتوانێت بگاتە ئەنجامێکی باش‌و هۆیەکانی بدوزێتەوەو لەوە بگات کە بەربەرەکانی کردنی ئەو بیروڕا کۆنەپەرستانانەی کە ئەیەوێت کۆمەڵ بە ڕاوەستاوی بمێنێتەوە چ دەورێك ئەگێڕێت لە هوشیار کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی‌دا بۆ پشت بەستن بە خۆیان‌و خەبات کردن دژی چینە کۆنەپەرستەکان وەك مەرجێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی گەلەکەمان‌و ڕزگار بوونی . ئایا ئیمپریالیزم بەبێ‌ئەوەی بنچێکی کۆمەڵایەتی ئامادە کراو بۆ هەڵگرتنی چەوساندنەوەو بوونی چین‌و تاقمێکی ئەڵقە لە گوێی هەبێت ئەی‌توانی لە کوردستان‌دا بمێنێتەوە ؟ وە ئایا داگیرکەران بێ پشت بەستن بە خائینانی ناوخۆ ، بە چینە چەوسێنەرەوەکان ، ئەیان توانی کوردستان بەم دەردە بەرن کە بردوویانە ؟ بێ‌گومان نەخێر . یەکێك لە هەرە هۆ گرنگەکانی سەرنەکەوتنی کوردایەتی‌و بە داگیرو دابەش کراوی مانەوەی کوردستان‌و تەراتێن تیا کردنی ئیمپریالیزم‌و داگیرکەران تیایا دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان‌و بوونی سیستیمی نیمچە دەرەبەگایەتی ، لە کوردستان‌دا .

هەردەم داگیرکەرانی کوردستان‌و ئیمپریالیزم بۆ توند کردنی تەوقی دیلێتی لە گەردنی گەلەکەمانا چینە کۆنەپەرستەکانی کوردستانیان بە کار هێناوە لە ڕێی ئەوانەوە توانیویەتی درێژە بە ژیانی خۆی بدات . واتە هۆی گرنگ ناکۆکی ناوخۆیەو ئەوەی کە لە دەرەوە هاتووە کە ئیمپریالیزم‌و داگیرکەرانن لە ڕێی ناکۆکی ناوخۆوە توانیویەتی کار بکات .

جا بۆ دەم کوت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە لایەك وە بۆ ڕاکێشانیان بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان ، ئیمپریالیزم‌و داگیرکەران لەڕێی‌دەرەبەگەکانی کوردستانەوەو هەموو ئەو کەسانەی لە ڕووی سیاسی‌و ئایدیولوجی‌یەوە تەعبیر لە سیستیمی نیمچە دەرەبەگایەتی‌و پەیوەندی‌یەکانی دەرەبەگایەتی کردووە ، چەندین ئوسلوبیان بەکار هێناوە کە گرنگ ترینی ئەو ئوسلوبانە بەکارهێنانی هەستی ئاینی بووە .

هەر لەسەدەی شانزەیەمی زایینی‌یەوە ئەم ئوسلوبە لەگەڵ گەلەکەمانا بەکار هاتووە تا ئێستا . ئەو دەمە داگیرکەرانی کوردستان کە دوو دەوڵەتی گەورەی ئەو سەردەمە (دەوڵەتی عوسمانی) و (دەوڵەتی سەفەوی)بوون هەستی‌مەزهەبی کوردیان قۆستەوە بۆ هەڵ خەڵەتاندنی ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ کردنیان بە سووتەمەنی ئەو شەڕو شۆڕە دوورو درێژەی لە نێوانی ئەم دوو دەوڵەتەدا لەسەر بەرژەوەندی دەوڵەتی‌و تەماعکاری خۆیان بەرپا بوو بوو . ئەو سەردەمە کورد بە هۆی ئەو سیاسەتەوە بوو بوونە دوو بەش کە هەر بەشە پشتگیری دەوڵەتیکی ئەکردو یەك یەکی ئەکوشتو بەفر بوایەو باران بوایە هەر لە کورد کەم ئەبووەوە . وە بۆ سەلماندنی ئەمە کە هەستی مەزهەبی ئاینی چ کاریکی هەبوو وە پیاوە ئاینی‌یەکان چ دەوریکیان تیا ئەگێڕا ، نموونەیەوە ئەهێنینەوە کە چون لەسەر دەمی سولتان سەلیم‌دا (مەلا ئیدریس) بە فەرمانی سولتان کەوتە گەڕانو پەیوەندی کردن بە سەرەك عەشیرەتەکانو میرنشینەکانی کوردەوە تا رایان کێشێت بۆ پشتگیری کردنی دەوڵەتی عوسمانی لە بەربەرەکانی کردنی دەوڵەتی سەفەویدا ، ئەوە بوو کە هەوڵو تەقەللاکانی سەری گرتو عوسمانی‌یەکانیش پاش ئەوەی لە نەخشەکەی خۆیان بوونەوە بایان دایەوە سەر کوردو پیسترین جۆری ئیرهابو داگیرکردنیان بەسەر کوردا سەپاند لە ژێر پەردەی ئاین‌دا .

ـ ماوەیەتی ـ

بۆ ووریا بوونەوەی خانمانی کورد

لەپێش (٢٥) ساڵدا لەلایەن ئەندازیار [نوری کاکە حمە]وە ڕێکخراوە کە قوتابی بوە لە بەغدا .

خانمانی کورد هەتا کەی دیلی دەستی پیاو ئەبن
تاکو کەی خاوەن پەچەو بێ‌جێگەو بێ‌ناو ئەبن
بەسیە تاکەی لەش بەبارو زەردو سستو خاو ئەبن
تا نەخوێنن هەر زەبون‌و دیلو توشی داو ئەبن
بێتو سەربەست بن هەمیشە سەرسەرو سەرچاو ئەبن

⊙ ⊙ ⊙

هەستە بەندی تاکوکەی بنوارە عالەم چون ئەژین
هەر لە هیندو چین هەتاکو خانمانی خۆرنشین
غەیری تو خو بێ‌عەبایە گشت ژنانی سەر زەمین
بەسیە شەرمە شەخسو نوشتە تێکەڵی باجی هەمین
هەستە دەست‌وبرد عەباکەت توور پێی خوشە دین

⊙ ⊙ ⊙

ئەو زەلامەی دێ بە زۆڵی شەرمی بەدخوت فێرئەکا
تو بزانە برسیە ، بێ پولە، ورگی تێرئەکا
کۆ لەدایك بوی بە سەربەست حەیفە خۆی بێ‌خێر ئەکا
ناپەسەندە ئەو کەسەی وافەرقی مێو نێر ئەکا
جەهلە ئێوە فێری شەرموورووو پەچەی ناو دێرئەکا

⊙ ⊙ ⊙

پیری زورداره کە قەومی کوردی وەك مەر لێ‌خوری
ماچی دارو بەردی شەخصە تۆی لە ژین کرد بێ‌بەری
خوڵی گوریش کردنە ئاوات‌جەرگی ملیونی بری
داوو درمانی پرووپوچ‌عومری جوانانی سڕی
بەسیە تاکەی هەر نەخوێندن ، بەسیە تاکەی بێ‌فری

⊙ ⊙ ⊙

چاو لە نوشتەو پرچی دەرویش بوو کە ئێمەی دارزان
دور لە خوێندن بوو کە ئێمەی بۆ جەهالەت ڕافران
جوت عەباکەت پانی بەرزت‌قەدری جوانیتی شکان
دور لە بەزمورەزمی دونیاگەنجو عەشقیتی مران
هەستە کونجی خانو گرتن ، بەسیە تا ئاخر زەمان
ژن لە پێك‌هێنانی نەسلاکردەوەی شازی هەیە
بۆ سەلیقەو ئیشی ووردی تا بعی جیاوازی هەیە
ئەو لە حەفلەو کۆمەلا خوشوێنی ممتازی هەیە
ئافرەتێکی خۆرنشینی تا بلێی نازی هەیە
خانمی کوردیش ڕەوشتی پورە گولنازی هەیە

⊙ ⊙ ⊙

خوشکەکانو گەنجەکانوخانمانی نازدار
فەرزە پیاوو ژن کە هەردوو بن تەواوی خوێندەوار
هەستە قەرنی بیستەمە کەی‌ڕوی کراوەت دێتە شار
دەردی جەهلە تۆی لە کونجی خانوا کرد زامدار
هەڵسە هەردوو دەسگرین‌تا نیشتمان بێ پایەدار
مافی تۆ دەگمەن لە کۆمەڵ‌هیچ فەراموشی نیە
هەرکەسێ پێی پیا نەنێ وانووستووە هوشی‌نیە
هیچ گەلێ بێ هێزی ئێوەزەرەیە جوشی‌نیە
بێ وجودی دەنگی ئێوە کۆمەڵێ خوشی‌نیە
هەستە خانم غیر لە کوردا شەرمو ڕو پوشی نیە

دوو ئەندامی یەکێتی ئافرەتان لە سەربەستی ئافرەت ئەدوێن

باوەڕی ئاینی ئیسلامی پیرۆزو فرمایشتە پیرۆزەکانی نیراوی خوای مەزن یەکسانی خستۆتە نیوان ئافرەتو پیاوە چی لەڕووی ئەرکی ئاینی پیرۆزەوە کە نیوژو ڕۆژو زەکات دانە وەچی لەڕوی‌مافی تەواوەتی ئافرەت لە تێکەڵاوبونی بەکارو باری کۆمەڵ لە بزوتنەوەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی وە مافی فیربونی هەموو زانستیەکی دراوە کاری ڕەوا بکات بۆ خستنی مافەکانی خوی‌و ماوەشی دراوە کاری ڕەو بکات بۆ سەلماندنی ئینسانیەت و توانای خوی بەڵام مەسەلەی ئەم سەربەستیەی ئافرەت وەری ئەگرێ بێگومان پیویستە لە چوارچیوەی پاراستنی ڕێزی خویا بێ نەك هەروەكو ئافرەت بەلکو وەك ئینسانیکی تەواو ڕێز گیراو کە بەشداری بنیات نانو ئاودان کردنەوەو پەروەردە کردنی چاکی هەموو کۆمەڵ بکات .

بەشداربوونی ئافرەت لەگەڵ برای پیاویا لەژیانی کۆمەڵایەتی داپیویستە چونکە هەریەکەیان نیوەی ئەوی تریانە وە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش بە هیچ جۆری بەربەستی ئیش‌کردنی ئافرەتی نەکردوە لە روی کاری بەسودو خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتیەوە بەپێی تواناووزەی ئافرەتو ئامادەی بۆ ئەو کارانە .

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کاروباری ئافرەت پیویستە لە چوار چیوەی ڕەوشت بەرزیابێ‌وە مەسەلەی ڕەوشت مەسەلەی بەرزی‌و پیرۆزی مرۆڤە بەگشتی‌و دروشمی ژیانی سەرکەوتوانەیەتی .

وە هیچ گومان لەوەدا نیە تعالیمی‌قورئانی پیرۆزە وەسیلەیەکی باوەڕ پاکیە بۆ زامن‌کردنی سەربەستی‌و مافەکانی ئافرەت‌و بەشداربونی لە کاروباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا .

خوشکان

سعدیە رشدی سەرپەرشتی کەری کاروباری ئیداری لە یەکیتی ئافرەتانی‌کوردستان بەغدا

فائزە نور الله ئەندامی‌لیژنەی بەڕیوەبردنی کاروباری لقی دهۆك لە یەکیتی ئافرەتانی کوردستان ـ بەغدا

Institut kurde de Paris

بەرپەرێ ژ زارێ من

ژ بەرهەڤ کرنا : عەلی نەقشبەندی

ـ ٤ ـ

دارخــاز ئو رامانا چارێ یا نالبەندێ نەمر وەلاتپارێـزی ئو کوردپەروەری بو ٠ ئەگــەرچی ئەڤ دارخازە ڕەنگە ددلێ کولیرێ نالبــەندیدا هەبیت ، بەلێ دڤان سالێت دویماهییێدا دیار ئو خویا ببو ، ئەڤە ژیهەر وەکی ئەز دبینم لنــك مرۆڤێت سۆفی ئو ژخو ترس ، مللەت پەروەری ئو وەلاتپارێزی نەدارخازە بەلکو دویربوونیـیەژ ئۆلی ئو ئایینی ، ژبەر هندێ خەم ژێ خارن ئو پویتە پێ کرن بچو رەنگا لنك نینە ٠

بو نمونە دێ چەند مالکــا ژڤێ هۆزانا نالبەندی دانیـنە بەرچاڤان :

پسیارکە تو گورگێ ئو هرچا ـــ کــورد چ خوش مێــرن
عالەم هــەمی وەکی رویڤی ـــ ئــەو تــەنێ شــێرن
مێرینیــا وان ژحەدی ژێـدەدوژوارە
ئەهلێ چیانە پلنگن بو مە هەر خێرن

یان ژی ڤێ هەلبەســــتا چارمالکی :

مخــابن بو جهێ کوردا ـــ نهو لێ بویە ئێڤــــاری
هەتا ئەڤرو دخــەودا مان ـــ بسەر داهــات شەڤا تاری

یان ڤێ هەلبەستا بزمــانێ عەرەبی ڤەهاندی :

اعلم بأن اسود الناس اکراد ـــ وانهم لقوام الارض أوتاد
صارت رکاما لصدر النــاس هیبتهم
حتی بها انشقت الاحشاء والاکبــاد
صبیانهم لاتنام خوفسطوتنا ـــ کبارهم ان أمرناهم فتنقــاد

مەلایێ نالبەند لسەر رێز ئو رەوشتو تەرتیفێت هوزانڤانێت بەرێ ـ کلاسیکی ـ لســەرنانایێ عروزا عەرەبی لـــدوی دەریایێت وێ هۆزانێ کێشایینە ئو ڤەهــــاندینە ئو هەلسە نگراندیسە ، بەلێ ئەحمــەدێ نالبەندێ نەمر هۆزانێت مەلایێ جزیری ، کیش ئو ڤەهاندن ئودارێتن ئو لێك ئینانا وی کارەکێ هندی بێژی مەزن تێدا کرییە، دیوانا جزیری چار گێسن کرییە لسەر رێز ئو رەوشت ئــو تەرتیفا وی چوییە ، ئاخڤتن ئو پەییڤ ئــو قەسێت سپەهی ئو تازە ئوشەنگ ژێ ژبـــەر کرینە ، لدوی وێ ئێخستنە بەرێك ئــو لێك ئینـــانا وی چوییە ٠ سەیدایێ مەســعودحاجی مصطفی ئامێـــدیی دبێژیت :

هندە تێکبەستێت مـــەلایێ جزیری نالبەندێ نەمر کرینــە سێ مالکی ، یان ژی چار مالکی وەکی ڤی هوزانێ ژبو نمونە :

جزیری : تعال الله ژڤـێ حوسنا مبارەك
تەبارك ، سـەدتەبارك ، ســەد تەبــارەك

نالبەندێ : نەمر ئەڤ مالە دانایە :

« کەسێ بعشقێ نەکــر تەدبیر ئو چارەك » ٠

بێ گومان ، ئەحمــــەدێ نالبەندێ نەمر دڤەهاندن ئــو ئێخستنە بەرێك ئو لێـــك ئینانێ ئۆ دارێتنێ سـویار ئو سەرت ئو ڕەهوان ئو ژبەرخـودەرکەتی ئو پسپور ئــــو سەرهۆستا بویە ، ئەگەرچـی دئاشوپ بیرێت کویردا ، نەهندێ بیر تیژ بویە ٠ ژبو نمونــــە ئەڤە چەند مالك ژ تێکبەســتا گەلیێ بامەرنێ :

چۆم گەلی ، چەند گەلی خۆشە هەمی باغ ئو جنین
دار ئوبار تاز ئو نازك لرەخاکەسکن ئو شین
بشەڤ ئو رۆژ جهەکە موعتەدل ئو کامل ئو هوین
چ دەرسە کەتە تێدا ژ ئەڤێچیایێ مەتین
لاۆ ئو تۆلاز دبێن ئێك ئودو وەرن دابمەشین



هوزانڤانی لهێرا ئو بەرکەتی ئەحمەد ئەمینی نالبەند

صادق بهاءالدین

چ عەرەبی کو وەکی مەلا ئـو سوفی یا بپیروز زانی یە ، یان بفارسی کو دیسا بشەهرەزایی ئو رەوشەنبیری دانایە ، کو پاشی کوردی کـو زمانێ ماکی شرین ئو واز خۆش زانی یە ، نالبەند بڤێ چەندێ ژی ســەربهۆزنڤانێت کەڤنە یێت کــو بناڤێ کلاسیــکی بناڤدکەن ، هەر وەسا وەکی وانهۆزانڤانایە بدرێژی یا تێکبەستێت خو کـــوهندەك ژێ وەکی تێکبەســتا شەلی پێترە ژ دو سەد مالکان ٠ هەکە ئەم ژلاتی هزر ئو بیرا ، هەست ئو ئاشۆپا ، بیر تیژی ئو پڕ مەعناڤە بەرێ خو بدەینێ دێ بینین کو دیسا وەکی هەمی هۆزانڤانانایە ، هندە هوزانێت وی یێت کـــو بئەڤینێ ئـو هلداین یاڤەهاندین ، ئاشوپ کولیر ئو پڕ مەعنــا ئو ئاوازساز ئو دلڤەکەرن جهێ سوپاس کوزاری ئو ڤەرینێ نە ، بەلێ بلایێ گشکی ڤە هزر ئو بیر ئو رایێت وی سەرڤە ـ سەرڤەنە،هەر رویێ سەرڤە تبنێ یێ کو بەرچاڤ ئو ئەشکەرا گرتییـەوەکی بیر تیژێت پوسپور ئـو شەهرەزا لایێت هویر ئو کویری نەبەرچاڤ لێك نەداینە ، چکو هەر وەکی دیارە هەر هزار وی بو ێكێ ئینانەکا تازە ئو سپەهی ئو ئاواز ساز چویە ، هنـــدگوهـ نەدایە مەعنا وێ ئو بیر ئو رایێت پەیبیسکا هوزانڤانی پێ، بلند دبیت ، ژبەرکو زانینـــو رەوشەنبیری یا وی دپەروازەکێ تەنگدابویە ٠

هــۆزان ئو تێکبـــەستێت ـ هەلبەستێت ـ ئەحمـــەدێ نالبەندێ نەمر بلایێ گشکی ڤـــە ئەڤ بابەتەنە گرتینە ، ئانکو بڤان بابەتێت ژێری ڤەهاندینەگوتینە :

١ ـ بئەڤینی ئو ئەڤینداریێ کو پێترین هەلبەســتێت وی دگریت ٠

٢ ـ بسوفیاتی ئو ژخودێ ترسیێ ، کو ژمارەکــــا زۆرا تێکبەستێت وی دگریت ٠

٣ ـ بپێ گوتنێ ئانکو وەسفێ کو نالبەندێ نەمر چــــەند تێکبەستێتشەنگ ئو پڕ رەنگ ئو ڤەشــەنگ وەکی گــەلێ بامەرنی ، هەر چار دەمێت سالێ ئو باغچێ شێخسەلیمی لویسلێ ئو گەلەکێت دی هەنە ٠

٤ ـ بقامویسیێ ئو حەنەـ کزەنیێ ئو ترانا ٠

٥ ـ بکرێتکرن ئو بەلەفەحشی ئو کەشەفرێتێ بێ گومــــان دیارکرن ئو خویاکرن روشەـ نکرنا رویـــەکێ راست ئو دروست ، بێ خار ئو خێچ ئولەنگیژژین ئو ژیارا هۆزانڤانەکێ وەکی سەیدایێ مەلا ئەحمەدێ نالبەند یێ کو چووێ وەسا لسەر نەهاتیە نڤیسین کو سوی ژێ پێ بێتە شکاندن ، گەرەك ئو پێتڤی لدوی چۆنــــەك ئــودرهچۆنەکا هویرا لسەرخویە ئو هزرکرنەکا کویر ئودویرە ،ژبلی خو وەستاندن ئو ماندیکرن ئو خەم ژێ خارنێ یە ٠ ئــەڤ رویێ مە دانایە بــەر چاڤێت خوینەڤانان نەکو رویــەکی دروستە ، بەلێ رەنگە ژهندە لاڤە سەرڤە ـ سەرڤە ژێ بیت ژبەر کێم زانین ئو کێم شەهرەزایی ئو دەستهاتنێ ژبــەر نەبوینا ژێدەرا ـ سەروکانییا، بەلێ هەر چەوا بیت بزاڤەکــا کێمە یا گێز گێزەکــە لدوی ژێهاتنا نڤیســەڤانی یە ئــو دەستهاتنا وییە ، ژبەر هندێ هیڤیا من ژخوینەڤانانە ، هەکە هاتو کەچییەك یا لەنگییەك ، خارەکی ئو خێچەکێ ژی تێــدا ببینن لەبیرن ئو دانتــــە بەرچاڤ داکـــو بڤی رەنگی پاشەرۆژێ بشێین رویـــەکێ راست ژڤێ هوزانڤانی بزانین ئو نرخەکی ئوبهایەکێ ژرەنگ بو ڤیهوزانڤانی بەرکەتی دانین ٠

سەیر ئو گەرهانا گــەلی بو مە ئەڤە خۆشی عەدەتن بــەلێ ژمالکێت ژۆری دیارە کـــو نالبەندێ نەمر گوهـ نە دایە نەخوینەدەڤان بدرستی دمەعنا تێکبەستێت وی تێ دگەهن یانە چکو ، نالبەندی هەر چ هاتیە هزرێ بچ زمان بیت گوتی یە ،

هونەرمەندێ زیرەك ومەزن کاوێس ئاغا ١٨٨٠ ـ ١٩٣٦ ز

عبدالرحمن مزوری

ئەڤ گوتادا ئەز پێش گێشی خاندەڤانا دکەم ، ســـەیدا جەمـال بابان نڤیسی بــو ، لگوڤارا « هیوا » هژمارا (١٢ سالا ئێکێ) وتێدا گوتبــو : (کو سەیدایێ جەمال یاوەرگرتی ژنڤشتا (هەرکی) نڤیسینا م ٠ هوشەنگ ، ئەوا هــەتا نهو نەهاتیە چاپ کرن) ٠ ژبــەر بهاوگرنگیا ڤێ گوتارێ ، من وەرگێرا زاراڤێ کرمانجی بو خاندەڤانا ، دگەل دەستکاریەکا کێم ، چنکو گەلەکا دویـــرو درێژ بو ٠

کاویس ئاغا کورێ (کانو) یە ، ژ خێلا (هەرکی) یــە ، پشکا « بەرەناوی » ٠ لناف بەینا هەیڤا گلاڤێژێ سالا ١٨٨٠ ز هاتبو دونیایێ ، لهاڤین گەهەکا کوردستانا ئیرانێ ٠ بابـــێ وی مشەختی بو ، نزانـــین ژ کیڤە مشەخت ببو ! بەلــکو ژکوردستانا تورکیا ، ناڤـــێ دەیکا وی (لە یلێ) بـــوو ٠ هەر ژبچیکی لگەلـــەك هاڤینگەهێت ئیرانێ گەریـــا وەکی (مەرگەڤەر) و «دەشت»و (بەرادۆست)و (چارچەلاـهەرکیا) دڤی وەختیدا دەست بڤەهاندن و گوتنا ستران و لاڤژا کر ، ئـو ئاوازێت شرین پێش کێش کرن لڤێرێ و لوێراهە ٠

هونەرمەندی مەکورێ ئاغــــا بوو ، ڤێجا زویکا بنــــاڤ و دەنگ کەت ، لناڤ هەمـــی هەرکیا ، زێدە ژبەر زانــینو تێگەهشتنا وی گەهشتە پــلا رهسپیا کو هەمی کەس نەشێن بگەهنێ ٠

ئەڤەبو حالێ وی حەتا ســالا ١٩١٠ ز ، دڤێ ســالـــێدا کوچەراتی هێلا ، ئو قەستـــا باژێری (شەقلاڤا) کـــر ، لوێرێ بو رێبەرێ عومبــــارا ئازوخا تورکا ، لناڤ بەینا سالا ١٩١٤ـ١٩١٧ ز ، کاویس بەی خاندەڤابوو ، بەلێ (نەڤروز ئەفندی) رێبەرێ ناحیـــــا شەقلاڤا ـ وی دەمی ـ گەلەك باوری پێدهات ، ئینا ئـــەڤ فەرمانە (وەزیفە) داییێ ٠

زۆر پێ نەچو فەرمان هێـلا وقەستا کوچکێ تەلارێـــــت بەگ و ئاغا کر ، بووان لاڤژو سترانێت خوش پێش کێـــش کرن ، حەتـــا ناڤــێ وی باشدەرکەت و لهەمی چیایێـت کوردا دەنگڤەدا ٠ کاوێـــس هەڤالو برادەرێ خەبات گێرێ مەزن (شێخمەحمود) ی بو ، گەلەك جارا دگەل وی چـــوبو راف و نێچیرا بەزو کیفیا ٠

راستە کاویسی ژیانــــــا کوچەراتی هێلا ـ وەکـــــی مەگوتی ـ بەلێ جارجارا قەستا ناف هەرکیا دکر ، ســـتران بو ئاغایێت وان ڤەدگێران ، حەتا جــارەکێ بوێ رێکێڤـــە هاتەکوشتن ، لگونـــدێ (بانەمان) نێزیکی هاڤینگەها (صلاح‌الدین) سالا ١٩٣٦ز ، لدیف گوتنا سەرا حەژێکرنا ژنەکێ و ئەم نزانین ئەڤ گوتنە راستن یان نە !

سترانێت کاویسی دگوتــن ژدانان و ڤەهاندنا وی بـــون ، ئــەو بـخـــو هوزانڤانبو ، بشەڤێ هوزان ڤەدهینـــــان ، بروژێ دگوتن یەلێ مخـــابن نەخاندەڤابو ، ئینا هەمـــی هوزانێت وی بەرزەبون ٠ بارا پتر ژسترانێت وی لسەر مللەتێ کوردن و خەبات و تێکوشانا وی وەکی شورشا (شێخمەحمود) ی یان چەلەنگە مێریا (سمکو) ی و « سماهیل باشایـــــی » بەهدینی ، ئەڤ رەنگە سترانە لئێزگا نەهاتینە پێش کێش کردن چنکو نێشتەمانیبون ئـــو کورد پەروەربی بون ، کێـم ستران لسەر ڤیان و ئەڤینــدارا ژێ یێت گوتین ٠

(لاوك) و(حەیـــران) و « هەمەدانەدلبەر » ژسترانێت وی یێت بناڤ و دەنگن ٠

بەرێ دوماهیا ڤێ گوتایێ ، دڤێتن بێژین ، کاویس زەلامەکێ زراف و بلنـــد بو ، جلکێت بەهدینی دکرنە بەرخو ، کێم جارا یێت (خوشناویا) ژێ ٠

سەرنجێ لە گۆڤاری پەروەردەو زانست !!

لەژمارە یــەکی گۆڤاری پەروەردەو زانستی سالی ١٩٧١ لە لاپەرە

ـ ٣٨ ـ نوسینیکم بەرچــاو کەوت بەناوی (جوانی) تۆزێ سەرنجی راکێشام و بەپەرۆشەوە خوێندمەوە ٠٠٠٠ نوسینەکە تاڕادەیـەك سەرکــەوتوو بوو بەکوردیەکی رەوان نووسرابوو بەلام ئەوەی جێگای داخ و سەر ســوورمان بوو ئەوەیە کــە نووسەر دەرکــەوتووەو خاوەنی خامەیەکی تەمەن درێژە ٠ کەچی لەو نوسینەیدا لەپێشەکیــە کورتەکە بەولاوە مافی پێوەنیەوو وا دیارە لەم بابەتەوە گەرەسەی نەبووەو دەستی بۆ بەرهــەمی نوسەرێکی کــە درێژ کردووەو بەبێ ئەوەی ئیشــارەتێکی بچوکیش بۆ خاوەنەکەی بکات ٠٠٠ نوسەر وای زانیــوە کەهەندی لەقسەکانی پرایس و تولستوی و کنجهام پاش و پێش بخات ومیسری بێت بــە کورد ئــەوا خوینەر هەســتی پێ ناکات ٠ بۆ حەقیقەتیش داوا لە لێ پرسراوانی گۆڤاری ناوبراو ئەکەین کە سەرنجێ لەکتێبی [اسس الفلسفة]ی دوکتۆر توفیق الطویل بدەن لە لاپەرە [٤٦٥ ـ ٤٦٦] ، بەلام تۆبلێی ئەمــە هەلەیەکی چاپەمــەنی نەبێ ؟ با چاوەڕوانی وەلام بین !!

حمید عزیز



ئیسماعیل خەیات

ڕووبەك لـــە رووە هونەریە دلسۆزەکانی هونـــەری کوردی یە ٠

زۆر بە تەنگ پێشکەوتنوو بەردەوامی هونەری کوردی یــە ٠٠ ئاواتی هەرە بەرزی لەژیانا گەیشتنی گەلی کـــوردە بەچارەنووسی رەوای ٠ لــە ساڵەکانی شەستەوە لە گــەڵ بزوتنەوەی هونەری عــیراقی دا بەگشتی و کوردی بەتایبەتی خەریکە ئەندامی کۆمــەلی هەنەرمەندانی عیراقە ٠٠ لــە بزووتنەوەی هونەری ئــەم چەند ساڵانەی دوایـــی کوردستاندا دەورێکی بــالای هەبووە ٠٠ وە ئەندامێکی زۆرچالاك وبەتوانای هونەری و دلسۆزی بووە ٠

دەستی زۆر لاوی خــاوەن بەهرەی گرتوە و زۆر بەهرەی زیندوو ساوای لەمردن ولــە ناوچوون رزگار کردووە ٠٠٠ ئیشی ئەوتۆی بۆهونــەری کوردی وهونەر مەندانـــی پێشکەش کردوە ، کەشایەنـی ریزلێ گرتن وپشت گیریـیــە لەلایــەن هەموو مرۆڤێکی دلسۆزەوە ٠

ئەم پێشانگایەی کــاك ئیسماعیل ٠٠ چوارەهــەم پێشاگای تایبەتی خۆیەتی ٠٠٠ یەکەم پێشانگای لەساڵی ١٩٦٦ دا لە هۆلی « کولبنکیان » لــە بەغا کردۆتەوە ، وەدووهەمیان لەهەمان جێگەو لەهۆلی کۆمەلی هونەرمەندانی عیراقـــی کردۆتەوە ٠٠ وەسێهــەم لەساڵی ١٩٧٠ دا لە سلێمانی کردۆتەوە ٠٠ جگە لـــەوەی کەلەچەندەها پێشانگای کوردی بەشداری کردووە ٠ کاکــە ئیسماعیلی هونەرمەند دەربارەی پێشانگاکەی ئەم جــارەی و هەندێ مەسەلەی هونەری تــر بۆگۆشەی هونەر ئەدوێت ٠

بڕوانە ل ٧

ی بیرکردنە وەو تێ گەیشتنی هونەری لەهەموو لایەکیەوە !؟

٠٠ چونکە بەداخەوە ئـــەو رێبازو پێ وانەیەی نـــرخ شوناسی هونەری نەتەوایەتیمان کە هەتا ئیستا پێی گەیشتوین ٠٠ نەی گەیاندوینەتــــە ئەنجامێکی دروست و پێویست ٠٠ وە ئەتوانین بلێین ، زیاتر لە پەل هاویشتنو ولاسای کردنەوەدا بووین ٠٠ وەك لەوەی کە لەخاکی رووداو وژیانی کۆمەلایەتی خۆمانـــەوە ٠٠٠ رێبازێکی پەسەند بۆ ئەمرۆی هونەرمان بگرین ؟

جمال رشید

دوتەی هونەر

بایەخ نەدان بە جوانــیی و ٠٠ پێوانەکانـــی ! ٠٠٠ سەرەتای گرنگی دانو ریــز لێ گرتنی هوونەری هــــەر نەتەوەیەك ٠٠ بـــەرادەی هووشیاری وقوولی تـــێ گەیشتنو پیشکەوتنـــی بیرکردنەوەیان ئەبێت ٠٠

٠٠ پیشانگایەکی هونەری ، شانوگەرییەك ، پارچەیەکی موسیقی ٠٠ هتد ٠

٠٠ ئەمانە هەمووی ئەبـێ نرخی پێ بدرێت ٠٠ و لــە چاوێکی خۆیی جیهانـــیی پێشکەوتن خوازەوە سەیـــر بکرێت ٠٠ وەلە سەر بناخــەی ئەو تێگەیشتنە ، بووتریت ٠٠ ئـــەم بەرهەمە باشە یاخراپە ، ٠٠ سروشتیشی ئەوەیە کـــە پێش هەموو پێ وانەیەکــی حوکمدانمان بەسەر بەرهەمێکی هونەرییدا ٠٠ بووانی سەنگین کردنی جوانیە ٠٠ وە ئاشکرایە کە ئەبێ لە پێش هەمـــوو پێوانەکانی ترەوەبێت ، ٠٠٠ واتە ئەبێت لەزەوییەکـــی « ئوستاتیکە » وە بایـــەخ بدەین بە بەرهەمـــی هونەرمەندکانمان نەك هەروا سادەو بازاری وبێ « باکرانو

لەگەڵ پێشانگاکەی ئەکرەم سەعیددا

٠٠ لەژێر چاودیری بــەرێز پاریزگاری سلێمانی ، وبەیارمەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ٠٠ پێشانگای دووهەمی ئەکرەم سەعید لە هولی دار الطلبە لــە سلێمانی کرایەوە ٠٠ ئەمــە دووەم پێشانگای تایبەتی یەتی ٠٠ زۆر لەو تابلوانەی کە بۆ ئــەم پێشانگایەی ئامادەی کردبوون ، بۆچارە سەرکردنو دەرخستنی دەردە کۆمەلایەتیەـ کانی ناو کوردەواریمان بوون ٠٠ لەتابلۆیەکیــــا ئــەوەی دەرخستوە کە «دارو شەخس» هیشتا هەر رەواجی لــەلای زورمان ماوە ٠٠٠ وبەچاوی لە پیشتری زانست وپیشکەوتن ســەیر ئەکریت ٠٠ لەووتو وێژیکی هاوکاریدا لەگەل ئــەم هونەرمەندە ٠٠ ئەوەمــان بۆ دەرکەوت کە کاك ئەکرەم ٠٠ سەرەتای نیگارکیشی بــە

دەست پێ کردووە ٠٠ «هەژدە ساڵبووە هەستی بــەوە کردوە کەتوانایەکی هوونەری تیـایە وپێویستی بەبووژاندنەوە هەیە» ئەلی : لەبەر ئەوە ئەگــەر وێنەکانیشم هەندیکی کــەموو کوری هوونەری تیدا بێت هۆی ئەوەیە کــە بەناشکوری ئەبینێت لەلای گەلی ژێردەستە وکویلە ، پەیداکــردنی مافو نان لەپێش پەروەردە کردنوودو زینەوەی توانای هونەری وزانستیەوەیە ،

٠٠ هەروەها ئەلی : بەرای من دەربرینی هەسـتی دەروونی هونەرمەند لەناخی ژیانی کۆمەلە کەیەوە هەل ئەقولێت وئاوێنەـ یــەکی راســتەقینە ئەبێت بۆدەرخستنی هەموو رووداویکی ٠٠ وئەمەش یاسایەکی میژوویە لــەکوتای دا هاوکاری هیــوای سەرکەوتن بۆ هەموو هونـەر مەندیکی دلسۆز ئەخوازیت و زۆر سوپاسی کاك ئەکرەم سەعید ئەکات ٠

هەواڵی هونەر

لاوانی هونەرمەند لە بەغدا ئاهەنگێکی شانوی گــەورە ئەگێرن !

لە هەفتەی رابـــودودا ـ قووتابیانی هونەرمەند لە بەغدا ـ بەشی هونەری نوانـــدن ـ ئاهەنگەکە لە شــەش بەرهەمی کوردیان پیشکەش کــرد ، ئاهەنگەکە لە شەش بەرهــەمی هونەری پێکێ هاتبوو ٠ لــە ژمارەی داهاتودا باسێك لــە وبارەیەوە بلاو ئەکەینەوە ٠ «هونەر»

● یەکێتی سینەمایـیـــە سوڤیەتیەکان میدالیەی لینینیان پێ ئەدرێت ٠٠ میدالیـەی لینین بە یەکێتی سینماییــە سۆڤییەتیەکان بەخشرا بـــۆ نرخ‌دان بەو خزمەتەی کە بـــە پیشکەوتنی هونەری سینەمای سۆڤییتیان پیشکەش کردووە وبەشدار بوونیان لە دروستکر دنی کومونیستیا ٠ ئەم یەکێتیە لە ٤٦٥٠ دەرهینەر ونووسەرو وینەگری سینەمای پیك هاتوە وەئەم یەکێتی یە لـــەدوای گرتنی کونگرەی دامەزراندنـــی یەکیتی کە لە ١٩٦٥ داگیراوە٠ وەکونگرەی دوەمی لە (١١ـ١٤) ی ئــەم مانگەدا گــیراوە ، وەسەرپەرشتی کەری ئــەو یەکیـــەتیەش دەرهینـــەر « کولیجانوفە » ٠ وەلەرووی سینەمای سوڤیەتیدا لــەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە ٦٠٠ شریتی سینەمای درێــژ نیشان دراوە ٠ وەلە هەمــوو کوماریکی یەگرتودا یەکێتی یەکی سینەمایەکان دروست بووە ٠

لوتفیار ئیمانوف ، گورانـی بیژی تەنیای شـانۆی ئۆپرای ئازربیجانی ، بۆ گەشتێکی هونەری ناوچەی رۆژ هەلاتی ناوەراست کەوتۆتە گــەران، وەنیازی وایە کە هەندێــك ئاهەنك لە عیراق و ئەردەن و لوبنان وکویت وسوریـــــا بگێرێت ٠ وبەرنامەکانی ئەم هونەرمەندە گورانی بێـــژە لەچەند پارچەیەکی نەتەوایەتی وچەند بە شیك لە ئوپراکانو چەند نموونەیەك لە فولکلوری موسیقای گەلانی رۆژهەلاتـــە ٠ وە « ئیمانوف » کە تەمەنـــی گە یشتۆتە (٤٣) ساڵ ٠٠٠ یەکیکە لە هەرە گورانی بیژە بەناو بانگە کانی وولاتــــی سوڤیەت ٠

ژمارە ـ ١٩
٢٢ی ئایار ١٩٧١

چەند سەرنجێکی زمانەوانی

نووسەرانی کورد لە باسی کاتەکانی فرمان بە زۆری لە کاتی ـ رابوردوو ـ دا ، زۆر بنکەو دەستووریان تێکەڵاوی یەکتری کردووەو لە یەکتری یان جیا نەکردۆتەوە ، وە نەگەیشتونەتە ئەنجامێکی راست تاکو بنکەیێکی رێكو پێکمان بو دابنێنو ئێمەش لەسەری بڕۆین .

ماموستا ـ سەعید سدقی کابان ـ لە کتێبی ـ صرفو نحوی کوردی ، ١٩٢٨ ـ کاتەکانی رابوردووی کردووە بە پێنج بەش ، کە ئەمانەی خوارەوەن لەگەل نمونەدا :

أ ـ ماضی شهوودی ـ خوێندم کەوتم .
ب ـ ماضی نەقلی ـ خوێندومە، کەوتومە .
ج ـ ماضی ئیستمراری ـ دەمخوێند ، دەکەوتم .
د ـ ماضی بعید ـ خوێندبووم، کەوتبووم .
هـ ـ ماضی ئینشائی ـ بمخوێندایە ، بکەوتمایە .

وە ماموستا ـ نوری عەلی ئەمین ـ لە ـ رێزمانی کوردی ـ ١٩٦٠ ـ دا ، ئەویش کاتەکانی کردووە بە پێنج بەش :

أ فرمانی شهوودی ـ سووتاکەوت ، نووسی .
ب ـ فرمانی نزیك ـ وەزیوە
ج ـ فرمانی رابوردووی دوور ـ ترسابووم ، کەوتبووم
د ـ رابوردووی ئیستمرازی ـ ئەچووم ، ئەمنووسی .
هـ ـ رابوردووی ئینشائی ـ خوزگە بخەوتمایە .

راستە کاتەکانی رابوردوو ئەکرێت بە پێنج بەشەوە ، وە نووسەران تارادەیێك سەرکەوتوون لە باس کردنیان، بەڵام چەند کەمو کوڕی یەکی تیایە باسەکانیان، وەك ئەمانەی لای خوارەوە : ـ

١ ـ هەندێك ناویان داناوە بۆ ناونیشانی بەشەکان وەکو ـ شهوودی ـ ئەم ناوە بە هیچ جۆرێك ناگونجێت لەگەل ئەم باسەدا ، وەکو لە ناوەرۆکە کەیدا دەرئەکەوێت ، واتە ناونیشانو ناوەرۆك وەکو یەك نینە ، وە هەروەها وەکو لە ناوەرۆکەکەیدا دەرئەکەوێت رابوردووی ـ شهوودی ـ باس لە رابوردووی نزیك ئەکات ، پەیوەندی بەم بەشەوە هەیە ، وەکو ـ خوێندم ، کەوتم ـ وە لە زمانی کوردیدا پێویستە ناونیشان لەگەل ناوەرۆکی باسدا تارادەیێك پەیوەندیان هەبێت ، واتە بگونجێن لەگەل یەکتری دا .

٢ ـ رابوردووی ئینشائی : لە پێناسینەکەیدا ئەڵێن :

ـ دەلالەت لەسەر رووودانی کارێ ئەکا ، لە زەمانی رابوردوودا چ لە وێنەی داخوازیدا بێ ؟ چ لە وێنەی گومان ؟ چ لە وێنەی تکا ؟ وەك ـ ئەگەر بمدیایە ئامۆژگاریم ئەکرد ـ . ئەم ناوەش بە هیچ جورێك ناگونجێت لەگەل ئەم باسەدا ، واتە هیچ پەیوەندی بە کاتەکانی فرمانەوە نیە ، بەڵکو ئەم بەشە ئەکەوێتە ژێر فەسلێکی تایبەتی ئەویش ـ مەفهوومی فرمانە ـ .

٣ ـ رابوردووی ـ لە کاتی دروست کردنی ئەم کاتە ئەڵێن :

دروست دەبێ بە وەرگرتنی ـ چاوگی گرتێنراو + فرمانی ـ بوو ـ ی بێهێز ، وەیا لفظ ـ بو ـ + راناوی لکاو ـ وەکو : خوێندبووم ـ ، وە ئەم قسانە تەواو نیە ، چاوگی کرتێنرا هیچ مانای نیە ، وە لە جیاتی ئەم ووشەیە باشتروایە [بناغەی چاووك] بەکار بهێنرێ ـ وە نابێ بڵێین فرمانی [بوو]ی بێهێز ، یەکەم جار ئەبێ بڵێین چاووگی [بون]ی دووەم چاووگی بوون بێهێز نیە ، چونکە ئەم چاووگە بە هێزە لەبەر ئەوەی دوو کاری هەیە ، یەکەم چاووگێکی تێنەپەرە ، دووەم یارمەتیمان ئەدات بۆ دروست کردنی بنکەی تازە ، واتە فرمانێکی یارمەتی ـ

دەرە وەکو لەم بنکەیەدا رابوردووی دوور دەرکەوت ، واتە رابوردووی دوور پێك دێت بە وەرگرتنی بناغەی چاووگ + بناغەی چاووگی (بوون + راناوی لکاو بەگوێرەی پێویست وەك :

نووسی + بوو + م = نووسی بووم
کەوت + بوو + م = کەوتبووم

٤ ـ باسی رابوردووی دورتریان نەکردووە، وە ئەمەش ئەگەڕێتەوە سەر کەم شارەزایی نووسەران دەربارەی شێوەکانی زمانی کوردی ، باس نەکردنی ئەم بەشە زۆر زیانی هەیە بۆ زمانو رێزمانی کوردی ، ئەوا لەلای خوارەوە باسی ئەکەم ، ێپك دێت بە وەرگرتنی :

بناغەی چاووگ + دووبارە کردنەوەی بناغەی چاووگی [بوون] + راناوی لکاو .
نووسی + بوو بوو + م = نوسیبووبووم .
کەوت + بو بوو + م =
یان لە شێوەی کرمانجیدا :
[کەفتبووم] .

٥ ـ وە لە کاتی باس کردنی کاتەکانی رابوردوو ، فرمانیان کردووە بە دوو بەش بەگوێرەی تێپەرو تێنەپەڕ ، لە کاتی دروست کردنی بنکەکان ـ ئەمەش پێویست نیە ، چونکە هەردووکیان بە یەك جۆر پێك دێن ، ئەویش لادانی نوونی چاوگە ، واتە وەرگرتنی بناغەی چاووگ لە تێپەرو تێنەپەر ، بە لابردنی نوونی [ن] چاووگ پێك دێت ، بۆ نموونە [کەوتن] تێپنەپەرە [برین] تێپەرە ، پێویست ناکات بڵێین لە چاووگی تێنەپەر بەم جۆرەیە وە لە چاووگی تێپەریش بەم جۆرەی ترە، چونکە ئەبینین هەردووکیان وەکو یەکن :ـ

کەوتن : [کەوت] بناغەی چاووگە ـ لە رابوردووی دوورا ـ کەوتبووم .
برین : [بری] بناغەی چاووگە ـ لەرابوردووی دوورا ـ بریبووم .

٦ ـ فرمانی نزیك ـ لە پێناسینەکەیدا ئەڵێن :

[ئەو ووشەیە ، کە دەلالەت لەسەر رووودانی کارێ ئەکات ، لە رابوردوویەکی نزیکدا] .

بەڵام کە سەیری ناوەرۆکی باسەکە ئەکەین لە نموونەکان بۆمان دەردەکەوێت باسەکە ئەچێتە ژێر بەشی رابوردووی گێراوەیی وەکو ، [گەلای دارەکە وەریوە] ئەم رستەیە پەیوەندی بە رابوردووی نزیکەوە نیە ، بەڵکو رابوردووی گێراوەیی یە .

وە لە ئەنجامی راست کردنەوەی ئەم باسەدا ئەگەینە ئەو ئەنجامە کە بەشەکانی فرمانی رابوردوو ئەمانەن :

(١) رابوردووی نزیك .
(٢) رابوردووی گێراوەیی .
(٣) رابوردووی هەمیشەیی .
(٤) رابوردووی دوور .
(٥) رابوردووی دوورتر .

سوودم لە موحازەرە زانستییەکانی د. نەسرین فەخری وەرگرتووە بۆ راست کردنەوەی هەڵەکان .

رەشید عومەر دزەیی

سێ لاووك

١ ـ گۆرانی ژین .. بۆ تۆ ئەڵێم .
ماوەیەکە ..
بیرم وێڵە ..
بەدوای ئاواتێکی دوورا ..
ئەگەڕێم بۆ کیژێکی جوان ..
بۆم ببێتە هاوڕێی ژیان ..
ئەمەوێ تیا بتوێمەوە ..
یان لەبەر نیگای گەشیابم ..
وەك پەروانە بخولێمەوە ..
ئەمڕۆش کە بەتۆ گەیشتم ..
جوانیت مژدەی دا بەهەستم
زانیم تۆ ئەو کیژە جوانەی ..
بۆی ئەگەڕێم ..
تۆ ئەو ئاوازە بەسۆزەی ...
زۆر دەمێکە ..
گۆرانی ژینی پێ ئەڵێم ..

٢ ـ جوانی
جوانی هەروەکو فریشتە
دڵپاکی هەروەکو منال ..
خۆشی وەك لاوکو بەستە
گوڵ بەهاری
چوار وەرزەی ساڵ ..

٣ ـ وە سبەینێ ..
دوێنێی تەمەن ئەنێمە گۆڕ ..
ئەمڕۆش بۆتۆ ..
لە سێبەری سبەینێ دا ..
ماچی گەرمی لێوت ئەکەم ...
پێکەوە هەردووکمان ئەڕوین ..
لە هەنگاوی رێگا مانا ..
تاسەی دوا رۆژ ..
دوا ڕۆژێکی زۆر دوور ئەکەین .
ئەمرم بۆ تۆو بۆ ئەو رۆژەی ..
لەناو دڵتا ..
لەو رۆژەوە لەدایك بوی ..
یادی ئەکەی ..

عبدالله عباس

فەرهەنگی خاڵ

ئەورەحمان حاجی مارف
« لینینگراد »

فەرهەنگ نووسین لە کوردەواریدا لە مێژە دەستی پێ کراوە . کۆنترین فەرهەنگ کە نووسرابی فەرهەنگی (نەو بەهارە) کە لە لایەن ئەحمەدی خانییەوە نووسراوە لە ساڵی ١٠٩٤ هـ ـ ١٦٨٢مدا ، دوا بەدوای ئەم فەرهەنگە گەلێك فەرهەنگی هەمەچەشنە (عەرەبی ـ کوردی ، کوردی ـ عەرەبی ، ئیتالی ـ کوردی ، کوردی ـ رووسی ، رووسی ـ کوردی ، کوردی ـ فەرەنسی ، کوردی ـ ئەڵەمانی ، کوردی ـ ئینگلیزی ... هتد)(١) نووسراوە چ لە لایەن کوردەوە چ لە لایەن بێگانەوە . بەم جۆرە ئەتوانین بڵێین کە فەرهەنگ نووسینی کوردی هەمە چەشنە بناغەیەکی پتەو و رەگێکی درێژی هەیە ، بەڵام لەگەل ئەوەشدا بەداخەوە تاکوو ئێستا گەلێك فەرهەنگی زۆرە لە فەرهەنگ نووسینی کوردیدا .

هەروەها تاوەکوو ساڵی ١٩٦٠ فەرهەنگێکی کوردی ـ کوردی مان نەبوو . هەستو چالاکی ماموستا شیخ محەمەدی خاڵ توانیان کە ئەم کەلەبەرە پڕ بکەنەوە . ئەوەبوو کە لە ساڵی ١٩٦٠ ـ ١٩٦٤دا بەرگی یەکەم و دووەمی « فەرهەنگی خاڵ »(٢) دەرچوو ، کە تا کۆتایی پیتی (ف) دەگرێتەوە . بۆ ئەو بەشەی کە ماوە بەپێی زانینی من هێشتا دەرنەچووەو هۆی چیە نازانم . هیوادارم کە دەرچووبێو من ئاگەدار نەبم، یاخوود گەر دەرنەچووبێ ماموستا خاڵ دەستی لێ هەڵنەگرتبێو لەو کارە بەنرخە ، پێویستە گەلی کوردمان بێبەش نەکات .

فەرهەنگی خاڵ یەکێکە لە هەرە چاکترین لە فەرهەنگە چاکەکانی کوردی ، بەرهەمێکی باشی پێگەیشتووی نوویی یە ، کەڵکێکی زۆری هەیە بۆ زۆربەی خوێندەوارانی کوردستان ، ئەویش هۆی ئەو رێگا راستەیە کە ماموستا خاڵ گرتوویەتی لە نووسینی فەرهەنگەکەیدا بەوەی کە ناوەرۆکی فەرهەنگەکەی بریتیە لە ووشەکانی گەلێك لە ناووچەکانی کوردستان . وەك ماموستا خۆی ئەڵێ : « لە ساڵی (١٩٣٥)وە بە هەموو هێزو تەوانای خۆمەوە خەریکی کۆکردنەوەی ووتەی کوردیم بە هەموو ئاهەنگو شێوەکانیەوە بە ووتەی بابانو سۆرانو زازاو ، بۆتانو ، بادینانو ، لوڕو ، فەیلیو، لەکو، موکریانو هەورامیو ، ئەردەڵانەوە وە لەم پیویستمان نیەو ناتەواوی رێیەدا زۆر رەنجم داوەو کۆششم کردووە تا ووتەی راستو دروستم کۆکردۆتەوە .... »(٣) . ئەم جۆرە رێگایە بۆ ئەوەی فەرهەنگ بە کەڵك بێت نەوەك تەنها بۆ خوێندەوارانی ناووچەیەك لەکوردستان بەڵکو بە کەڵك بێت بۆ زۆربەی کوردان رێگایەکی راستو پێوویستو نووێو بە سودە بۆ ئەوەی کە لە فەرهەنگ کۆمەڵێکی فراوانو زۆر لە کوردان کەڵك وەربگرنو هەروەها رێگایە بۆ یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردیو سەرچاوەیە بۆ درووست بوونی زمانی ئەدەبی بۆ گەلی کوردمان .

وەك لە سەرەوە ووتمان فەرهەنگی خاڵ یەکەم فەرهەنگی کوردی ـ کوردییە . لەبەر ئەوە گەلێك کۆسپ لە رێگای دانانی ئەم فەرهەنگەدا هەبووە . وەك ماموستا خاڵ خۆی ئەڵێ : « ئەوی لەم فەرهەنگە وورد ئەبێتەوە ئەبێ بزانی کە تا ئێستا لەم رووەوە سەرمەشقێکمان بۆ دانەنراوە تا چاوی لێبکەین ، و فەرهەنگێکی تێکرایمان بە زمانی کوردی بۆ نەنووسراوە تا لاسایی بکەینەوە ....»(٤) . بێ گومان نەبوونی سەرچاوەو نووسراوێکی پێشوو لەم چەشنە بووە بە هۆی ئەوەی کە فەرهەنگی خاڵ دوور نەبێت لە چەند ناتەواوی یەك . بە کورتی لەو ناتەواوییانە ئەدووێین :

لاپەرە ١٦ .

پێش ئەوەی بچمە سەر باس کردنی ناتەواوییەکانی ناوەرۆکی ئەم فەرهەنگە ئەمەوێت بەچەند دێڕێك لە پێشەکی ئەم فەرهەنگە بدوێم . هەر چەندە گرنگی فەرهەنگەکە ناوەرۆکەکەیەتی ، بەڵام لە بەر ئەوەی زۆربەی فەرهەنگ نووسەکانمان لە پێشەکی فەرهەنگەکانیانا گەلێك شت ئەنووسن کە پەیوەندی نیە لەگەل مەبەستی فەرهەنگەکانیاندا ، وا ئەزانم گەر بەکورتی لەم بەشە بدوێم لە کەڵك زیاتر زیان نادەم .

لە لاپەرە ٧ تا ١٠ ماموستا خاڵ زۆر بەووردی باسی پێوویستی و نرخی فەرهەنگ ئەکات بۆ مانەوەو پێش خستنی زمان .

لە لاپەرە ١٠ تا ١٥ بەکورتی باسی ئەو فەرهەنگە کوردییانە ئەکات کە لەپێش فەرهەنگەکەی ئەوەوە نووسراون . لێرەدا تەنها باسی حەوت فەرهەنگی کردووە (ئەحمەدی خانی ، ئەحمەدی ، یوسف ضیا پاشای خالیدی ، فەردیناند جوستی ، مێجەر سۆن، رابەر، مەردوخ .(٥) گەلێك فەرهەنگی کە هەن . وەك : (گەرزونی ، لێرخ ، فۆسسوم ، یەگیزارەف ، جەردین ... هتد)(٦) و باسی نەکردوون . دیارە کە ئەم فەرهەنگانە بە دەست ماموستا خاڵ نەگەیشتوون ، بەڵام فەرهەنگی (کولکە زێرینە)ی ماموستا گیو موکریانی کە لە ساڵی ١٩٥٥دا دەرچووە لەو باوەڕەدام کە ماموستا خاڵ لە یەکەم رۆژەوە چاوی پێی کەوتووە ، لەبەر ئەوە کە هاتۆتە سەر باسی فەرهەنگە کوردییەکان ئەبوایە باسێکی کولکە زێرینەشی هەر بکردایە . جگەلەوە لەگەل باوەڕی ماموستا خاڵدا نیم کە ئەڵێ : « ... نەو بەهار و احمدی و (رابەر) لە عەرەبیەوەن بۆ کوردی ، واتە **فەرهەنگی عەرەبین نەك کوردی »**(٧) . راستە ئەم فەرهەنگانە لە عەرەبیەوەن بۆ کوردی ، بەڵام عەرەبی رووت نینو بەڵکو سامانێکی ئێجگار گەورەن لە مێژووی فەرهەنگ نووسینی کوردیدا،هەروەها بۆ نووسینی فەرهەنگی کوردی ـ کوردی لە بەشە کوردییەکانیان ئەتوانری کەڵك وەرگیری . لەبەر ئەوەی تاەکوو ئێستا لە فەرهەنگە کوردی کەم دوواون ئەم باسە ماموستا خاڵ لە جێگای خۆیدا نووسیویتی .

لە لاپەرە ١٧ وە تا ٢٦ چەند باسێکی کردووە . وەك :

پەیدابوونی ووتەو زمان ، جیابوونەوەی زمانو ووتەی زمان ، لقو پۆپی زمان ، کورد، پێگەیشتنی زمانی کوردی ، جیابوونەوەی شێوەی کوردی ، سنووری کوردستان .

ئەم باسانە زۆر پەیوەندیان نیە لەگەل مەبەستی فەرهەنگ دانانەو ئەتوانری بکرین بە سێ بەشەوە کە بە ستراون بە سێ لقی زانیاری جیاوازەوە :

١ ـ مێژوو ، ٢ ـ جووگرافیا ، ٣ ـ زمان بەگشتی . لەو باوەڕەدام ئەم باسانە کە نزیکەی ١٠ لاپەرەیان داگیر کردووە لە ناو فەرهەنگەکەدا نەبوونایە باشتر بوو . لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە ئەم باسانە راست نین بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە ئەتوانرا لە جێگایەکی کەدا بڵاو بکرانایەوە ، نەوەك باری فەرهەنگەکە گران بکەن . لەسەرێکی کەوە لەو باوەڕەدام کە هۆی بڵاوکردنەوەی گەلێك باس لە ناو فەرهەنگدا کە کە پەیوەندیان کەمە لەگەل فەرهەنگدا ئەم دوو هۆیەن :

یەکەم ـ لەبەر ئەوەی لە کوردەواری دا توانای بڵاو کردنەوە هەردەمکەم بووە لەبەر ئەوە فەرهەنگ نووسەکانمان لە رێگای پێشەکی یەکەیانەوە لە زۆر شت دوواون .

دووەم ـ فەرهەنگ نووسەکانمان وویستویانە کە زانین ، توانا ، رازی خۆیان دەرخەن بۆ گەلیان .

لە لاپەرە ٣١ تا ٣٨ بەکورتی راستو جوان چەند شتێکی پێوویستی لە رێزمانی کوردی داوە کە بە تەواوی ئەگونجێ لەگەل فەرهەنگەکەو بۆ گۆڕینی ووشە بە پێی پێوویست بەکارهێنەری فەرهەنگەکە ئەتوانی سودی لێ ببینی . لەم بەشەدا چەند کەمو کوڕی یەکی بچووك هەیە . وەك . لە لاپەرە ٢١ ـ ٣١دا باسی (پیتی کوردیو نووسینی کوردی) ئەکاتو ئەمەی لە بەشی رێزمان جیا کردۆتەوە ، بەڵام ئەبوایە ئەمەش هەر لەناو بەشی رێزمانەکەدا بوایە ، چونکە لقێکە لە رێزمان . هەروەها چەند زاراوێکی داوە کە بە باوەڕی من زۆر لە جێگای خۆیانانین . وەك : بۆ جیا کردنەوەی پیتی (ر) ـ (ڕ) ، (ل) ـ (ڵ) ـ هاتووە (ر)ی ناو ناوە بچوكو (ڕ)ی ناو ناوە گەورە . (ل) ی ناو ناوە سووك ، (ڵ)ی ناو ناوە قەڵەو ، هەر چەندە بچوکو گەورە تا رادەیەك راستن ، بەڵام بە تەواوی ناگونجێن . خۆ سووکو قەڵەو ئەوەهەو .

١ ـ لێکۆڵینەوە لەم فەرهەنگانە کە بەشێکن لە نووسراوی « مێژووی فەرهەنگ نووسینی کوردی » بەچەند ووتارێك پێشکەشی ئەکەین .
٢ ـ شێخ محەمەدی خاڵ « فەرهەنگی خاڵ » سلەیمانی . بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٦٠ ، بەرگی دووەم ساڵی ١٩٦٤ .
٣ ـ شێخ محەمەدی خاڵ « فەرهەنگی خاڵ » بەرگی یەکەم لاپەرە ١٥ .
٤ ـ شێخ محەمەدی خاڵ « فەرهەنگی خاڵ » بەرگی یەکەم
٥ ، ٦ ـ لێکۆڵینەوە لەم فەرهەنگانە بە چەند ووتارێکی تایبەتی پێشکەش ئەکەین .
٧ ـ شێخ محەمەدی خاڵ « فەرهەنگی خاڵ » بەرگی یەکەم ، لاپەرە ١٤ ـ ١٥ .

ـ ماوەیتی ـ

پاشماوەی : چیرۆکی ژمارە .. ئەم سەگە هی ئێوەیە ؟

ـ سەگی ئێمە ! دەعبای وا عەنتیکەمان لە ماڵا نی یە ... بەڵام ..

ـ ئیتر پێویست بە چەنە بازی ناکات ئیتر جەنەراڵ سەگیوا خوێری لە کوێ ئەبێت من هەر لە ئەوەڵەوە وتم سەگی جەنەراڵ نی یە . سەرو چاوی دیارە ئەم سەگە بێ خاوەنە ، ئەڵدرین .. بێ‌سێو دوو بیبە لە ناوی بە .

هەر وەکو وتم ئەمە سەگی ئێمە نی یە بەڵام تۆ نەت هێشت قسەکەم تەواو بکەم لە راستیدا ئەم سەگە هی برای جەنەراڵە کە هەفتەیەك لەمەو پێش بە میوانی هاتووە ، جەنەراڵ حەز لە سەگی (بڕۆزی) ناکات بەڵام براکەی زۆر مەراقی ئەم جۆرە سەگانەیەتی .

ـ چی ، برای جەنەراڵ ، زەردە خەنەیەکی خۆش لەدەمو چاوی ئاخمیلۆفا دەرکەوت ، توخوا دەوەرە هەتاکو ئێستاش نەم زانیوە کە جەنەراڵ برای هەیەو بە میوانی هاتووە بە راستی پیاو نازانی بڵێ‌چی ! هەر ئەبێ ئێستا بچم بۆ بەخێرهاتنی کەواتە ئەمە سەگی ئەوە !؟ باش بوو زۆرم پێخۆش بوو رزگارمان کرد ، ئای کەسەگێکی جوانە .

پەلاماری سەگەکەی داو ویستی بە پەلە بیباتەوە بۆ ماڵی جەنەراڵ ، بەڵام پێش ئەم سەرکارەکە سەگەکەی بانگ کردەوە کە بەراکردن شوێنی کەوتو بەرەو ماڵ رویشتن خەلکە کە هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین ، ماتو کڵوڵ لەو ناوەدا بە تەنها کابرای ئاسنگەر بوو کە لە پاش ئەم هەموو دەردی سەری یە ئاخمیلۆف جارێکی تر رووی تێ کردەوەو وتی :ـ

ـ وا مەزانە بەمە رزگارت بووە تۆڵەی ئەم سەگە بەسزمانەت هەر لێ ئەکەمەوە وای وتو بە پەلە رویشت بۆ ماڵی جەنەراڵ .

پەخشانێکی سادە

تارمایی ئاوات

دەساڵی رەبەق بە سەهۆڵ بەندانی زستان ، بەقرچەی چلەی هاوین ، لە تاریکی شەوانداو لە روناکی رۆژە تاریکەکاندا ، بە دواتا گەڕام ئەی ئاوات ...!!

دە ساڵی دورودرێژ تە خەو بێداریدا ... لە بیرم بوری ، لەبەر چاوی خەیاڵم بووی ، هەموو ئاواتو ئامانجم گەیشتن بە تۆ بوو !!

دوای سەدەها قورتو گرێ پێت گەیشتم ، بەترسەوە لێت نزیك بوومەوەو ملم کەچ کردو هەناسەیێکی گەرمم هەڵکێشا . بەڵام داخەکەم ئەوەی بە ئاواتم ئەزانی تارمایی بوو پاش ئەو هەموو رەنجە بێهودەیەم .. کەلاوەیەك دەرچوو لەجیاتی بازوقومری خەیاڵی کوندە بەبووی شووم ئەی خوێند .

دەمێك بوو ئەمزانی بە ئاوات ناگەم، نایگرم ... بەڵام دڵەی سەرچل گوێ‌ڕایەڵ نەبوو سەر سەودایەکی بێ سنور کەوتبوو ، کەچی وا دووبارە دل خەریکە ئەکەوێتەوە شوێن ئاوات بێ‌ئەوەی پرس بکا ... ملی رێگەی گرتەوە ، لەگەل ئەوەشدا ئەو ئارەزوەی ئەوسام نەماوەو هەڕەتی گەنجیم کزبووە ئەترسم بەرابەری ئاوات تارماییەکی لێ‌ببێ بە ئاواتو بکەوێتە کوێرە شیوێکەوە ئەمیشم بچێتو ئەویشم !!

رەحیم بێناز

پاشماوەی : بیرو باوەڕی کۆنە پەرست

هونەرو ویژەو زانستیو زانیاری پێویستە سوودیان لێ وەربگرینو هەوڵ بدەین ئەو کەلەپورانەش لە بەرگێکدا نەمێنێنەوە بەڵکو پێویستە گیانێکی نوێیان لەبەر بکەین تاکو جۆرە بزووتنەوەو گەشەیەکیان تیادا پەیدا ببێت کە بەرەو پێشەوە بیانباتو لەگەل شارستانیێتیدا بگونجێ . کەواتە هەر ئەوە تەواو نی یە کە مرۆڤ تەنیا لە بەرەی کۆندا نەبێت وە بێلایەن بێت بەڵکو پێویستییەکانی کۆمەڵایەتی وامان پێ ئەڵێت کە لە ریزی پێشەوەی بەرەی نوێ پەرستی بینو لە دژی بەرەی کۆنە پەرستان بین کە گەلی کوردی دوا خستووەو ووڵاتی دابەش کردووەو سامانو کانی ناو جەرگی کوردستانی داگیر کردووە ، لەبەر ئەوە پێویستە بجەنگین لە دژی کونەپەرستەکان کە وەك چقڵێ لەسەر بیبیلەی چاوی کوردماندا و حەز بە سەربەستیو سەرکەوتنی رۆڵەکانی گەلەکەمان ناکەنو ئەوانەی لە رەووشتدا تەپڵ بۆ دواکەوتن لێ ئەدەنو خوێندەواریو قوتابخانەو شارستانێتی یان لەلا تاوانەو تاکو ئێستاش ئەیانەوێ گەلی کوردمان ببێت بە دوو بەشەوەو بەشێکیان دەستەو ئەژنۆ لە ماڵەوە لە بەردەمی ناچاری دا بە چیچکانەوە لە بەردەمی گوێ ئاگردانێدا دابنیشێتو ببێتە ژێر دەستەی ئەتوارە ناپەسندەکانی ناو کۆمەڵ لە نەخوێندەواریو نەزانینو نەخۆشی وە ئاشکراشە هەر ئەوانەش بوون کە ئەیان ووت کورد نی یەو کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عوسمانی ، بەڵام بێ‌گومان نوێ هەر لە کاردا بووەو ئەو بانگەوازە ناچیزانەی بە درۆ خستۆتەوەو بە سەریا زاڵ بووە ، وە ئێمەش لەو باوەڕەداین کە کۆمەڵی کوردەواریمان هەرچۆنێ کۆنەپەرست زیانی لێ دابێ بەڵام هەر هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە ، واتە پێویستە دەست بدەینە دەست یەکو دژی کۆنەپەرستان بین کە ئەیانەوێت گەلی کوردمان بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە ، ئەمجا ئەڵێم پێویستە نوێ پەرست بین لە خووو رەووشتماندا و لە کەلو پەل هەڵبژاردنماندا و لە بیروباوەڕماندا و لە جلو بەرگماندا ، وە تەنانەت پیویستە خۆمان بێبەش نەکەین لەو بەرهەمە نوێیانەی کە یەنە بەردەممان وە گەلەکەمان دەست پیشکەری بکات بۆ ئەوەی سوود وەرگرێت لە دۆزراوە نوێیەکانو هەوڵ بدات هاوبەش بێ لە داهێنانی زانیاریدا ، پتر لەوەش پێویستە پەروەردەی نەوەی نوێ بە بیروباوەڕی سۆشیالیستانە تێ‌بگەیەنینەوە هەمیشە لە دژی داگیرکەرو ئیمپریالیزمو چەوساندنەوەی چینایەتیدا بینەوە دژی ئەو بیروباوەڕانە بین کە پێمان ئەڵێن لە بۆتەی هەژاریو نابووتیو نەزانیندا گەلەکەمان بمێنێتەوە ، بەڵکو بیروباوەڕەکانمان لە چاکەی گەلو لە گۆڕانی کۆمەڵەوە وەرگرین ، ئەمجا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە ئافرەت لە ماڵ بێتە دەرەوەو تەپوتۆزی کۆنی خەمو خەفەتو دیلێتی لەسەر خۆی بتەکێنێ ، هەروەکو پیاو بە سەر بەرزییەوە قۆڵی لێ هەڵکاو بێتە مەیدانی کارەوە . پێویستە کۆمەڵی کوردەواریمان زیاتر گیانی هاریکاری تیادا بڵاوبێتەوەو لە شاییو خۆشیو بەزمدا جۆرە پەیوەندی یەکی بەهێزتر پەیدا ببێ لەوەی کە ئێستا هەیە ، وە ئەو ترسو لەرزو چاو چنۆکی یەی کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە بۆمان ماوەتەوە لە دەروونمانا بنە بڕی بکەینو پێویستە بە پێکەنینەوە بە دەم ژیانەوە بچینو بە گورجوگۆڵی کارمان برەخسێنینو بکەوینە زەوقو زەماوەندو خۆشییەوە و هەوڵ بدەین بێکاری لە وولاتمانا نەمێنێتو مرۆڤی کورد ببێت بە پارچەیەك لە بەرهەمو خێرو بێر بۆ گەل ، وە ئاڵای بەرزی سەرکەوتن هەڵگرینو ژنو پیاو لە باخچەی بەهاری کوردستاندا بە جلو بەرگی ئاڵو واڵای گوڵ گوڵەوە دەست بگرینو دەست بکەینە هەڵپەڕکێ لە دژی کۆنو لە پێناوی نوێ پەرستیداو کاروانمان بۆ پێشەوە بڕوات .

Institut kurde de paris

لاپەڕەیەکی سەربەست

نووری مەیران

سەرنج : تکایە لەسەر زەرفەکان بنوسن مەتەڵی هەفتە .

مەتەڵی هەفتە

مەتەڵی‌هەفتەی ژمارە (١٧)ی‌هاوکاری ناوی هاوینە هەواری شەقڵاوە بوو . ئەو خوێنەرە بەڕێزانە وەڵامەکانیان بەراستی ناردبوو :ـ

لەهەولێرەوە : هیرش سیداحمد ، احمد محمد عمر ،سعید عبدالحمید بەرزنجی ، احمداسماعیل نانەکەلی ، سلیمان علی خۆشناو ،زیرەك سەرهەنگ‌عوسمان حسین دزەیی ، کمال عبدالرحمن کۆیی ، مستەفاحسین بەرزنجی ، سعدی محمد کریم ، محمد عمر شیروانی‌لەناحیەی دیبەگە ، کوردو عبدالله گەردی ، شۆرش سیدمجید ، کاکە عبدالرحمن مرسل صدیق عبدالحمید بەرزنجی ،اسماعیل رفیق کویی ، شکر محمود عبدالله ، محمد احمدداود ، خوشکە پەروین عبدالرحمن ، عمر حمد احمد ،هوشیار گەردی ، حسن عبدالکریم ئومەربگ ، عبدالله‌حسین .

لە سلیمانی‌یەوە : احمد صالح عبدالله ، صالح احمد خۆشناو ، اکرم علی محی‌الدین‌فوءاد حاج قادر ، بەختیار سەلام ، اسماعیل فەقێ عزیز ،محمد سید عبدالله الحفید،عمر شریف ، ابو بکر ملا مارف ،منیر محمد سلطه ، میدیا غفور داراغا مەریوان علی عزیز ،احمد محمد امین ، کامەران رحیم هاوڕێ صالح ، زەردەشت‌محمود ، دڵخۆش محمود ، کەژاڵ رحیم ، ابراهیم غریب‌شریف، شیرازد محمد ئەتروشی سعید هەورامی ، جمال رشیداحمد ، محمد صابر ، ئازاد جعفر حسین .

لە قەڵادزەوە :ـ دلێر محمودشێخانی ، محمد عزیز سعید ، جمال رشید ، عزیز رسول ،حمد امین خدر عێ .
لەهەڵەبجەوە : حمە شریف‌عمر کاکە .

لە کەرکوکەوە وێندک عبدالمجید یاسین ، معروف عمر بەرزنجی ، عبدالرحمن محمداسماعیل بندیانی ، اسماعیل صالح گوگجەیی ، جلیل صالح‌خلیفە ، محمد عبدالرحمن ، عاصی میراودەلی ، فوئاد عسکری‌نجم یابا عبدالرحمن ، مجید حمید الداوودی .

لەموصلەوە : نیاز میران ـ کولیجی پزیشکی ، لەعقرەوە نەوزاد احمد عثمان .

لەبەغداوە : کریم حەسەن ،هەمزە عوسمان دزەیی ، عبدالله صابر .

ئالەتێک بۆ پاکردنەوەی دیوار

زوربەی زۆرمان ئەو ئالەتەی‌دیوە کە سەرزەی پێ‌پاك دەکرێتەوە .. دوریش نی‌یە ئێستاکە زۆرمان لەماڵەوە بەکاری بهێنین .. ماوەیەك‌لەمەوبەر لەبەریتانیا ئالەتێکیان دروست کردوە بۆ پاکردنەوەی‌دیواراو بنمیچی خانوو .. ئەم ئالەتە بەقەدەر گسکی کارەبای‌بەهێزە وەك ئەویش شت باش پاك دەکاتەوە .. بەڵام ئەم بەشێوەیەکی جیاوازتر لەگسکی کارەبایی شت‌پاك دەکاتەوە ..ئەم ئالەتە تازەیە مادەیەك بەکار دەهێنێت لەو مادانەی شت پاك‌دەکاتەوە ئەو مەحلولە دەچێتە دەمی ئالەتەکە ئەویش لە وێنەی‌ئیسفەنجدایە .. گشت چاك وپیسی‌یەك وە چێتە ناو ئەو ئیسفەنجەوە لەو سەرێوە بە هەوا ئالەتەکە ئاوە پیسەکەی‌ناو ئەو ئیسفەنجە هەڵەلوشێت بۆ ناو عەمارێکی تایبەتی کە بۆ ئەم مەبەستە کراوە .. ئەو ئالەتە دەسکێکی تەلسکوبی‌هەیە درێژێکەی دەگاتە پێنج مەترە ، ئەگەر بەشی ناوەڕاستی‌ئەو دەسکە لاربرێت دەتوانرێت ئەو ئالەتە لە شوێنی نزمانیشدابە کار بهێنرێت .

لە گەڵ ئەو شتانەشدا ئەوئالەتە سەرێکی واشی بۆ کراوە ، کە بتوانرێت گۆشەی پێ پاك‌بکرێتەوە ، جێگەی ئەو « مەحلولەی » ئەو ئالەتەبەکاری دەهێنێت لە قاپێکی پلاستیکی سووکەڵەدایە کە بەپاڵە پەستۆی هەوا ئەو مەحلولەی تیادا بەندکراوە .

فڕۆکەی دوا ڕۆژ

بەرای زۆر لەو کەسانەی لە مەیدانی نەخشەکێشانی فڕۆکەدا ناوبانگیان هەیە ،وەك ئەلێکسی تۆ بۆلیف‌نەخشەکێشی فڕۆکەی (تی‌یو ـ ١٤٤) ، کەلە کۆتایی ئەم سەدەیەدا فڕۆکەی گوێزانەوەی وا گەورەدروست دەکرێت کە جێگای هەزار کەس تیادا ببێتەوەولە بەرزای ٣٠ هەزار مەترەوە بە خێرایی ٧ ـ ١٠ هەزارکیلۆ مەترە بڕوات لە سەعاتێکدا .

زانایانی سۆڤیەت لە بارەی‌فڕۆکەی گوێزانەوەوە رایان وایە ، کە لە پاشەڕۆژدافڕۆکەی وا دروست دەکرێت کە لە توانایدا دەبێت بەتەنیادوو سەعات لە هەر جێگایەکەو بفڕێت دەگاتە جیایەکی‌تر لەهەر نوختەیەك بێت لە سەر رووی زەمین .

وە راشیان وایە کە گوایەئەو فڕۆکانە بە شێوەیەکی ئالی ئاراستە دەکرێن .. بەڵام‌لەباتی فڕۆکەوانەکان مێشکی ئەلەکترۆنی دانانرێت ..

خەندەیەکی ناسک

کابرایەك بەرێگادا ئەرویشت‌لە رێگا چاوی بە پیاوێك کەوت گۆشتی دەبرژاندو بەهەڵپە‌دەیخوارد ..

ئەمیش پێی‌وت : براڵە : لەسەرخۆ .. لە سەر خۆ قابیلە دایکی بەرخەکە شۆقی تێهەڵدابێت ؟

ـ کابراش وەرامی دایەوە :جا برا تۆ بۆ ئەوەندە دڵت پێی دە سووتێت ، خۆ دایکی شیری‌نەداوێتی ..

فەرهەنگۆکەی هەولێر

بەشی دەیەمی فەرهەنگۆکەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو فێر کردنی هەولێر :

ـ ث ـ

ثروة : سامان
ثقة : بڕوا
ثغرة : کەلێن
ثورة : شۆڕش
ثمن : نرخ

ـ ج ـ

جامعة : زانستگە
جدول : خشتە
جاهل : نەزان
جدیر : شیاو
جائزة : خەڵات
جرس : زەنگ .

پاشماوەی : قوتابیانی کوردستان

بڵاو کردنەوەی ئامانجەکانی لەناو قوتابیانی جەماهیردا وە بۆ خستنەڕووی پێویستی قوتابیان لەسەر لاپەڕەی ئەو گۆڤارە ، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا یەکێتی لەبەر چەند هۆیەك ..! نەی‌توانیوە ئەو گۆڤارە دەرکات بەڵام ئەو بۆشایەیە توانیمان بە گۆڤاریکی عەرەبی « نضال الطلبة » پرکەینەوە .. هەتا ماوەیەکی‌تر .. بەڵام لە پێویستێکانی ترمان کردنەوەی « یانەیەکە » بۆ کۆ کردنەوەی ئەندامانی تیایدا ، وە بۆ ئەوەی قوتابیان بتوانن کاتی بەتاڵی خویانی تیادا بەسەر بەرن .. ئەمە لەگەڵ هەندی پێویستی تردا کە لێرەدا ناتوانین باسی کەین ..

پاشماوەی : نووسەرانی هەولێر

سەردەمە بێت ، بۆیە هیچ هەوڵو تەقەللایەکی نارەوا ناتوانێ لە بەردەم چوونە پێشەوەی بوەستێ .

ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا ئایین وەسیلەیە ، پێش ئەوەی ئامانج‌بێ .. ئایین وەسیلەیە بۆ بەختیاری ئادەمیزاد ، بەلای ئێمەوە ئایین کلێشەیەك نیە ، چوار چێوەیەك نیە ، جغزێك نیە هەموو ووزەیەکی مرۆڤ لە پەلو پۆبخات ، ئەوەی ئێمە بۆمان ساغ بووتەوە ، ئەوەیە کە ئەو کۆنەپەرستانە سیپالێکی (خواپەرستی) یان کردۆتە بەرو ئەیانەوێ ئەو تۆزقاڵە سەربەستی‌یەی بە خوێن‌و ئارەقە لە ئاسمان هێناومانەتە خوارەوە پێشێلی بکەن‌و پاشەکشەمان پێ بکەن ، بە کورتی : ئەیانەوێ شۆرشی کۆمەڵایەتیمان ئیفلیج بکەن ، ئەو شورشە کۆمەلایەتی‌یەی کەوا جمکی شۆڕشی نەتەوایەتیمانە .

لێرەدا ئەمانەوێ ئەوەش روون بکەینەوە کە مەبەستمان هەموو پیاوێکی ئایینی نیە ، چونکە ئەوەمان لەبیر ناچێ کەوا هەندێ مەلاو پیاوی ئایینی وامان لێ هەڵکەوتوون کە نەك هەر دژی شۆرشی کۆمەڵایەتی نەوەستاون بەڵکو خۆیان کردووە بە سووتەمەنی ئەو شۆرشە .

حەمەکەریم هەورامی ـ عبدالله پەشێو ـ بەدرخان سندی ـ عەزیز گەردی ـ ممتاز حەیدەری ـ جمیل رەنجبەر ـ مستەفا رابەر ـ سامی شورش ـ مدحەت بێخەو ـ بلال عەزیز ـ کەریم شارەزا ـ محمد مولود (مەم) .

پاشماوەی : سکرتێری یەکێتی قوتابیان

یەتیەوە سەرەرای فەرمانی وەکو دایکێك لەماڵەوە .

ئێمە بەهەموو هێزو توانامانەوە پشتگیری ئەو بانگەوازە ئەکەین کە لە (هاوکاری)دا چەند روشن بیرێك بڵاویان‌کردەوەو نارەزایی و تورەیی خۆمان دەرئەبرین بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لەژێر پەردەی ئایین‌و شەرەفەوە! دەیانەوێ بەرهەڵستی‌جوڵانەوەی ئافرەت بکەن لە کوردستاناندا ، وە ئەمەش تەنها خزمەتی دوژمنانی خەلکی کوردستانە کە بەهیچ جورێك نایانەوێ میللەتی کوردمان وەکو میللەتانی پێشکەوتوی جیهان بژی‌و لە کاروانی گەلان داوا نەکەوێ].

هاوکاری ـ بێ‌گومان ئەم هەڵوێستە راست و دلێرانەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان شایەنی رێزلێ‌گرتنی (هاوکاری)و سوپاس ئافرەتانی کوردستانە .

پاشماوەی : نوسەرانی کوردی بەغدا

تیایەو ، پەنجەی دووبەرەکی گەرم‌کەری لەپشتەوەیە .

دلسۆزی بۆ کوردو بۆ یەکێتیی میللەتو بۆ کۆمەڵانی خەڵك ـ بە هەوڵی بێ‌سوودەوە خەریك نەکردن ، وامان لێ دەکات کە بانگی ئەمانە بکەین‌و دوایان لی‌بکەین چاو بگێرنەوە بەم رەفتارانەیاندا ، کە دیارە هەر هیچیش نەبێ ئاژاوە دەنێتەوەو سەر لە خەڵك دەشێوێنێ ..

گەلانی جیهان دەرگا بۆ بیری تازە دەکەنەوە . کاتێ ئەوەش هاتووە کە خوێندەواری کورد بین بە سەربازی ئازای رێگای سەربەستیی باوەڕ .

دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ بەغدا

پاشماوەی : گەورەترین بودجە

ە ئەمەش دیسان لەوینەی‌خۆی ٧٧ ملیۆنی لە ساڵی پارەکە زیاترە .. وە ١٦ ملیۆن‌و ٣٨٧ هەزار دانراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە کە دوو ملیۆنی لە بودجەی ساڵی رابوردو زیاتری بۆ دانراوە .. ملیۆنیك‌و ١٧٣ هەزار دیناریش بۆ وەزارەتی لاوان دانراوە کە ساڵی رابوردو ٩٧٥ هەزارو ٩٩٢ دیناری بۆ دانرابوو .. وەبۆ ئیش‌و کاری وەزارەتی کاروباری ژورو دوو ملیون‌و ٢٦ هەزار دینار دانراوە کە نیو ملیۆنی لە بودجەی ساڵی رابوردوو زیاترە .. وەبۆ وەزارەتی رێگاوبان‌و نیشتەجێ ٣ ملیۆن‌و ٣٩ هەزار دینار دانراوە..کە ئەمیش دیسانەوە نیو ملیۆنی لە ساڵی پارەکە زیاترە ..

پاشماوەی : بڕیارێکی گرنگ

سێیەم : ئەحکامی تقاعدی خێزانی کە یاساناو براوەکانی سەرەوە ئەیان گرێتەوە بەپێی ئەم بڕیارە موچەی تقاعدیان ئەدرێتێ .

چوارەم : ئەو مکافأتە تقاعدیەی بۆ خێزانی کوچ کردوەکان سەرف کراوە، ئەگەر مافی موچەی‌تقاعدیان بو بەپێی ئەم بڕیارە ، ئەوا لێیان وەرئەگیرتەوەو وەزیری دارای رێگای ئەو وەرگرتنەوەیە دیاری ئەکات .

پێنجەم : ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە ئەو رووداوانەی لەپێش جێ‌بەجێ کردنیا ئەگرێتەوە بەمەرجێ موچەن تقاعدی لە مێژووی داواکاریەکە یەوە بۆ دائرەی تقاعدی حساب ئەکرێ .

شەشەم : ئەم بڕیارە لەڕۆژی بڵاو بونەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیا جێ‌بەجێ ئەکرێت .

حەوتەم : لە سەرر هەموو وەزیرەکانە ئەحکامی ئەم بڕیارە جێ‌بەجێ بکەن .

پاشماوەی : لەئاسۆی ئەرخەوانیدا

بێ گومان ئەوانەی ئەیانەوێ ئافرەتی کورد هەر لەو قەوارە تەسکو تەنگەبەرەدا پەنگداربێ کە جاران‌و ئێستاش تیایەتی ، بیر لە ئافرەت ئەکەنەوە کە شتێکە لە شتەکان تەنها ئەوە نەبێ کە مرۆڤە ، ئەیانەوێ شتێك بێ ، بیفرۆشن ، بیکڕن، پیاوەتی پێوە بکەن ، ئارەزووی شەوانی سووری خۆیانی پێ دامرکێنن‌و هیچی تر .

چونکە ئەزانن رزگار بوونی ئافرەت لەو بەندو کوتە ، رزگار بوونی هێزێکی گەورەو کاریگەرە هێزێکی وایە ئەگەر بەتەواوەتی دەوری خۆی ببینێ چارەنووسە رەشەکەیان گەلێ نزیك‌ئەکاتەوەو تەوژمو تینێکی شۆڕشگێرانە ئەدات بە بزوتنەوەی جەماوەری گەلی کوردمان لەپێناو مافە رەواکانی .

ئێمە کە داوای دانانان بە مافەکانی ئافرەتی کورد ئەکەین کە داوای سەربەستی ئافرەتی کورد ئەکەین ، مەبەستمان هەر رووە مرۆڤایەتیەکەی نیەو بەس ، بەڵکو بە ئەرکێکی نیشتمانی پیروزی ئەزانین ، چونکە بەبێ رزگاربوونی ئافرەت بەبێ سەربەستی‌دان بە ئافرەتی کورد کە نیوەی کۆمەڵە ، ممکن نیە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی سەرکەوتنێکی راستەقینەی‌گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی جەماوەری‌فراوانی گەلی کوردمان بەدی‌بهێنێ ، لەبەر ئەوە ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن ، یەکگرن ، یەکگرن .

خوێنەری بەڕیز ...

ئەمە دووا جار نابێ کە لەم گیروگرفتە بکۆڵینەوە ، بویە وا بەباش ئەزانم ئەمجارە کوتایی بەم نووسینە بێنم بە شیعری ، شاعیری نەتەوایەتی‌کوردی مەزن حاجی قادری کۆیی کە ئەڵێ :

بۆچی فەرموویەتی نبی الامین
اطلب العلم ولو بالصین
نیرومێ لەوحەدیسە فەرقی نیە
گەر مەلا نەهی‌فەرموو دینی‌نیە!

سەربەست

پاشماوەی : دووا پەلە قاژەی

خوراکی ماسی‌یەکانی ژێر دەریاکان .

● کونەپەرستەکانی کوردستان ، نەك تەنها ناتوانن بەربەرەکانی سەربەستی‌و مافی ئافرەتی کوردو نووسین‌و ووشەی نوێی کوردی بکەن ، بەڵکو بیری پێشکەوتن خوازی نەوەی نوێی گەلی کوردمان ، وەك بروسکەی بەهاری کوردستان ئەیان کاتە خەلوزو خۆڵەمێش . رەشەبای ئازادی خوازی‌کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتیش رایان ئەماڵێ .

● نمونەیەکی زیندوو لە مێژوی نزیکی گەلەکەمان ئەخەینە بەرچاوو .... پاش راپەرینە پیرۆزەکەی کانوونی دوهەمی ١٩٤٨ کە حوکمرانەکانی پاشایەتی بۆگەنی هێنایە چوك ، نوکەرە ئەلقە لە گوێیەکانی ئیستعمار پەیایان بردە بەر سیاسەتی ئاگرو ئاسن‌و راونان ، کونەپەرستە چلکاو خورەکانی کوردیش بەناوی ئاینەوە چەند مالێکی کوردە تێکۆشەرەکانیان دا بەر گوللە لە هەولێر بەبیانوی ئەوەی ، ئەم ماڵانە دوای (چیتان دەوێ سەربەستی ، عەباو پێچە هەڵبەستی ـ کچو کور پێکەوە رابوەستی .... کوران بۆ کچان هەڵستی) !

بەڵام لە ئەنجامی شۆڕشی (١٤)ی تەموزی پیروز ، خاوەن دروشمەکان‌و ئاغاکانیان کەوتنە ژێر پێی میللەتی تێکوشەر وە رووڕەشییان بۆ مایەوە .

● پاش شۆڕشی (١٤)ی تەموز ، کە دان‌نرا بە مافی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئافرەت لە عیراق‌داو ئافرەتان چۆنە ریزی بەرگری میللی بۆ پاراستنی کۆماری تازە ، دیسان هەنیوەکانی نوری‌سەعید کەوتنە ، سەرلەقاند . ئەم جارە بالورەیەکی نوێ هاتە کایەوە (بعد شهر ، ماکو مهر) .

● ئەمروکەش دووبارە هەتیوو چلکاو خورەکانی رژیمی پاشەیەتی‌و ئیستعمار بەهەمان تەپڵ هەڵئەپرن‌و بەربەرەکانی پەرەسەندنی بیری پێشکەوتن خوازی کوردی‌و سەربەستی‌و مافی ئافرەتانی کورد ئەکەن .

بەڵام خەیاڵیان خاوە ، با زۆر چاك بزانن‌و دلنیابن ، هەڵپە هەڵپی ئەم جارەشیان ، شێوەنە بۆ چارەرەشی خۆیان .

بێ‌گومان دووا قوناغیانە ، دووا پەلەقاژەی مەرگیانە و سەرکەوتن هەر بۆ میللەت‌و بزوتنەوە پێشکەوتن خوازەکەیەتی .

وەزارەتی کاروباری ژوورو
بەڕێوەبەرایەتی ئینحصاری توتن
ـ مەلبەندی گشتی ـ

ئاگاداری ژمارە(٢١)ی ساڵی ١٩٧١

لە بەڕێوەبەرایەتی ئینحصاری توتنەوە

مناقصەی گواستنەوەی توتن

ئیدارەی ئینحصاری توتن‌بانگی هەموو ئەوانەی ئەیانەوی بەشداری بکەن لە موناقەصەی‌ئەهێنی گواستنەوەی توتنەکەی لە وە بۆ ئەو شوێنانەی کە لەمادەی یەکی مەرجەکانی موناقەصە دیاری کراون .

عەطائات پێشکەش ئەکرێ‌لەناوزەرفێکی مۆر کراودا بۆ سکرتێری ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی لە بەغدا پێش وەیا لەسەعات دوانزەی رۆژی شەموریکەوتی ١٥ـ٥ـ١٩٧١ بە مەرجێك لەگەڵ عەطائاتەکان تأمینات (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد دینارو کەفالەی مەصرەفی‌و باوەرنامەی بەشداربوون لە غورفەی تجارە وەیا باوەرنامەی‌تەسجیل لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی زەریبەی دەخلی گشتی ، پێش کەش کرێ .

ئەتوانری ئاگاداری‌و مەرجەکانی موناقەصە بەدەست‌خرێ لەلایەن سکرتێری‌مەجلسی بەڕێوەبەرایەتی لە مەرکەزی ئەم بەڕێوەبەرایەتی‌یەوە لە مەرکەزی بەڕێوەبەرایەتیە کانی ئینحصاری توتن لە سلێمانی‌و هەولیرو نەینواو کەرکوك .

بەڕێوەبەری گشتی‌و ئینحصاری توتن
سەرۆکی مجلسی بەڕێوەبەرایەتی

ئابوونەی بەشداربوون لەهاوکاری‌دا
لە بەغدا : دوو دینار
لە دەرەوەی بەغدا : دوو دینارو نیو
لە دەرەوەی وڵات : سێ دینار
هەموو چەك و پارەیەك بە ناوی :
« سەربەست بامەڕنی » یەوە ئەنێرێت

پاشماوەی : د. حیاة شرارة

ریالیزمی سوسیالیستی چۆنە لەبارەی تەحلیلی سایکۆلۆژی‌یەوە ؟

وەلام :

نووسەرانی سۆڤیەت ـ هەر لە ساڵەکانی سی‌یەوە ـ بەرەو گەشەکردن‌و زەنگین کردنی ناخەوەی مرۆڤی سۆڤیەت لاربوونەوە ، کە بەر لە ئەم مێژوە ئەم رێبازە زۆر کزو لاوازو سست بوو .. رێبازگەی ریالیزمی سوسیالیستی پتر بایەخ بەدەس نیشان کردن‌و وێنەکێشانی هەست‌و نەست‌و خرپەو تاسەو ژان‌و سۆزەکانی ئادەمیزاد ئەدات لەساتی کار کردن‌و ژیانی رۆژانەو ئاشتی‌و جەنگ‌دا .. ئەو بەرهەمانەی کە لەبارەی جەنگی جیهانی دووهەمەوە ئەدوێت بایەخێکی زۆری بەم شی‌کردنە سایکۆلۆژی‌یە داوە .

پرسیار : راتان دەربارەی ئەدەبیاتی کوردی چیە ؟ ئایا تا ئێستا نووسەری کورد توانیویەتی پەیامەکەی بگەیەنێتە جێ ؟

وەلام :

بەرای‌من‌و شارەزاییم ئەدەبی کوردی ـ بە شێوەیەکی تێکرایی ـ مۆرکێکی پشکەوتن خوازانەی بەخۆیەوە گرتوەو تا رادەیەکی باشیش توانیویەتی رەنگ‌رێژی خەونی ئادەمیزادی کورد بێت‌و لەئامانجەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد بدوێت‌و بیدرکێنێ رولەرووی هەڵشاخان و شۆڕشگێران بە رووی تورکە زور دارەکان‌و لە پاشا داگیرکەری ئینگلیزی ..!! هەر لەم‌ساڵانەی‌دواییش‌دا نوێنەرانی رۆشنبیری کوردی چوستو چالاکی‌یەکی ئاشکرایان نوواندوە کە بووە بە مایەی گەشەکردنی بزوتنەوەی وەرگێڕان‌و پەخش کردن‌و زیندوو کردنەوەی فۆلکلۆرو سامانی ئەدەبی‌و فیکری‌کوردی بە چەشنێ بزوتنەوەی رۆشن بیرانی کورد گەیشتە ئەو رادەیەی کە یەکیەتی یەك بە ناوی (یەکیەتی نووسەرانی کورد) بێنە کایەوە ، کە بەلای منەوە ئەگەر هات‌و بەتەواوی سوودی لێ‌وەرگیرێت دەورێکی یەکجار زل ئەبینێت لە گەشە کردن‌و بۆپێشەوە بردنی رۆشنبیری‌ی کوردی ویارمەتی‌دانی نووسەرانی کورد بۆ چاپکردن‌و بلاو کردنەوەی بەرهەمەکانیان .

پاشماوەی : ئیسماعیل خەیات

بەتێکرای باسەکانی ئەوتابلۆیانەی کە ئەم جارە پێشکەشی ئەکەم .. بریتین لەو بابەتانەی کە لە ژیانی کوردەواریمان دان .. وەزیاتر رەنگ و روخساری مرۆڤی کوردی پێوە دیارە .. مرۆڤی کوردی کویلەو دواکەوتووی دیهاتەکانمان کەهێشتا لە کەڵ میردەزمەی دەرەبەگایەتیدا ئەناڵێنن .

ئەمە وەڵامی یەکەم پرسیاری هاوکاری بوو کە سەرەتای زۆر ئیلهامی وەرگرتووە کە لەهەستێکی نیشتمان پەروەرانەیەوە هاتۆتە دەرەوە هەروها ئەوەمان بۆ رون ئەکاتەوە کە مەبەستی هەرەسەرەکی کردۆنەوەی ئەم جۆرە پێشانگایانە چی‌یە ئەڵێ: تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە بتوانم خزمەتێکی ئەوتۆ پێشکەشی کۆمەڵانی خەڵکی نیشتمانەکەم و مرۆڤایەتی راستەقینە بکەم ، مەبەستم راهاتنی چاوی رێزلێ گرتن‌و سەنگینی گەلەکەمە بۆهونەر . بۆ زانینێك کە . بتوانێ پێی لە ژیانی پر ناکۆکی رۆژانەی خۆیان بگەن . وە وەك بەشێکی هەرە گرنگی هونەری « نیگاکێشی‌یە »کە زمانێکی حاڵە بۆ هەموو مرۆڤێك خۆێندەوارو نەخۆێندەوار بۆ کورێك و مەکسیکی‌یەك یا بە ووشەیەکی تر ئەتوانین بڵێین کە هونەری نیگارکێشان زمانێکی جیهانی‌یە بۆ تێگەیشتنی گەلانی هەموو سەرووی زەمین .. وە بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە پێشانگایانە ئەڵێ بۆ ئەوەیە کە ببێتە کەلەپوورێکی مێروویی بۆ ژیای ئەم قۆناخەی نەتەوەکەمان .. دەربارەی تێگەیشتنی هونەری‌و چونی‌یەتی مەبەستی نیگاکیش خۆی ئەڵێ ماناى نیگارکێشان ووشەیەکی یەکجار سەختو قووڵە .. وە ئەتوانم کە بڵێم کە هەرچەندێك لێی بکۆڵیتەوە هێشتا کەمە وەلە هەمان کاتیش‌دا دەریایەکی وایە کە تا بیری لێ بکرێتەوەو لێی بکۆلرێتەوە تەواو بوونی نی‌یە .. وێنە کێشان لە پێش هەموو شتێکا هەستەو دەربرینی ویژدانی هونەرمەندە بەرامبەر بەو واقعە کەتیایا ئەژێ وە بەرای تایبەتی خۆی ئەلێ کە هونەرمەند بەشێکی کۆمەڵەو بە هیچ جۆرێك جیابوونەوەی نی‌یە .. وە هەرلەبەر ئەوەیە کە ئەبێ لە هەموو کەسێکی تری لە کۆمەڵ هەستیارتر بێت . چونکە هونەرمەند لە کۆمەڵا وەك ژمارەی پەنجەی دەستەبن بۆیەکا ئەبێ ببێتە رۆشن‌کەرەوەی رێگای تاریکی ژیانی کۆمەڵ بێت .

وە کاك ئیسماعیل پەیرەوی قوتابخانەی ریالیزمی نوێ ئەکات وە رۆژ لەدوای رۆژیش بروای بە گۆڕانی ناوەڕۆکی هونەر هەیە .

لە کۆتایی‌دا هەندێ وورده گلەی لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان ئەکات کە هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان نەداوەتە بزوتنەوەی هونەری کوردی .. وە بە تایبەتی بەشی نیگاریش .

Institut kurde de Paris

ژمارە ـ ١٩
٢٢ی تایار ١٩٧١

ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن

بەڕێز قازی هەولێر ماموستا محمد رشاد مفتی بۆ هاوکاری ئەدوێ

سەرنجێك

[یریدون لیطفئوا نور الله بأفواههم والله یتم نوره ولو کره الکافرون]

ئەمانەوێ بە خوێنەری بەڕێزی ڕۆژنامەکەمان ڕابگەێنین کە ئەو بانگەوازەی لەلایەن کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانەوە لە ژمارەی (١٧)ی هاوکاریدا بڵاوکرایەوە ،لەگەڵ هەموو ئەو نووسینو مەبەستانەی کە پەیوەندیان بەو مەسەلەیەوە هەیە ، بەپێی سەربەستی بیروباوەڕو دەربڕین بڵاوکراونەتەوەو ئێمە ئامادەین بۆ بڵاوکردنەوەی هەر نووسینو بەرپەرچدانەوەیەك بە مەرجێك لە سنووری ئەدەبو ڕەووشتی کۆمەڵایەتیمان نەچێتە دەرەوە ، ئەمە جگە لەوەی ئەمانەوێ بە هەمووان ڕابگەێنین کە ئێمە ئەو بانگەوازەمان بڵاوکردەوە بڕوامان وابوو ـ وەکوو هەر واشە ـ کە هیچ مەبەستێکی (ئیلحاد)ی و خوا نەناسی تێدا نەبوە .

ـ هاوکاری ـ

وەنەبێ ئەوەی (هاوکاری) لە ژمارەی (١٧)ی دا بڵاوی کردەوە دژی ئاینی ئیسلامی پیرۆز بێ ، بەڵکو دژی ئەو کەسانە بوو کە لە ژێر ناوی ئایندا خەریکی دژایەتی کردنی بزوتنەوەی پێشکەوتن خوازی مروڤی کوردن ، وە کە دوژمنایەتی سەربەستی ئافرەتی کورد ئەکەن ، لە ڕاستیدا دژایەتی جەوهەری پاکو خاوێنی ئیسلامەتی ئەکەن ، ئەو ئاینەی کە لە پێش هەزار ساڵ زیاتر ، ئافرەتی نەك لە بەندو کوتی کومەڵایەتی ڕزگار کردووەو بەس ، بەڵکو لە (زینده بەچاڵ کردن)ی ڕزگار کردووە .

بۆیە عولەمای دینی ئیسلامی پیرۆز دڵسۆزانە ئامادەن بەرگری لە مافەکانی کورد بکەن ، لەم مەیدانەدا قازیی هەولێری بەڕێز (ماموستا محمد رشاد مفتی دلێرانە بۆ بەرگری لە ئیسلامی پیرۆز ئەم قسانەی پێشکەش خوینەرانی کوردی کرد لە چاو پێکەوتنێکا لەگەڵ (هاوکاری)دا ماموستا قسەکەی بەم ئایەتە پیرۆزەوە دەست پێکرد :

(یا أیها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم ..)

ئەو ڕەگەزو نەتەوانەی هەن وەك کوردو عەرەبو تورکو فورس وفرەنس و ئەڵمان .. هتد . خوا دروستی کردون ، هەر کەسێ هەوڵ بدا نەتەوەیەك لە یەکێکی تر بتوێنێتەوە یا لە ناوی بات بێگومان خیلافی نصی قورئانەو تەقەللایەکی ڕاست نیەو پێویستە ڕێی لێبگیرێ .

وە لە وەرامی پرسیاری ئەو جورە خوێندەوارە نە شارەزایانە کە گوایە خوای مەزن هەزارو یەك ناوی هەیە ماموستا مفتی فەرموی :

(ناوەکانی خوا ئەوەی لە پێغەمبەرەوە بە ئێمە گەیشتبێ تەنیا (٩٩) یە وە ناوەکانی (وەستاوە) دروست نیە کەم و زیادکردنی ، ئیمە تائیستا نەمان زانیوە خوا هەزارو یەك ناوی هەبێ) .

ماموستاوتی : پیویستە ریگەی ئافرەت بدرێ بخوێنێو کاربکات لە هەموو کاروباری کۆمەڵایەتی بەشداربێ وەپێویستە ، بگرە (فرض الکفایە) یە کە دکتوری ئافرەت لە هەر کۆمەڵیکدابێو کە لە فەرمایشتی پێغەمبەرا هاتووە (طلب العلم فریضة علی کل مسلم ومسلمة) .

لە وەرامی پرسیاری سەربەستی بیروراو چۆنیەتی بیرکردنەوەی نوسەرو شاعیرانی کورد ووتی :

(لە کۆرەکەی یادی چواردەمینی ساڵەی (کانی) شاعیردا ووتم : هەرنەتەوەیەك شاعیری نەبێ نەتەوەیەکی بێزەوقەو هۆی پێشکەوتنی ڕوشنبیرو شاعیرەکانیەتی ، پێویستە شاعیرەکانمان بەهەستی ناسك

ماموستا محمد رشاد مفتی

و بەسۆزیان چارەسەری گیروگرفتە کۆمەڵایەتیو دەرونییەکانی گەلی کورد بکەن .. بە مەرجێك لەگەڵ ئاین‌دا ناتەبا نەبێ وە زۆر جێی خۆیەتی بە زمانی کوردیش دراسەتی مەسائلی فەلسەفی بکرێ وە من بە چاکی ئەزانم هەر باسێك ، هەر بەرهەمێکی نوێ کە بڵاوئەکرێتەوە دوای خوێندنەوەو لێکولینەوەیەکی قول ڕەخنەی لێبگیرێتو ئەگەر هەڵەیەکی تیابێ بەشێوەیەکی ئەدەبی وەرامی بدرێتەوە نەك بەهەرەشەو گورەشەو چاووراو تەقەلادانی ئازاردانو شەڕەجنێو .. چونکە زۆرشت هەیە بەڕوکەش سەرپێچیو ڕێی ڕاست دەرچونە بەڵام لە ناخدا زۆر دروستو تەواوەو خاوەنەکەی مەبەستێکی تایبەتی هەبووە کە خەلکی تر بۆی نەچوون هەروەکو پێغەمبەریش ئەفەرموێ (انما الاعمال بالنیات) .

هاوکاری ـ لە کاتێکا سوپاسی بێپایانی ماموستای بەڕێز ئەکەین ، هیوادارین هەموو عولەمای دینی ئیسلامی پیرۆز ، بە ئەرکی خۆیان هەڵسن، دژی ئەوانەی کە نارەوا ترین تاوان بە ناوی دینی ئیسلامی پیرۆزەوە ئەکەنو لە پێناو دەرخستنی حەقیقەتی مەوقفی ئیسلام لە سەربەستی ئافرەتو سەربەستی بیرکردنەوە .

له ئاسۆی ئەرخەوانیدا

سەربەست

● مەسەلەی دان‌نان بە مافەکانی ئافرەتی کورد دا
خوێنەری بەڕێز ...

ژمارەی ڕابوردوو ئەم گوشەیەی تیا نەبوو ، گەلێ کەس (کە پێیان خوشە) وایان بڵاوکردەوە کە لابراووم بە هۆی ئەو چەند نووسینانەی لە ژمارەی (١٧)ی هاوکاریدا بلاومان کردبووەوە (ئەی قەمەڵە نەترسەکان یەکگرن) وە (بەشی دووەم لە ئاسۆی ئەرخەوانی) .

ئەم تاقمە بیر تەسكو کونەپەرستە ، هەر بەوەشەوە نەوەستان ، بەڵکو چەندەها بروسکەیان نارد بۆ بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندنو بۆ ڕۆژنامەی (التآخی)و ڕۆژنامەی (الجمهوریە) ،گوایە نارەزایی و تورەبوونی خۆیان دەربڕیوەو داوایان کردووە بە دەستێکی پۆڵایین لیمان بدرێ !!

بێگومان ئەم چەند لایە بروسکەکانیان تورهەڵدایە لاوە .

***

خوێنەری بەڕێز

ئەم جموجۆڵو هەڵپەی کونەپەرستەکان لام سەیر نیە، ئەوەی کە سەیرەو جێگەی داخە هەڵوێستی گەلێ لەوانەی خۆیان بەروشن فیکر ئەزانن و لەهەموو کوڕو مەیدانێکا بە قسەی زل بەرگری لە بیری پێشکەوتوئەکەنو کە کار ئەگاتە ئەوە، هەڵوێستێکی پێویست وەرئەگرن لە پێناو ئەو بیروباوەڕانە ، هەڵدێن لەو ڕووبەڕوو بوونە .

***

بەڵام ئەڵێی چی گەلێ کەس هەن بۆ ئەوەی (کورسییەکە) بپارێزن ، خۆیان پیاو خراپ ئەکەن وەك بەردی بن گوم بێ‌دەنگو سەنگن ، یا دەردی کورد ووتەنی (دەستی بەکلاوەکەیەوە گرتووەبانەییا) .

***

ئینجا مەسەلەی‌مان‌و نەمانمان لە هاوکاری دا .

ئەمەوێ ئەوە بزانرێ ئێمە مەیدانی ڕۆژنامەگەریمان هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی بێ‌بژینو بەس ، بەڵکو بەچاکترین ڕێگامان زانیوە سەرەرای هەموو نەخوشیەکانی بۆ دەربرینی بیروڕامانو بلاو کردنەوەی بیروباوەری پێشکەوتووخواز ، بیروباوەری شورشگیرانەی کوردایەتی وە لەپێناوی بەرگری کردن لەو بیروباوەڕانە کە کونەپەرستە چلکاو خورەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی وەکو سەگی هار تێی بەربوونو ئەیانەوێ لەناویان بەرن .

هەرکاتێك بزانین‌کە ناتوانین ئەوە بکەین ، ناتوانین بەوپەری سەربەستی بیرورامان بلاو کەینەوە ، ناتوانین بەرگری لەو بیرورایانە بکەین ، لێرە نابین ،لێرە نامینین ، وە تاقی کردنەوەی پێشومان ئەوە بۆ خوینەری بەڕێز ئەسەلمێنێ .

ئەمە جگە لەوەی‌لێپرسراوانی دەزگای گشتی چاپەمەنیو بلاو کردنەوە ، بەهیچ جورێك‌هەوڵیان‌نەداوەلەو سەربەستیەی بلاو کردنەوە کە لە هاوکاری‌داهەیە کەم کەنەوە .

***

بێگومان ، کە ئەمە هەڵوێستمان بێ نامەی هەرەشەو گورەشەی کاسەلێسی کونەپەرستان ، کارمان تێ‌ناکا ، بویەش بەم نزیکانە بە (زەنگوغراف) بلاویان ئەکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەرە بەڕێزەکان ، بۆگەنیو نزمی ئەو نامەو نووسەرەکانیان بزانن .

***

مەسەلەی دان‌نان بەمافەکانی ئافرەت‌دا .

سەرنجێکی سەرپێیی کۆمەڵی کوردەواری ، یەکسانی ئافرەتو پیاوی کورد لەهەموو مەیدانێکی ژیانا ئەسەلمێنێ .

ئەمە بەهۆی ئەوە بووە . ئافرەتی‌کورد شان‌بەشانی‌پیاوی کورد ، زەوی کێڵانو وەردبڕینو پاچەکوڵەو چاندنو بژارو دروێنەو دەسکەنەو ئاودێریو گێرەو کێشەو شەنەو شەغرەو مازوچنینو قورکاریو مال‌دروست‌کردنو تەون‌گەریو چیخ‌کردنو بەوشو ڕستنی کردووە .

***

بەکورتی ئافرەتی کورد شان‌بەشانی پیاوی کورد دەوری هەبووە لە بەرهەم هێنانا ، وەوەکو پیاو لێپرسراو بووە لە دەستەبەری کردنی بژێوی خێزانەکەی .

ئەم دەورەی دەسەلاتێکی پێ بەخشیووە کە هێزەکەی لەو بەشداربوونە چالاکانەی لە بەرهەم هێنانا هەڵقولاوە ، بۆیە ئافرەتی کورد وە تاکو ئەم پەیوەندیە ئابووریانە هەبووە، شان‌بەشانی پیاو ڕاوەستاوەو یەکسانی جەوهەری ئەو ڕوەستانەی بووە .

***

ئەوەی شایستەی باسیشە، هەموو ئەو مێژوناس‌ورۆژهەلاتناسەکان کە لەسەر کوردیان نووسیووە ، ئەوەیان پیشانداوە کە ئافرەتی کورد لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ، پایەیێکی گەلێ بەرزتری هەبووە لەوەی کە ئافرەتانی گەلانی دراوسێی کورد هەیان بووە .

بەڵام لە ئەنجامی گوڕانی لە دووانەهاتوی ژیانو پێشکەوتنی پەیوەندیە ئابوریەکانو تێکەلاوبوونی کورد بە نەتەوەکانی تر ئافرەتی کورد بەتایبەتی (لە مەراکزی بازرگانیو لەشارەکان) بەرەبەرە دوورکەوتوتەوە لە بەشداری کردن لە بەرهەم‌هێنان دا ،وە پیاو ئەرەکی دەستەبەری کردنی ژیانو بەڕێوەبردنی خێزانەکەی کەوتوتە ئەستۆ ، ئەو دەسەلاتەی کە ئافرەت هەی بوو ، ئەو یەکسانی‌یەی جاران هەیبوو ، رووەو نەمان ڕۆییوەو بەقەدەر دورکەوتنەوەی ئافرەت لە بەرهەم‌هێنانا ، ئەوەندە دەسەلاتەکانی لەدەست‌چوو ، وە پیاو زیاتر خۆی فەرزکرد بەسەر خێزاندا ، تاوای لێ‌هاتووە ئەمڕۆ کە داوای سەربەستی ئافرەتو دان‌نان بەمافەکانیو دواکرانی ئەوەی کە ئافرەتی کورد وەك جاران شان بەشانی پیاو لە هەموو مەیدانێکا کار بکات ، ببێت بە تاوانێکی گەورەو گوناهێکی ئەوتو کە بەهیچ جورێك لێی نابەخشرێ .

بڕوانە : ل ٧

ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکانی کورد پشتگیری سەربەستی ئافرەتی کورد ئەکەن

بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست

سلاوێکی گەرم

لە ژمارەی (١٧)ی هاوکاری دا چەند نووسراوێکتان بلاو کردبوو ، تیایا بەرپەرچی ئەو خەڵکانە درابوو کە بەشێوەیێکی نازانستیانەو نامرۆڤایەتیانەو لەهەمان کاتدا بەپێچەوانەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزەوە دژی سەربەستی ئافرەتو دان‌نان بە مافە ڕەواکانی وەستاون .

ئاشکرایە ئەمانەی خۆیان بە پارێزەری ئاینی ئیسلامی ئەزانن، فریان بەسەر ئیسلامەوە نیە وە تەنها لە تورکەکەی خۆیانەوە ئەوە دەرئەهێنن کە گوایە میللەت بەفەلسەفە کونەپەرستەکانیان سەرئەکەویو جەماهیری جەوساوەی کوردستانیش هەستی چینایەتیان بەم ئەفسانانە ئەبزوێو شۆڕش بەرپا ئەکەنو ڕزگاریان ئەبێ .

بێگومان ئەم هەموو هاوارو باوکەرۆیە کە بەپێچەوانەی ڕەورەوەی مێژوو گوڕانی ژیانە، بۆ دەم کوت کردنی جەماهیری کودستانەك بەتەنگ هاتنی ئاینی ئیسلامی پیرۆزە .

ئەوانە تازە ئەیانەوێ بمان گێرنەوە دوخیانی جاران ، بۆ ڕۆژانی سەدەکانی پرتاریکی کە بەهەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمانیان چاوبەست کردبوو .

بۆیە ئێمە لەبەر ڕوشنایەتی بیروباوەڕی پێشکەوتوو بەپێویستمان زانی کە بەدەنگ نووسراوەکانتانەوە بێینو پشتگیریتان بکەین لە بەرگری کردن لە مافەرەواکانی ئافرەتو سەربەستی ئافرەتی کورد ، دلنیاشین کە بەهەزاران ڕۆڵەی دلسۆزی‌کوردستان پشتگیریتان ئەکەنو پشتگیری هەموو ئەو کەسانە ئەکەن کە مەبەستیان پێشکەوتنی گەلو ڕزگاری نیشتمانە .

ئەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێت، ئەگەر بمانەوێ خزمەتی جەماهیری کوردستان بکەین ، ئەبێت چاوەڕوانی گەلێك هێرشی دڕندانە تر ببینو ئەبێت بەشانازی‌یەوە خۆمانی لەبەرا ڕابگرینو کوڵ نەدین .

سەرکەوتن هەر بۆ بیری پێشکەوتن خوازە ، ڕسوایی‌و سەرسوری وشکاندنیش هەر بۆ کونەپەرستە ئەلقە لەگوێیەکانی ئیمپریالیزمە .

ئیمزا :

نجم الدین عزیز ـ شمال جمال ـ حمە عبدالرحمن ـ سالار مصطفی ـ عزیز محمد ـ یاسین أنور ـ أنیس شاکر ـ کامل کریم ـ ئەمیر بکر ـ صلاح مندلاوی ـ ضیاء حسین ـ عبدالرزاق فیلی ـ دارا شیخ نوری ـ شاسوار جلال ـ فاضل محمود .

●

کورد ئەڵێ « لە بێ خەبەران کەشکەك سلاوات » !! میللەتان کە پێوانەی‌پێشکەوتنو زانینیان ئەکرێت ، بە پێوانەو مستوای زانینی ڕۆشن‌بیرو زاناو ئەدیبو هونەرمەندیەوە ئەناسرێنو ئەکرێن ، نەك بە ژمارە کۆنەپەرستو نەزانو دواکەوتوو فەقیرو هەژاری ئەقل ، جا لەبەر ئەوەئێمەی‌ڕۆشن‌بیرو پێشکەوتن خوازو لێپرسراوی ئەم قوناغە مێژوویەی کۆمەڵەکەمان ، بەهەموو توانایەکمانەوە پشتگیری هەنگاوەپیروزەکەی قەڵەمە نەترسەکانی کورد ئەکەین وە دژ بەوە ئەوەستین کە عەقلیەتی دەرەبەگایەتیو سەدەکانی ناوەڕاست ، بۆ ئەمڕۆی ئافرەتانی کورد بەکاربێت [جونکە چەپلە بە دەستێك تێ نادرێت] وە ئاشکرایە کە بێ ڕوشن‌فیکری ئافرەتو ڕۆیشتنی شان‌بەشانی پیاو لە هەموو مەیدانەکانی ژیان‌دا هیچ کۆمەڵێك ناگاتە ئەنجامێکی پێویست .

.... جونکە ئەوەی کتێبۆلکەی (دەم کوتی تاوان باران) نووسیویەتیو دەری خستووە ، بەهیچ جورێك لە بەرژەوەندی‌پێشکەوتن‌و ڕاستی ئایینی ئیسلامی پیروزدا نیە ، چونکە هەموو ئەزانین کە ئایینی ئیسلامی هەمیشە ڕوای بەرزگاری ئافرەت هەبووە .

لەبەر ئەوە ئێمە تاوانێکی زۆرگەورەو دروست‌کراو لەو کتێبەدا ئەبینینو بەئاشکرا دژ بەو کارە گومان لێکراوە ئەوەستین ، زۆر بوختانی زلزلی لەپاڵ حدیثو ئایاتی قورئانی پیرۆزدا کردووە .

محمد حمە باقی ـ فهمی ئەنوەر قەرەداغی ـ ئاوات عبد الغفور ـ عبدالموجود طه ـ هیوا جەلال ـ دلێر رشید ـ سلیمان عمر ـ ووریا هاواری ـ کمال‌علی محمود ـ کامل مصطفی ـ اکرم سعید ـ عبدالهادی ملا عبدو ـ جمال رشید .

بروسکەی تری پشتگیری

ئەو بانگەوازەی دەستەیەك ئەدیبو ڕۆشنبیرو هونەرمەند بە ناوی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان .. یەکگرن) موە لە ژمارە (١٧)ی هاوکاریدا بلاویان کردەوە ، دەنگو ڕای هەموو ڕۆشنبیرو هونەرمەندێکی تری نەتەوەکەمانە .. پشتگیری ئەو قەڵەمە نەترسانە ئەکەینو دەنگمان ئەخەینە پاڵ دەنگیان لەپێناوی سەربەست کردنی ئافرەتداو سەرخستنی کاروانی وشەی سەربەستو بروسکەی قەڵەمی نەترسدا .

شکریە رسول . نسرین قوربانی . ڕۆستەم محیی‌الدین . عطا قزاز ، حمید عزیز ، برهان انور محمود .

جمال ، عادل جلال ، حسن‌جباری ، هاشم موسی ، فرهاد شریف ، یعقوب مصطفی ، لائەعبدە ، عبدالجبار غریب ، حمە جزا ، علی کریم ، علی محمد شیخانی ، حکمت هندی ، زهیر عبدالمسیح ، صبیحە تالەبانی ،راقیە ابراهیم ، طالب تالەبانی ، صبیحة مصطفی ، پەروین بابان بدیعة عبدالله ، سیروان احمد ، عبدالوهاب تالەبانی

دیسانەوە پشتگیری‌کردنی بانگەوازەکە

لە ڕۆژنامەی « هاوکاری »ی خۆشەویستا بانگەوازێك لە ژێر ناوی « ئەی قەڵەمە نەترسەکان .. یەك گرن »دا لە ژمارەی (١٧)ی ڕێکەوتی ٩ـ٥ بڵاو کرایەوە ، باسی سەربەستیی ئافرەتو داوای سەندنەوەی مافە خوراوەکانی کردوە لە ناو کۆمەڵدا ، وە دژی چینی کۆنەپەرستو چاوبەستەکان وەستاوە کە ئەیانەوێت هەمووماف‌ە ڕەواکانی ئافرەتی کورد پێشێل‌بکەن لەڕێگای مەبەستی‌خۆیاندا و ڕەورەوەی ژیانی نەتەوایەتیمان بەرەو دواوە بەرن ..

ئێمەش زۆر بە شانازی‌یەوە‌پشتگیریی ئەو کۆمەڵە ڕۆشن‌بیرو نووسەرانە ئەکەین ، وەدوا کارین هەموو خوێندەوارو کوردێکی پێشکەوتن‌خوازو بەشەرەف بەدەنگی ئەم بانگەوازەوە بێن .

چونکە ئافرەت نیوەی کۆمەڵەوە هیچ کاتێك ناگەین بەئامانجو کاروانی گەلانی پێشکەوتوو تا ئافرەتی کورد شان‌بەشانی براکانی لە کارو تێکۆشانا نەبێو .. هەموو مافێکی خۆی نەدرێتێ ..

نەك هەروەکو هەندێك ئەیانەوێ بیانگێڕنەوە بۆ دۆخو خەلووزدانی ناو چوار دیوارەکەی جارانی دەوری کۆن ..

[کۆمەڵی قوتابیان لە دانیشگای بەغدا]

ناوەکان :

یعقوب براهیم . هاوار عبدالکریم. عزیز محمود عبدالکریم عبدالقادر حمە أمین ماوەتی . حسن حاجی محمود . أنیس محمد شاکر . عبدالرحمن حسین . دلشاد مەریوانی . نەریمان مەستی. شیرکۆفتح‌الله ـ زیاد طالەبانی . جمیل علی . بکر احمد ـ رمزی پیرداوود ـ شاسوار جەلال محمد ـ ابراهیم نەورۆز ـ صدر الدین سیان ـ محمد عثمان زادە .

دروا پەلەقاژەی مەرگی کۆنەپەرستان

ممتاز حیدری

● پاش ئەوەی « بانگەوازەکەی » چەند ڕەوشن‌بیرێکی کوردو (ئاسۆی ئەرخوانی)ی کاك سەربەست لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا خوێندەوە ، بەپێویستم‌زانی‌چەند ووشەیەکی سەرپێیی ئاراستە بکەم ، بە خاوەن ئەو دڵ ڕەشانەی سەرسپیی ژێر کەچەڵو ئەو مێشکانەی لە ئەنجامی ئیسقانو چلکاوو پەروەردەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیو ئیستعمار پێگەییون ، ئەوانەی کوێرن لە بەردەم تیشکی بیری پێش‌کەوتن خوازی مرۆڤایەتی سەدەی بیستەم ، بەڵێ، ئەوانەی بەرەو دۆزەخەکەی «نیرونو مەتەرنیخو موسیلینیو هێتلەر » ئەرۆن :

● لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ، لە ئەنجامی گوڕانی کۆمەڵایەتیدا زۆر (قارەمان)ی ئاخرزەمان پەیدابوون ، ویستیتیان بە چەپکێ پووشی ووشکی قەراخ دەریاکان ، خۆیان لە خنکاندن ڕزگار بکەن ، پاش ئەوەی لافاوی گوڕانی مێژو ئەستونی ڕژێمی کۆنەپەرستیان هێنابووە هەژان ، بەڵام ئەو (فس‌فس پالەوانانە) نەك هەر بەو پووشە ووشکەخۆیان‌ڕزگار نەکردوتەوە بەڵکو بە پوشەکەوە بوونەتە

بڕوانە : ل ٧

فالچی

کوردستان موکریانی

فەتاح فاڵ فەتاح فاڵ
ئەستێرەت دەدۆزمەوە
فاڵچیەم فەڵە بەخان
فاڵچی وەرە بە قوربان
وا سەردەمێکە ژیان
کچم ناوی خوا بێنە
ناوت چیە ؟ خانم گیان ؟
فەرموو پەنجەکەت بێنە
پەنجایێك لێرە دانێ
مرازی دڵت بڵێ
کچم لێم مەشارەوە
قوربانت بم فاڵچی گیان
ئەستە غفرەڵلا بکە
بەکاری خوای نازانم
چاوم فاڵچی ببورە

من سحران دەکەم بەتاڵ
ئەختەرت دەخوێنمەوە
دوورو دەخەم لێ، ئاخان
وەختە ڕووبکەمە کێوان
ڕەش بووە لەبەر چاوان
پەنا بۆ لای من بێنە
ناوم : مەهنازە قوربان
ڕازی دڵ بدرکێنە
بەدزی کەس نەزانێ
هەر لەگەڵ خۆتا بدوێ
کەوتویە ئەقینێوە
چۆن بوو زانیت‌بەپەنهان؟
هەرچی دەبێ خوا دکا
پەرتووك وا دەڵێ جانم
دڵم وەکو تەنووەوە

فەرموو ئێستە بۆم باسکە
ڕەش بووی وەکو ژوخاڵی
هەرچەند گیربوویە دوای
قوربانت بم فاڵچی گیان
کێ منی ڕەش کردووە ؟
دایکت بانۆی ئەم کۆشکە
حەز لە دڵدارت ناکا
ناوی شابازە قوربان
هەژارێکی چالاکە
مەگری مەتۆرێ مەهناز
من لێکی نزیك دەخەم
هەوڵ دەدەم بێ سازی
چیرۆکی دڵی ئەو بی
تۆ ئەوو ئەو ئەتۆ بێ
بەڵام پارەی پێویستە
هەرچەند دەڵێی داواکە
گەر شادبم بەکامی دڵ
هەرگیز لەیادت نەکەم
مەهنازخان دڵنیابە
خودا حافیز خانم خان

ڕازی ترم بۆ ڕوون‌کە
لەبەر چاوی زۆر تاڵی
ڕاستێکەی ڕەش کراوی
بیکە بۆ خاتری قورئان
منی لەچاو خستووە ؟
دڵی بێ سوزە ووشکە
ناویم پێ بڵێی چاکە
چراکەی دڵمە لە ژیان
دایکم حەزی لێ‌ناکا
ئەستێرەکەی تۆو شاباز
ئاسودەو دەکەم لەخەم
گۆرانێکەو ئاوازی
هەردەم لەبەر چاوی بی
سحرو جادوو لێ دووربی
ڕوودانی ئەم مەبەستە
فەرموو ئەوە ملوانکە
هەتاکو دەچمە ژێر گڵ
هیچ کات بێ‌پارەت نەکەم
بۆ خۆشیت چاوەڕێ بە
فاڵچیەم فەڵە بەخان

institutkurde.org/paris

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یە دەزگای گشتی چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوە دەری ئەکات

تلفون : ـ٦٩٧٢١ ساڵی دووەم ٤ لاپەڕەیە نرخی ٢٠ فلسە ژمارە ٢٠ ١٩ی حوزەیران ١٩٧١

سەرەك بەکر نامەیەکی سەرەکی موریتانیا وەر ئەگرێت



● ڕۆژە پینج شەممەی ڕابوردوو سەرەك کۆمار کاك احمد حسن البکر لە بنوسگەی ڕەسمی خۆی لە کۆشکی کۆماری چاوی کەوت بە محمدوند جدو باڵۆیزی مۆریتانیا لە عیراق . باڵویزی ناوبراو نامەیەکی گفتی سەرەکی موریتانیا مختار ولدد دادەی گەیاند بەسەرەك کۆمار .

● هەروەها سەرەك چاوی کەوت بە عمر عبدالحمید عدیل نوێنەری بەرنامەی گەشەپێدان کە سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانا ئەویش بەبۆنەی کوتایی هاتنی کاروباریەوە لە عیراق دا .

باڵە بیرەوەری نۆزدەی حوزەیران دا دوژمنە راستەقینەکانی گەلەکەمان رسواکەین

« لاپەڕە دوو »

بابشەکێتەوە ئاڵای رۆژنامەگەری شورشگێڕ لە بێناو ووڵاتێکی سەربەست و گەلێکی بەختیار دا

مامۆستا شفیق کمالی وەزیری راگەیاندن ئەو نامەیەی خوێندەوە کە سەرەکی پێشەوا کاك احمد حسن البکر ئاڕاستەی رۆژنامە نووسەکانی کردبو ، بەبۆنەی جەژنی سەدو دوو ساڵەی رۆژنامەگەری عیراقەوە ، ئەویش لەو ئاهەنگەدا رۆژی سێ شەممەی رابوردوو نەقابەی رۆژنامە نووسەکان لەهوڵی خلد گیرای .. سەرۆك لە نامەکەیا داوای لە رۆژنامە نووسەکان کردوە بۆ روخاندنی قیەمی بورجوازی‌و راماڵ کردنی پاشماوەی بیری راست رەو هەوڵ بدەن بۆ بڵاوکردنەوەی باوەڕو خویی شۆڕشگێڕانە .

هەروەها ئەوەی سەلماند کە بەردەوام ئەبێ لە هەوڵ دانا بۆ بەرز کردنەوەی باری رۆژنامەو جێ‌بەجێ کردنی پیویستیەکانی‌و راماڵ کردنی ئەو گیرو گرفتانەی یەتە رێگایان .

دوای ئەوەی مامۆستا کمالی نامەکەی سەرۆك بەکری خوێندەوە ، مامۆستا زکی جابر جێگری وەزارەتی راگەیاندن ووتاری وەزارەتی خوێندەوە ، تیایدا پیرۆزبایی لە رۆژنامە نووسەکان کردو باسی ئەو دەست کەوتانەی کرد کە شۆڕش بۆی بەدی هێناون .

بەدوایدا کاك سعد قاسم حمودی نەقیبی نەقابەی رۆژنامە نووسەکان ووتارێکی دا باسی هەوڵ دانی نەقابەی کرد بو چاکردنی باری ژیانی رۆژنامە نووسەکان .

ئینجا دەست کرا بە خوێندنەوەی ووتارەکانی تر وەك « ووتاری باوڕگەی گشتی رۆژنامە نووسەکانی عەرەب‌و ووتاری (جیری کوبکا) سکرتیری گشتی رۆژنامە نووسەکانی‌کان» ئەو سائەو بروسکانە خوێندرانەوە کە لە رێکخراوە میللەیەکان‌و دامەزراوەکانی راگەیاندنەوە بەم بۆنەیەوە ئاڕاستە کرابوون .

پەیامی هاوکاری

● لە هەفتەی ڕابووردووا جەژنی ڕۆژنامە نووسەکانی عیراق تێپەڕی‌و « هاوکاری » بەهوێ دەرنەچوونی لەو ماوەیەدا نەیتوانی بەشدارییێکی تەواوو پێویست بکات لە یادکردن‌و ئاهەنگ گێڕان بەو بۆنەیەوە .

● لەکاتێکا « هاوکاری » گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بە خاوەن خامە شورشکیڕو پێشکەوتن‌خوازەکان ئەکات ، هیوادارە ئەم خامە جەنگاوەرانە هەرگیز دووانەکەون لە بەرگری گردن لە مافە نەتەوایەتی‌و چینایەتی‌یە ڕەواکانی گەلەکەمان‌و هەمیشە دوژمنانی میللەتی لەئاغاو دەرەبەگ‌و سەرمایەدارو بورژوازی چەپەڵ‌و نوکەرانی ئیمپریالیزم‌و زەیونیزم‌و پیلان‌و تەکبیرە گڵاوەکانیان رسواکەن‌و ڕوی ڕاستەقینەی چەوسێنەرە دڕندەکان دەرخەن، جا لەژێر هەر پەردەیێکا خۆیان شاردبێتەوە ، وەیا بەهەر شێوەیێك خۆیان بنوێنن .

● بێ‌گومان رۆژنامەگەری سەربەست ، تیشکدانەوەی ئاوات‌و ئامانجی جەماهیرەو دەربری ئازاو دڵێری خواست‌و داواکاریەکانیەتی ، هەر لەبەر ئەمەشە بە [دەسەڵاتی چوارەم] لەقەڵەم ئەدرێ لەسیستمی دەوڵەت‌دا .

دیاریشە دەسەڵاتی چوارەم ، ناتوانی ئەم دەورە گرنگە ببینی ئەگەر ئەوپەڕی سەربەستی پێی نەدرێ‌و هەرچی کوسپ‌و تەگەرەو بەندو کوتێك هەیە لەڕێی بینینی ئەو دەورەی لا نەبرێ . ئەمە جگە لەوەی کە ئەبێ کەوادری بەتواناو لێوەشاوە پەروەردە بکرێ‌و رۆژنامەگەری ڕزگارکرێ لەدەست چڵپاو خورەکان کە زوڕناژەنی هەموو تاقم‌و دەسەڵاتێکن‌و جگە لە پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ، هیچ مەبەستێکی تریان نیە .

● لەم رووەوە حکومەتی نیشتمانی‌و نیقابەی رۆژنامە نووسەکان‌و وەزارەتی ڕاگەیاندن چەندین هەوڵی سەرکەوتوویان داوە ، ئەگەرچی هێشتا چارەسەرکردنی ئێجگارەکی ئەم گیروگرفتانە، کە چەندەها ساڵە دروست بووە ، نەکراوە .

بێ‌گومان بەردەوام بوون لەو هەنگاوانەو بایەخدان بە رۆژنامەگەری‌و دەستەبەری کردنی سەربەستی بۆ رۆژنامە نووسەکان ، رێگا تەخت ئەکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی چوارەم بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێ بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە .

سەرەك کۆمار سەرپەرشتی ئاهەنگی دەرچوونی دەورەی « ٣٧ » هەمی کولی‌یەی ئەرکان ئەکات



هەفتەی رابوردوو بە سەرپەرشتی سەرەك کۆمارو فەرماندەی گشت هیزە چەکدارەکان موهیب احمد حسن البکر ئاهەنگی دەرچونی دەرچوانی دەورەی ٣٩ هەمی کلیەی ئەرکان گێڕرا .

وە سەرەك کۆمار کاك حماد شەهاب ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیری بەرگری لە جیاتی خۆی ناردبوو بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو ئاهەنگە .

دیسان هەڤال شبلی عەیسەمی یارمەتی دەری ئەمینداری گشتی پارتی‌و چەند ئەندامیکی هەردوو سەرکردایەتی نەتەوەی‌و هەریمایەتی ئامادە بون .

وە فەریق شەهاب ووتارێکی دا تیایا ووتی : « ئەو دروشمەی سەرەکی پێشەوامان تیکوشەراحمد حسن البکر بەرزی کردەوە(هەموو شتی لە پێناوی تێکوشان)دا وەسیلەو مەبەست‌ورێگامان ئەبێ بۆ تێکوشانی نەتەوایەتی داهاتومان .

ئا . د . ع .

سوپای میللی لە قیتنامی خواروو سەرکەوتنی مەزنی بەدی هێناوە

هانوی ـ شینخوا :

بەپێی ئەو هەواڵەی ئاژانسی « ڤیای ڤونگ » لە خوارووی ڤێتنامەوە گەیاندویەتی ، سوپای میللی‌و گەل لەزۆر شوێنی ڤێتنامی خوارو دا سەرکەوتنی مەزنیان بەدی هێناوە . بەتایبەتی لەو هیرشە گەورانەی لەخواروی ـ فوانگ ـ وناوچەی ـ ثواثیان ـ کردویەتیە سەرهیزەکانی حکومەتی بەکرێ‌گیراوی سایگون لە ئەنجامی ئەو دوو هیرشەدا ٢٠٠ر٢ سەربازی حکومەتی بەکری گیراو کوژراون‌و ٢٠٠ لە هیزەکانی ئەمریکا .

هەروەها لە باکووری ـ فوانگ ـ پەلامارێکی نوێی بنکەیەکی حکومەتی بەکری‌گیراو دراوە نزیکەی ٥٧٠ سەربازی دوژمن کوژراوو بریندارگراون .

بێ‌جگەلەوەی جەنگاوەرەکانی شەڕی چەتەگەری لەڤێتنامی خواروو ١٠٠ هیرشی ئازایانەیان بردۆتەسەر مەخفەرەکانی دوژمن و لەماوەی ئەم مانگەدا ٥٤٠ پولیس‌و سەربازی دوژمنیان بەدیل گرتوە هەروەها ٣ بە لەمی‌جەنگیان نوقم کردوە .

شیلی بانقەکانی بێگانە تەئمیم ئەکات

سەرەکی بانقی مرکزی لە سانتیاگو پاتیەختی شیلی بڵاوی کردەوە کە حکومەتی شیلی هەموو بانقەکانی بێگانە تامیم ئەکات .

سەرەکی بانقی مرکزی کە هەفتەی ڕایوردوو لە ئەوروپاوە گەڕایەوە بۆ ووڵاتەکەی ووتویە ڕێکەوتن لەگەل پێنج بانقا کە لە شیلی لقیان هەیە لەم بارەیەوە تەواو بوە .

ئا . د . ع

ئەدوەرد کەنەدی داواڵە ئەمریکا ئەکات کە پشتگیری وەرگرتنی چین لەنەتەوە یەکگرتوەکان بکات

سناتۆر ئەدورد کەنەدی‌ڕاپورتیکی بڵاو کردۆتەوە تیای‌دا داواڵە حکومەتی واشتۆن‌ئەکات پشت گیری ئەوەبکات چینی میللی بە ئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکان وەربگیرێ . وەك نوێنەری تەنیای هەموو گەلی‌چین .

کەندی ووتویە هەرچەندلەوانەیە ئەم کارە گیروگرفت بۆ ئەمریکا دروست بکات بەڵام‌دوایی چارەسەر ئەکرێت گرنگ ئەوەیە ئێستە باوەڕ بەچینی میللی بهێنری وەك دەوڵەتێ تا لەنەتەوەیەکگرتوەکانی شوێنی خوی بگرێت .

واشنتۆن ئا . ب . ئا . د . ع

گرتنی ٨٠٠ خۆ پێشاندەر لە تۆکیو

پولیسی یابان نزیکەی « ٨٠٠ » خۆپیشان دەری‌گرتوە ، ئەویش لەکاتی ئەو خۆپیشان دانە بەهیزانەداپێرێ بەشی زۆری شارەکانی‌یابانی گرتەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەستنی‌پەیمانی نوێی ئەمریکاو یابان‌وە بەردەوامی مانەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا لە ئۆکیناوە .

جا بە هەزارەها هاووڵاتی‌یابان بەرەو بارەگای پەرلمان‌کشاون‌و تۆڕەی خویان بەرامبەر ئەو پەیمانەدەربری‌وە .

ئاژانسی ئەسوشیتدپریس ئەڵیت : نزیکەی «١٢» هەزار پولیس تەنیا لەشاری تۆکیو ڕژاونەتە سەر شەقامەکان بۆ بەرپەچ دانەوەی خۆپیشان دەرەکان بەم جۆرە شەرێکی گەورە لە نێوان هەردوو لادا ، ڕوی داوە کە بۆتە هوی برنیداربونی ژمارەیەکی زۆر لەهەردوو لایان .

ئا . ب ڕۆیتر

وەفدێکی ئابوریمان بە سەرۆکایەتی حمادی ئەگاتە پەکین

پیرێ وفدێکی ئابوری عیراق بەسەرۆکایەتی دکتور سعدون حمادی وەزیری نەوت‌و کانەکان‌گەیشتە شاری پەکین بەسەردانیکی رەسمی بۆچینی‌میللی .

ئاژانسی دەنگ‌و باسی‌چینی نوێ ئەڵیت فرۆکەخانەی ئازدن بە ئاڵای عیراق‌و چین ڕازابووەوە جەماوەرێکی زۆر هاتبوونە پێش وازی وەفدەکەو هاواریان ئەکرد بە ژیانی گەلی فەلەستین‌و خەباتی گەلانی عەرەب لە خەباتیانا دژی دەست دریژیەکانی سەهیونەکان‌و ئیمپریالمزی ئەمریکا .

ئاژانسەکە زیاتر ووتویە : « فانك‌یی » وەزیری پەیوەندی ئابوری لەگەڵ ووڵاتە بێگانەکانا لە پێش‌وازی وەفدەکەدابو .

رویتر ئا . د . ع

دروستکردنی ٣٤٩ خانووی‌تر لە کوردستان‌دا

وەزارەتی کاروباری‌باکوور ٢٦٧ هەزارو ٧٠٠ دیناری بۆ دروست‌کردنی ٣٤٩خانو تەرخان کردووە بۆ ئەو خێزانانەی کە لە روداوەکانی‌کوردستاندا تووشی زیان بوون .

لە هەفتەی رابوردووداوەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی باکوور « ٢٧ » خانووی‌قەزای کفری‌و شاری کەرکووك‌دا تەواو کرد .

ئێستاکەیش خەرێکی‌دروست‌کردنی (٤٠٩) خانووی ترن لە محافەزەکەدا کە راچاوەروان ئەکرێت لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی داهاتووداتەواو بکرێت بۆ ئەمەش ١٢٢ هەزارو «٧٠٠» دینار دانراوە .

کورتە هەواڵ

ڕۆما :

● ناکوکی سیاسی لە ئیتالیا گەیشتۆتە ڕادەیەك سڵی ئەوەیی لێ‌ئەکرێت بگاتە ڕادەیەکی گەلی ترسناك بێ بە تایبەتی لە هەڵیژادنی داهاتودا کە حەوت ملیون‌و نیوکەس بەشداری تێدا ئەکەن .

عدن :

● لەم شارەوە بڵاو کرایەوە کە دەسەڵات داریەتی یەمەنی دیمکراتی میللی توانیویەتی سەرکەوتنێکی نوێ بەسەر بەکرێ گیراوەکانا بەدی بهێنیت وە لەم دوایەدا «١١٨» بەکرێ گیراو دەردەست کراون .

بۆخارست :

● ئاژانسی دەنگ‌و باسی پولندە بڵاوی کردەوی کە مارشاڵ «ماریانی سبێخالسکی» سەرەکی پێشوی ئەنجومەنی دەوڵەتی پۆڵندەو ئەندامی ارتی کارگێڕانی یەکگرتو وازی لەئیش‌و کاری سەرۆکایەتی بەرەی نیشتمانی هێناوە . لەجیاتی ناو براو «گروسرکوفسکی » هەڵبژیرا .

کوشتنی لێ پرسراوی موخابەراتی ئیسرائیل بەدەستی فیداکارە عەرەبەکان

فیداکارەکانی فەلەستین توانیان « سیمان یانکی » لێ‌پرسراوی موخابەراتی ئیسرائیل بکوژن کە ناوبراو سەرپەرشتی چەند تۆڕێکی جاسوسی دوژمنی لە رام‌الله ئەکرد .

ئەم هەواڵە سەرکردایەتی گشتی هیزەکانی شۆڕشی فەلەستین بڵاوی کردەوە .

پیرێ ئیوارە دەستەیەك لە فیداکارەکان لە ڕام‌الله پەلاماری ئەو ئوتوموبێلەیان‌دا کە لێ‌پرسراوەکەی تیابووە بەر ڕەشاشیان داوەو کوشتویانە .

لەلایەکی کەوە فیداکارەکان پیرێ ئیوارە دەوریەکی دوژمنیان لە هەریمی غەزە گوللەباران کردوە کە لەئەنجامیا چەند سەربازێکی ئەو دەوریەیە کوژراون .

پارتێکی نوێی چەپ ڕەو لە فەرەنسا

چاودێری کەرە سیاسیەکان لە پاریس لەو باوەڕەدان کە « فرانسون میتران » لەم کاتەدا توانای ئەوەی هەیە پارتێکی سوشیالستی بەهیز پێك بێهنیت وە خۆشی بگەیەنێتە ڕیزی پێشەوەی پاڵیۆراوەکانی بەرەی چەپ ڕەو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی‌دا لە فەرەنسا ساڵی ١٩٧٦ .

پاریس . ئا . د . ع

institut de paris

ژمارە ٢٠
١٩ی حوزەیران ١٩٧١

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

خەیروڵڵا عەبدول کەریم


مستەفا خۆشناو

عیزەت عەبدول عەزیز

محەمەد قودسی

★ سەرکەوتن بۆ هەموو ئەو جەنگاوەرە بەشەرەفانەی ڕێگەی عیزەتو قودسیو خەیروڵڵا و خۆشناویان گرتۆتە بەر

نووسینی : پ

له ١٩ حوزەیرانی ١٩٤٧دا حکوومەتی گۆڕبەگۆڕی بنەماڵەی هاشمی گەندەڵ ، چوارتێکۆشەری کوردی لە سێدارەدا ، هەموو گوناهو تاوانیان ئەوەبوو ، کە لەپێناوی رزگاری وولاتەکەیانو دانان بەمافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردیاندا ، ئەرکی نیشتمانیی سەرشانیان جێبەجێ کردبوو .

لەسێدارەدانی ، عیزەت عەبدولعەزیزو خەیروڵڵا عەبدولکەریمو محەمەد قودسیو مستەفا خۆشناو ، پەڵەیەکی ڕەشە بە ناوچەوانی ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی لە دەرەبەگو سەرمایەدارو کۆنەپەرستی کاسەلێس .

لە سێدارەدانی ، ئەم چوار قارەمانەو سەدەها قارەمانی تر کە بە خوێنی لەشیان ڕێگای سەرکەوتنیان تەخت دەکرد هۆیەکی سەرەکی بوو کە پاڵی نا بە هەزارەها ڕەش‌ورووتو ڕەنجدەرو ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕەوە بۆ ئەوەی پەل بە دووای پەلدا ، بەتالیۆن بەشوێن بەتالیونا ، بەرەوپیری مردنو مەرگ ملی ڕێگا بگرنە بەر ڕێگای رزگاری کوردو کوردستان .

لە سێدارەدانی ئەم چوار ئەفسەرە پاڵەوانە لاپەرەیێکی خوێناوی ، هەمیشە زیندووی مێژووی خەباتی درێژخایەنی گەلەکەمانەو جێگای سەربڵندیو شانازی نەوەی کوردستانە هەتا هەتایە .

لە کاتێکا گەلی کوردی تێکۆشەر یادی ئەم بیرەوەرییە پیرۆزە ئەکاتەوە خەتێکی چیاکەرەوە ئەکێشێ لە نێوان خۆیو دووستەکانی لە لایێکو دوژمنە خوێن خۆیەکانی لە دەرەبەگو سەرمایەدارو کۆنەپەرستە بەکرێگیراوەکانی ئیمپریالیزم لە لایەکی ترەوە . ناسینی دوژمنە ڕاستەقینەکان ، هوێێکی سەرەکیو بنچینەیییە بۆ دەستەبەری کردنی سەرکەوتنی خەباتو تێکۆشانی هەر میللەتێك .

بێگومان ، ئەوانەی چوار ئەفسەرە قارەمانەکانیان لە سێدارە داوە ، هەمان تاقمو دەسەلاتو دامودەزگای بۆگەنن کە ئیمرۆ تەگەرە دروست ئەکەن لە ڕێی کاروانی سەرفرازیی گەلی کوردا ، هەمان نۆکەرە چەپەڵەکانن کەوا ئەمرۆ وەکو سەگی هار بەربوونەتە گیانی کوردایەتیو بیروباوەڕی پێشکەوتن‌خواز .

بۆیەکە لە بیرەوەری بیستو چوارەمی لە دار دانی ئەفسەرە نەبەزەکاندا پێویستە هەموو کوردپەروەرێك ، هەموو ئەوانەی خۆیان بە دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزمو نۆکەرەکانی ئەزانن ، هەموو ئەوانەی سوورن لەسەر سەندنەوەی تۆڵەی میللەت لە چەوسێنەرەکانی ، پێویستە هەموو ئەوانە خەباتیان یەکخەن لە پێناوی پتەوترکردنی یەکێتیی میللەتو پاراستنی دەسکەوتەکانیو لە پێناوی هەنگاونان بەرەو پێشەوە ، بەرەو رزگاری ئێجگارەکی لە ئازاردانی نەتەوایەتیو چەوساندنەوەی چینایەتی ، شان بەشانی گەلانی عەرەبیو فورسو ئازەرو تورك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستا .

● سەرکەوتن بۆ خەباتی شۆڕشگێڕو پێشکەوتن‌خوازی گەلەکەمان .

● سەر شۆڕیو مردن بۆ ئیمپریالیزمو زەیونیزمو نۆکەرە کۆنەپەرستەکانیان .



کاروانی شەهیدانی کوردستانە

پیرەمێرد

هاتن شەهیدەکان بەجلی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن دەهەڵسە ! سڵاویان بسێنەوە
شێخ قادر لەپێشەوە سەر قافڵەی ئەوان
چەند جوانە ، خوێنو ریشی‌سپی ، پیرو نەوجەوان
سەیری ئەمانەکە ، هەمووی کوردی سەف شکەن

⊙ ⊙ ⊙

گیانیان پێشکەش ئەکردو ، ئەیان وت بژی وەتەن
قوربانی تۆن بەڕێزە ، کەتۆخەم لەبەر نەبی
بۆ ئێمە مردنە ئەگەر ئازادە سەر نەبی
مەگری مەناڵە با ، بەخەفەت دڵ شکست نەبن
نەختێك لەلات ئەمێننەوەو بۆبەهەشت ئەچن

⊙ ⊙ ⊙

منوام ئەوی کەحەشر کرێم خوێن بە بەرگەوە
بەم عەشقی میللییەوەو بەکزوسۆزی جەرگەوە
ئەو ئاگرەی لە دڵمەوە بەربێتە کفنەکەم
تا دوژمنم نەکا بە زوخاڵ شەرتە پف نەکەم

خاڵە تۆفیق ... ڕاکشاوی گردەکەی مامە یارە

بیستو یەك ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی وەك ئەمرۆدا ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسۆی ئەدەبەکەماندا ئاوابوو .. لە نۆزدەی مانگی حوزەیرانێکی بیستو یەك ساڵ لەمەوبەردا پێنووسێکی ئازاو خزمەت‌گوزار لە نووسین کەوت ... نزیکەی چارەکە سەدەیەك لەمەوبەر دڵی « پیرەمێرد »ی شاعیر لە لێدان وەستا ...

ئەمرۆ ، یادی بیستو یەك ساڵەی دوا کۆچی پیرە مێرد دەکەینەوە ، لە هەمان کاتیشدا یادی ٢١ ساڵ چۆڵی مەیدانێك ئەکەینەوە لە سوار چاکێك کە جێگایەکی ئاشکراو دیاری کراوی هەبووە لەو مەیدانەدا .

لە یادی « پیرەمێردا » پێنووس دۆش دائەمێنێتو مێشك ئەبێ بگوشرێت هەتا بزانیت لە کام پیرەمێرد بنووسی !! لە پیرەمێردی شاعیری خاوەنی سروودی نەورۆز ؟ یا لە پیرەمێردی چیرۆك نووسی خاوەنی چیرۆکی دوانزە سوارەی مەریوانو چەندین چیرۆکی تری هاوشان بەئەو چیرۆکە ؟ ویا لە « خاڵە توفیق »ی ڕۆژنامە نووسی خاوەن ڕۆژنامەی «ژیان» وژینو چارەکە سەدەیەك ڕۆژنامەگەری؟ وە یا لە خەباتی پیاوێکی پیر کە ئاگری دڵسۆزی خستبوویە بە سامترین مەیدانی خەباتەوەو وەك چرایەك ئەسوتا بۆ ڕۆشنایی دان بە نەتەوەکەی ؟؟ لە هەر لایەنێك لەم لایەنانەی بگرینو لێی بکۆڵینەوە ، ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمەی کەم تەرخەم هەتائێستا ئازانین ڕێزی پێویستی کەسانی دڵسۆزمان بگرین !!

ئا ئەو ئەرکە قورسو گرانەی کە ویژدانو هەستی پاکی میللیو شوعور کردنی بە دواکەوتووی نەتەوەکەی ئابوویە ئەستۆی وای لە پیرەمێرد کردبوو کە بەدڵێکی نەترسو پڕ لە دڵسۆزییەوە هەتاکو دوا هەناسەی قەڵەم دانەنێتو مەیدانی ڕۆشن بیری بەجێ نەهێڵێت ..

لە کاتێکدا باڵی ڕەش نەخوێندەواریو دواکەوتن کێشرا بوو بەسەر سەراپا کوردستاندا ، لەو کاتەدا کە ئافرەتی کورد تاتەوقی سەری نقوم بوو بوو لە چوار دیواری ماڵداو مێخی عبودیەت بە ڕەچەڵەکیدا ڕۆ چووبوو ئا لەو کاتەداو لەو دواکەوتنەدا ، پیرەمێرد بانگەوازی لە ئافرەتان ئەکردو هانی دەدان بۆ چونە قوتابخانەو فێر بوونی خوێندەواری ، چونکە دەیزانی « کە دایکی خوێندەوار ڕۆڵەی پێشکەوتوو پەروەردە دەکات » گومان لەوەدا نییە کە بڵاو کردنەوەو داواکاری سەربەستی ئافرەتو هاندانیان بۆ چونە قوتابخانەو فێر بوونی خوێندەواری ، بە ڕای زۆر کەسان تاوانێك بوو ، کە لێ خۆشبوون لەو تاوانە بەبیری کەسدا نە دەهات ..

جا لێرەوە پیرەمێرد درایە بەر پلارو توانجو ناوو ناتۆرەو قسە پیا هەڵدان ..

بەڵام پیرەمێردی دڵ پڕ لە باوەڕ بە دوارۆژی ڕووناکی کورد ئاوڕی لەو قسانە نەدەدا یەوەو وەك پێشمەرگەیەك لە مەیدانی پێشخستنی نەتەوەکەیدا خەباتی دەکردوو بەرەوپێش ملی دەنا هەتا لە ڕۆژێکی وەك ئەمرۆی بیستو یەك ساڵ لەمەوبەردا ماڵاوایی لە نەتەوەکەی کردوو تەوقە سەری «گردەکەی مامە یارەی» کرد بە مەڵبەندو ئارامگای ئەبەدی خۆی ، ئەو جێگایەی هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆز کڵپەی لێوەی دەگەیشتە ئاسمان .

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی پیرەمێردی نەمر ئەو گیانەی خۆی بەخت کرد لە پێناوی ڕۆشن بیریو پێشکەوتنی نەتەوەیدا .

نوری حەمە ڕەش

ڕوونکردنەوەیێك

مامۆستا د. نسرین فەخری لە چاو پێکەوتنێکی سەرپێیا لەگەڵ (هاوکاری) گلەیی لێ کردوین کە گوایە ، هەندێ کەس نووسینەکانی مامۆستا نسرینی بڵاوکردۆتەوە بەناوی خۆی وە گوایە ئێمە ئەزانین ئەم نووسینانە هی د . نسرینی بەڕێزە .

بێگومان ، ئێمە ئاگاداری ئەوە نین کە ئەو نووسینانە هی د. نسرین بێ ، وەکە نووسینەکان لەهی مامۆستا ئەکەن ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە ئەبێ هی مامۆستا نسرین بن ، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە هەر نووسینێك لەزمانەوانیو بە حوکمی ئەوەی مامۆستا نسرین دەرسی زمانەوانی ئەلێتەوە لە بەشی کوردی ، تارادەیێك لەهی ئەو ئەکات .

جگە لەمەش زووربەی زۆری ئەوانەی ئەو جورە نووسینانە بڵاوئەکەنەوە ئیشارەت بو موحازەرەکانی د . نسرین ئەکەن وەیا قوتابی مامۆستا نسرینن .

هەرچی چونێك بێ ئێمە ئاگادارنین **وە بەلای ئێمەوە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیەوریاگرتن لەوانەی نووسینەکانی مامۆستا نسرین بڵاو ئەکەنەوەبەوە ئەکرێ ، کە مامۆستای بەڕێز بەرهەمەکانی خۆی زووزوو چاپ کا .**

لەم مەیدانەدا « هاوکاری »ئامادەیە هەموو هاریکارییەك بکات لەڕووی چاپکردنو بڵاوکردنەوەدا .

هاوکاری

ئابوونەی بەشداربوون لەهاوکاریدا

لە بەغدا : دوو دینار
لەدەرەوەی بەغدا : دوو دیناروونیو
لە دەرەوەی وڵات : سێ دینار
هەموو چەك و پارەیەك بە ناوی :
«سەربەست بامەڕنی» یەوە ئەنێرێت



کتێبی هاوکاری

سەرەتایەك لە فەلسەفەو ڕێبازەکانی

حمید عزیز

● میتافیزیقا ●

مەبەست لە میتافیزیقا باس‌ولێکۆڵینەوەیە دەربارەی کێشەکانی بوونی نامادی (الوجود اللامادی) وهۆیە سەرەکیو مەبەستە دوورو دوائامانجەکانی ئەو مەسەلەو بابەتانەی لە سەرو مادەوسروشتەوەنو لێوەی جیاوازن(١) . لە سەردەمی یۆنانی کۆندا ئەرستۆ پەراوێکی داناوەو ناوی لێ ناوە فەلسەفەی یەکەمو دوای ئەو یەکێ لە شاگردەکانی (ئەندرونیقوس) نوسینەکانی کۆ کردۆتەوەو ڕێکو پێکی کردووەو ئەو پەراوەیانی خستوتە دوای کتێبی فیزیکو ناوی لێناوە مێتافیزیك واتە لەدوای فیزیکەوە(٢) . ئەرستو میتافیزیقا بە باڵاترین باس دائەنێ سەبارەت بەبوون‌وڕاستەقینەی ڕووتو جیاوازیشە لە زانستە کانی کەو لەو بڕوایەش دایە بوونی میتافیزیقا شتێکی زۆر پێویستە چونکا، (هەمو زانستە تایبەتیەکان کە چارەسەری بابەتوکێشەیەکی تایبەتی خۆیان ئەکەن چەن چمکێك بەکارئەهێنن وەکو (ذاتیە) ،جیاوازی یەکێتی ، زۆریو چەندزاراوەیەکی تر کەبە هەموویەوە میتافیزیقا پێك ئەهێنن)(٣) ، لەدوای سەردەمی یونانی کونەوە تائیمرۆ میتافیزیقاوەکو بابەتو مەنهەجێك جێگای گیرەو کێشەیەکی زۆر بووەوتاقەکەسێك نەبووە کە تیری ئاڕاستە نەکات .. جا ئایالەژێر پەردەی لە ناوبردن دا بوبێت یان بەنیازی بژارکردنو گەشەپێدانیو رزگار کردنی لەمەیینو وەستان . یەکەم تەقەلای گرنگ لەم ڕووەوە لە لایەن (کانت)ەوەبەدی ئەکرێت . کانت لەسەرەتاوە هێرشێکی توندوتیژی بردە سەرو لەکۆتاییدا خۆی بینی بەدەستەوەستانی لەدەریای میتافیزیقادا نقوم بووە . کانت لەوبڕوایەدابەکە (لەچارەی عەقلی ئادەمیزاد نووسراوە لەژێر بارێ پرسیاردا بناڵێنێو چارێشی نیە نابێ ئەو پرسیارانە پشت‌گوێ بخاتو لەهەمان کاتیشا ناتوانێ وەلامیان بە تەواوی بداتەوە چونکە لەسەرو هەمو توانایەکی ئەوەوەیە)(٤) وعەقلیش سنورێکی تایبەتی هەیەو کە لەو سنوورە چوودەرەوە ئەکەوێتە ناو گێژاوی تاریکیو وڕێنەو قسەبزرکاندن کە هیچ مەعنایەك نەبەخشێ بەڵام (بڕواوئیمانو خبرەی ئەخلاقی وامان لێ ئەکات کە بلێین گیان‌لەبەرێکی سەرو سروشت هەیەو دەسەلاتی بەسەر هەموشتێکدایەو ئافەریدە کاری هەموشتێکەو ژیانی ئیستامان‌سەرەتای ژیانێکی کەیە)، کەواتە چارنیە ئەبێ بگەرینەوەسەرمیتافیزیقاو (خواو حریەتی ارادەو نەمری گیان)(٥) گرنگترین ناوەرۆکی‌میتافیزیقان لەسەردەمی ئیستاشمان‌دابەربەرەکانیەکی تەواوی میتافیزیقا ئەکرێت لەلایەن‌زوربەی ڕێبازەکانی فەلسەفەوەو هەریەکە بەشێوەیەكو جورەچەکێك بەکار ئەهێنێت ،تاقمی (ڤینا) هەر لەشلیکورایخنباخو وایزمانو ڕودلف کارنابەوە لەو بڕوایەدان کە(تأملاتی میتافیزیقا ومەسەلەکانی لەخەیاڵ پلاو و خەونی‌شاعیریك ئەچێ کە ڕێگای وون کردبێ)(٦) قسەوعبارەتەکانی میتافیزیقا پوچو بێ‌ماناو لەشوێنی خۆیدابەکار نەهێنراونو شیکردنەوە لە ڕووی لۆژیکەوە ئەمڕاستیەمان بۆ دەرئەخات، (قضایا : پروپۆزیشن) ئەکرێت بەدوو بەشەوە (تحلیلیو ترکیبی)و سەلمانو نەسەلماندنیان ئاسانە بەلام سەبارەت بە میتافیزیقا مەسەلەکانی یەکێك نیە لەم دووانە کە بتوانین حوکمی ڕاستی یان نادروستی‌بەسەردا بدەین ، کەوابوو گەورەترین کۆسپە لەڕێگای‌پەرەسەندنی زانستدا .

ئەوەی ڕاستیبێ ، لەگەڵ کارامەیی تەقەلای تاقمی ناوبراودا ئەوا ئەو هەڵوێستەیان‌تەنها شکلیەو خۆیان (گێل کردوە لەئاقار بنچینەی‌کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی میتافیزقاو هەلسو کەوتی‌چینایەتی)(٧) تا بینە قاقەیان لەدەریای میتافیزیقادا! نقوم بوون بەلام میتافیزیقایەکی کەو شێوەیەکی کەی . میتافیزیقا وەکو بابەتو مەوزوع مەنهەجێك (بڕوای‌بە پەرەسەندنو پێشکەوتن نیەو باوەری بە زۆرانی نێوان کۆنو نویو حەتمیەتی سەرکەوتنی نوێ نیە لەبەر ئەوەبەردەوام خزمەتی بەرژەوەندی چینی کۆنە پەرستان ئەکاتوەکو چەکێکی ئایدیولۆژیش ئاراستەی هەموو هەوڵو تەقەلاوچالاکیەکی پێش کەوتن خوازانە ئەکرێت)(٨) کەوابووبەرنگار بونی میتافیزیقا بەبێ بەرهەڵستی کردنی ژێرخانوبنچینەی سیاسی وئابوریو کومەڵایەتیو چینایەتی ئاسنی‌سارد کوتانەوەیە .

---

(١) اسس الفلسفه :الدکتورتوفیق الطویل ص ٢٣٣ .
(٢) الطبیعه ومابعد الطبیعه: یوسف کرم ص ١٣٥ .
(٣) طبیعة المتافیزیقا :جماعة من الفلاسفة الانکلیز المعاصرین ص ٥ .
(٤) خرافة المیتافیزیقا :الدکتور زکی نجیب محمود ص ٥٠ .
(٥) المیتافیزیقا عندالفلاسفةالمعاصرین : محمود رجب ص٣٥
(٦) دراسات في الفلسفةالمعاصرة : الدکتور زکریا ابراهیم ج١ ص ٢٩١ .
(٧) هەمان سەرچاوەی‌پێشو .
(٨) الفلسفة المارکسیه : فافاناسیف ص ١٦ .

ماویەتی

فەرهەنگی سیاسی

نشتمان پەروەرێتی

هەستو سۆزێکی قوڵی مرۆڤایەتیە لە خۆشەویستی نشتماندا ئەو نشتمانەی بەر لە هەزاران ساڵەوە هەیە ، خۆی ئەنوێنێ .

سوسیولوژیە بورژوازیە ئایدیالیزمیەکان نشتمان پەروەرێتی بە _ گیانی نەتەوایەتی _ یا _ گیانی ڕەگەزایەتی _ یەکی ئاڵۆزاوو نا دیار دائەنێن بێ گومان ئەم لافو گەزافە زۆر لە زانستەوە دووره . نیشتمان پەروەرێتی ئەنجامێکی حەتمی عەوامیلی کۆمەلایەتیو ئابوورییەو دەرکەوتێکی مێژوویییە سیماو ناوەرۆکی لە قۆناغێکەوە بو قۆناغێکی کە ئەگۆڕێت وە یەکێکە لە عنصرەکانی وعی کومەڵایەتی . هەستی نشتمان پەروەرێتی لەگەڵ دروست بونی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوایێتی سەر هەڵ‌ئەدات . بورژوازیە گەورەکانو ئیمپریالیزم هەوڵ ئەدەن کە هەستی نیشتمانی جەماوەری میللەت لە وڵاتانی میتروپول بۆ لای‌خۆیان ڕابکێشن وەکو لایەنگیرو پاڵپشتێك بۆ فراوان کردنی دەسەلاتو دەست بەسەراگرتنی وولاتانی تر لیرەدا ناوەرۆکی نشتمان پەروەرێتی سیمایەکی کۆنەپەرستانە وەر ئەگرێت . بورژوازی نشتمانی لە وڵاتانی ژێر دەستە کە شان بە شانی کارگەران تێ‌ئەکۆشن هەستێکی قوڵی نشتمان پەروەرێتییان هەیە .

ئەو چینانەی بەرژەوەندیان لە پەرەسەندنی کۆمەڵدایە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو بەرەوانترین شێوە گوزارشت لە بەرژەوەندی نشتمانی ئەکەن، کارگەران ڕاستەقینە ترین نیشتمان پەروەرن .

نشتمان پەروەرێتی بە پێچەوانەی کوسموپولیتزمەوەیە . مفهومی نشتمان پەروەرێتی لە سەردەمی ئیستاماندا سیماو ناوەرۆکێکی دیموکراتی قولی وەرگرتوە ئەمەش بەهۆی ئەو دەورە باڵایەی جەماوەری گەلی زەحمەت کێش و ڕەش و ڕووتان پێی هەڵئەستن .

کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و ڕەش و ڕووتان سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی نشتمان پەروەریەتی ڕاستەقینەن لە خەباتا بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی نشتمانیو زیندە بە چاڵ کردنی شێرە بەفرینە (ئیمپریالیزم) .

وەرگێر : ح.ع.ح.

Institut kurde de Paris

پەیوەندی یەکان

نووسینی: ئەحمەد شاکەلی

چیروك ، ئیتر چەن خاڵیکی داگیرساوی٠ پر لە ژیان ٠ یا مردنیکی ئامادە بە جۆرێ لەدەرونی هەموو وریایەکدا بتەقیتەوە : بۆ چی ؟ چۆن ؟

ئەگەر بەم کیشە بنوارینەچیروکی کوردی وە هەوڵی دوزینەوەی ئەو ریگایە بدەین ،کە ئەمان گەیەنێتە ناوەروکی شیوە ئاشکراکانی ، چار نیەئەبێ دان بە دواکەوتنکیی گەورەدا بنێین ٠ هوی ئەوەش‌جۆری بیرکردنەوەی نوسەرە_ ماندوکەی ناتوانی دیریکی‌تایبەتی بۆ یەکیکیان بدوزیتەوە ٠٠ کە تاوەکو ئیستە ئاشکرابوبیت ٠

هەمویان هاوار ئەکەن ، کۆمەڵەکەمان دواکەوتوە ، روخاوە ،هەمویان ریك کەوتون کە رەوشت‌و بیری کومەلایەتی نیشانیان بێ لەکاتی نوسینا ، لەگەل جیاوازیەکدا کە لە سەیر کردنی دوو نەوەدا دەر ئەکەوی ، نەوەی یەکەم ، دڵی ئەداتەوە ، زامەکانی ساریژ ئەکات وەکو ئفوین سەرخۆشی ئەکا،چەپڵەی بۆلێ ئەدا لەکاتیکا خویندەوارەکەی زۆر باش ئەزانی شایانی ئەم ئاهەنگەنیە٠

نەوەی دومم ، راستەو خو بەرامبەر دەردەکانی را ئەوەستێو یەکە یەکە ئەیان تەقینێ،لیان نزیك ئەبێتەوە بۆ لیدانیکی توندتر ، گوێی لێ‌را ئەگری بۆ چەسپاندنی (نەء)ەکەی خوی ٠

سەرەرای ئەم دوانەش چەن دەنگیکی کە هەیە کە لە جیهانیکی تایبەتیدا ئەژی ، وە دەرگای کردوەتەوە بۆ هەموو سامانی روشنبیری جیهان بە تەمای کەڵك لێ وەرگرتنەوەو بنیات نانی ئەدەبیکی زیندو بۆ میلەتی کورد ، لەگەڵ ئەوانی کەدا ٠

لیرەدا مەبەستم دابەش کردنی نوسەرەکان نیە ، چونکە تیایاندا هەیە بیرو _ باوەری لەگەڵ هەرسێ بەشەکە دایە، ئەمێنێتەوە توانای خۆیو دەسەڵاتی بەرامبەر ئەم هەڵبژاردنە ٠

ئیلیۆت ئەڵی (چ لی بوردنیك دوای ئەم هەمو زانیاریە) ، بەلام ئیمە پیویستە روو کەینە نەوەی یەکەم‌و بلێین (چ لی بوردنیك دوای ئەم هەمو دواکەوتنە) ، ئایا ئیوە هوی هەڵاتنی خەلکی نین ؟ ئایا ئیوه بەشداریکی گەوره نین لەو تاوانەدا ٠

مەبەستم رون کردنەوەی ئەم راستیەیە ! دوری ئیمە لە ئەدەبی جیهانەوە ٠ ونبونی ئیمە بەدوای چەن پاڵەوانیکی هیچ لەدەس نەهاتواو هەوڵدانمان بۆ بەرز کردنەوەیان ، چونکە بەتەواوی نایان ناسین ٠

کلافەیەك ژانی تووڕه ،

چوارده کورته چیروکه ٠حسین‌عارف نوسیویەتی ٠ هەولیکی داوه بۆ رون‌کردنەوەی هەندی‌وینەی شلەژاوی ئەم گۆمەڵە ، لەو وێنانەدا دەر ئەکەوی چ پەیوەندیکی بەهیز هەیە لەنیو هەمو پاڵەوانەکانیا ، چونکە هەمویان دیلی یەك یاسای تاڵن ٠ هەمویان توانای گۆڕینیان کزە ، ژیانی روژانە_ یان هەلاتنیکی نەبراوەیە ٠ ئەم‌هەلاتنە لە (رایسز لەخوینیانا ئەژی) دا چاك رونی کردوە_تەوە ، ئەو هویانەی ئاشکرا کردوە کە پاڵ ئەنێتە خەڵکەوە بەرەو ئەو جورە دەزگایانە ، بە دەربرینی ناوەوەی کابرا :

ئەمڕۆ هەینی بو ، بەیانی‌که لەخەو هەستا ، ئازار ئەی برژاند ، بەلایا را بوارد ، خوی‌خەڵەتاند ، ئازار لەناخی دەرونیا ، مەرایی بۆ ناموسی‌ئەکرد ، ناموس پربو) بەو جوره لەگەلیا پلە پلە سەرئەکەوی ، ئەیەوێ تۆبە بکات، ئەروا بۆ کەربەلا ، ئەگەریتەوە،(پیویست) جاریکی کەش هەمو مانایەکی کە ئەسریتەوە،(پیویست) بو کە بەگوێرەی شاڵاوەکەی دەرونی هەنگاوبنێ ، هەژار بۆ ، چەوساوی دەستی دراوسێو باوکو خزم‌وکەسو کار ، گیرۆدەی کۆتی چەن بیریکی شاراوەی سەیر ،هەمو ئەم هویانە (پیویست) دروست ئەکەن بۆ ئەوەی هەنگاو بنێ بەرەو سوتان٠وا بزانم ئەم چیروکە لەهەمو چیروکەکانی سەرکەوتوترە ، چونکە توانیویەتی یەك یەك وینەکان داگیرسێنیو بەرزیانەوەکا ٠ ئەو چیروکەکانی کە٠٠ هەموی تورەیە (ناپیاو بەسیەتی) پەلاماردەن دەرگاکە لەبن دەربینێ ، پسولەی نەوتمان) (هەزار لەعنەتتان لێ‌بێ) (ئیمە تەنها رابەریکین) (ڕووئەکەمەوە شاخ) (بۆچێ تۆ خوت بەچی ئەزانیت ؟) (ئیمە تەنها رابەریکین) (گەماڵ باوکە هیچ تەریق نابێتەوە ! ئەیەوی بژی! سەیره ! سەرباری ئەو حالەشی ئەیەوی بژی) ، بەلام ناتوانین ئەم هەمو تووڕەبونە وەکو یەك دانیین ، لەبەر سارد بونەوەی زوریان ، تەنها هەر لە هەلو_یستێکدا دەرکەوتوەو دیسانەوە ژیان دیری روژانەی خوی گرتوەتەوە ٠

(روی کردەوە شاخ) ،سی جار تەقیوەتەوە (ئەم کابرایە پەلەی بوو) (ئەمان پەلە تریان‌بوو) ٠ (شەرە گەرەکو ئازایەتی ٠٠ سەفەر بەرەو مەردایەتی) ٠

بەلام لەدواییدا (مەردمەکەش بەسەری سەلامەت گەیشتە مەلبەند) ، لاوە بوونیکی ئەوتوی نەبو سەرەرای ئەو هەمو خۆ گف کردنەوە ، (روو ئەکەمەوە شاخ) دژی حەفتاو سی ساڵ تاقی کردنەوەی کابرایەکی پیر حسین عارف داینەوە ، لەگەڵ ئەوەشا چیروکەکە هی پیرەکەیە نەوەکو ئەوەی (رووی کردەوە شاخ)٠

هەمویان لە جولانەوەیەکدان دژی (ئەوەی کەوا هەیە) لە پیناوی ئەوەدا (کە ئەبێ هەبی) ، چونکە گەیشتونەتە ئەو باوەرە کەوا (گەوادی لەو حالە باشترە) کەئەوانی تیادان ، هەمویان کەوتونەتە درۆکردن ، ئەیانەوی خویان رزگارکەن بە دوزینەوەی جورەها هۆی ناریك چەوت بۆ ژیانو مردنیان ،مارفی کوڵ هەلگەر لەناو شەقامیکی چوڵا خوینی تیکەڵ نانو کەوەر ئەبێو ئەبێتە دیمەنیکی کەی ئەو روژە ، چونکە ئەیویست خوی بشاریتەوە (دیارە ئەوانەی لەو ریگای قلیشانەوەیە ئەڕون ئەبی نەژنیان هەبیو نەمناڵی ورد) ئەو سەری سوڕماوە ئەگەر وانەبێ (چۆن زات ئەکەن وە ئەو ریگایە ئەگرنە بەر ؟)

نوسەر کە لە کۆمەلیکی ئاوادابێ ، نابی بۆ ئەوە بگەریی کە خویندەوار ئەیەوی، چونکە ، دروست کردنی ئاژاوە لەمیشکی ئەوانا مەبەستیکی گرنگی ئیرەیە ، پیویستە بەگویرەی تواناو سامانی روشنبیری هەوڵی بۆ بدات وینەی ئەوتۆ کۆکاتەوە کەکەس ئاگای لێ نەبی ٠ بۆ دەرخستنی ناوەروکی ئەو پەیوەندیە گەنیوانە کە باون ٠

ئەو پەیوەندیانە کە کۆمەڵ تا لەتوانای دابێ نایەوی دەرکەوی وەکو مارفی کوڵ هەلگر ئەیشاریتەوە بەقسەی بی تویکلی سواوی هەزار ساڵەی ٠ (القناعة کنز لا یفنی) پێ دریژکە بەگویرەی پالتوکەت پالتوی ئیرە نەوەکو ئەوەی گوگول ٠

حسین عارف بەرامبەر زوربەی ئەو دروشمانە بەزمانی خویان هاوار ئەکا (نەء ، ژانی پیروزمان زەرکەفتی هەنگوینتان ناگریتە خوی ، ژانی پیروزمان گرو گلپەی هەزاران ساڵەیە بەزەرکەفتی هەنگوین خاموش ناکریت _ نەء بورژوا بەریزەکان) ٠

ئەیەوی روتیان کاتەوە لە تویکلەکانیان ٠

چوەتە دڵو دەرونی (مەلا سابیر ، مام تیتەل ، منالە چەتونەکانەوە) ، ئەزانی چالی جەرگی پیری ژن بۆچی واقوڵە، ئەوەتا لەگەلیانا هاوار ئەکا ، ئەیلیتەوە (ئەم کوردە خۆش باوەرەی ئیمە ، بۆ جارێ هەزار جارە خەلەتینراوە) ، چونکە گورون لەماڵیەو ئەکوژری ، مارف نایەوی بقلیشیتەوەو ئەکوژرێ ٠ خویندەواریش پەشیمان ٠

پەشیمان چونکە ژیانەکە ئاوایە ٠

نازانم بۆچی میمکە هۆلی مرد ؟ خۆزگە نوسەر خوی زیاتر خەریك ئەکرد بەمیمکە هولیی مردووەوە ، یادگارەکانی منالەکان چیان نەبینی لەلای راستو چەپێ لاشەیەکەوە، پیرەکە گریا ٠٠ خەلکی کەوتبونە شوین تەرمەکەو پێ ئەکەنین

کەسیان لەگەل (هۆلێ)دا نەبون ٠ ئەگەر بەم جۆرە نەبی بۆچی _ میمکە هولی ، مام قیتەل ، چیروك بن ؟ یا بۆچی ئیستە بلاویان کاتەوە ؟

پرسیاریك ؟

پول کلی ئەڵی : هونەر ئەو شتانەمان پیشان نادات کەدیارە ، ئەوانەمان بۆ دەر ئەخا کەدیار نیە) ، ئایا هیچ زانیاریەکی ئیمە زیاد ئەکات بەم قسانە ؟ ئایا نوسەری (کلافەیەك ژانی تووڕە) توانیویەتی شتێکمان بۆ بدوزیتەوە ؟

دوزینەوەیە ئاشکرا کردنی ئەو قسانە ٠ بەلام بۆچی یەکسەربێ یەکو دوو هاوار ئەکا (بۆ ئەوەی ئەبی هەبی) ٠٠ بی ئەوەی لەسەر خۆ رامان‌کیشی بۆ ئەو جیهانەی کە ئەیەوێ ٠

یە کسەرو ئاشکرا هاوار_ ئەکا : شورش ، یاخی بوون ٠ لە دلداری ؟ (چای شیرین) لە شوفیرو سیخەت‌و یادداشتی حەفتاو سی‌ساڵ ؟ (رویکردە وەشاخ) ٠ لەکول هەلگرتن ؟ (نانو کەوەری خوێناوی) ٠ لەوەی کەوا هەیە ؟ (هێشتا لە خاموشی ٠٠٠) لەچی ؟ دژی کێ یاخی بون ؟

ئایا بۆ گەنیو تالی ئەو ژیانە هەمو کەسی نای زانی ؟ ئایانو سەر لیرەدا نزیك نیە لەو بانگەوازانەوە کە بەتایبەتی هی پیاویکی سیاسیە ؟

زیاتر بو لە پرسیاریك ٠ بەلام پیویستە وەلامیان بدریتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانین چیروکێ بی‌شەرم بتوانین بیگۆرینە زمانەکانی جیهان ٠

لەگەڵ ئەو هەوڵەی حسین عارف‌دا بۆ تاقی کردنەوەی شیوەی نوێ پیویستە لەیادی نەکا ، کە جاریکی کەش دوبارەی کاتەوە ، چونکە ئیمە بەتەمای باشترین ، لەبەر ئەوەی حسین عارف بەپیچەوانەی نوسەرەکانی هاودەمی ، هاتوەتە مەیدانی نوێ‌وەو خەریکی نوسینە ،کەچی ئەوانی کە هێشتا بەستراونەتە ، (گورکی‌و موباسانو زۆلاوه) لەکاتێکا (ج ٠ کلیزیو) خەریکە ریگایەکی نوی ئەکاتەوە بو نوسینی کورتە چیروکی فەرەنسی ، یا (ئیریس مردوك) لە نەخشە کیشانی چیرۆکیکی ئینگلیزی دریژایە بە جۆری ئەفسانە دەوریکی بالای تیادا ببینی هەروەکو دان بە دیالەکتیکدا نەنین وایە ٠

لەدواییا (رێگاو کاتی‌ون) شایانی باس‌کردنە ٠ چونکە ئەوەی کەئەڵێ (هەمو شت روو لەنەمانە ٠٠ تەنها نەمان خوی نەبی) یا (ژیان ئازارە ، ئازار منم ٠٠ منیش ونم) ، لەم روژەدا ئەژیی ، مرۆڤیکی ئەم سەردەمەیە کە برسیتی‌و بێ کەسی‌و بێ باوەری ئەیخاتە هەستیکی قوڵەوە ٠ هەست کردن بە ئاوارەیی ، بە ونبون، بە لاوازی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نیو مروڤدایە ٠ هەر چەنێ نوسەر تیکەڵی تاقی_ کردنەوەیەکی پر لە پیکەنینی کردوە بەلام گەیشتوەتە ئەنجام ٠٠ چیرۆکیکی راستە زۆر راستە ٠ نزیکە لە هەموو مانەوە ٠٠ ئیمە چاوەنواری باشترین٠ چونکە هەر باشتر ئەیباتەوە ، ئەمەش لەدەستی حسین عارف خۆی دایە ٠٠ وەکو نوسەریکی وریا ئەتوانی هەمیشە بونی خۆی بسەلمینی ٠

سەرنجێک

لەبەر چەند هویەکی چاپەمەنی ئەم ژمارەیەمان بە چوار لاپەڕە دەرچو ، ژمارەکانی داهاتومان وەکو پیشو بە هەشت لاپەرە دەرئەچێ

هاوکاری

کۆڕێکی ئەدەبی و سێ چیرۆک

ئاری محمد رؤوف

هەروك یەکێتی نووسەرانی‌کورد لقی سلێمانی کردوویە بەپیشە ناو بەناو ئەکەوێتە جم‌و جووڵو پێش‌کەش کردن‌هەندێ کۆڕی ئەدەبی لەسەر شیعرو چیروکو زمان‌و یادی شاعیران‌و هەندیکی تریش کەمایەی شانازیە٠دیارە مەبەست لەم کۆڕانە بەرزکردنەوەی راژەی زانیاری‌و ئەدەبیمانەو پێ‌گەیاندنی قەڵەم بەدەستە تازەکانە ٠ منیش پیرۆزبای لەیەکێتی ئەکەم‌و هیوای سەرکەوتنیان بو ئەخوازم لیرەدا ئەمەوێ لەو کۆرە بدوێم کە لەرۆژی ١٣_٥_١٩٧١ دا یەکێتی گیرای وسێ گورتە چیرۆکیان هەڵبژاردبوو بو خوێندنەوە ، وە بەرەو رووی سێ رەخنەگریشیان کردبوونەوە ٠ لەکۆرەکەدا هەرسێ چیرۆکەکەو رەخنەکان لەگەڵ باوەری هەندێ دانیشتوان خرانەروو ٠

پێش هەموو شتێ ئەو چیرۆکانەی کە لەو کۆرەو (مسابقە)دا دەرچوو بوون دوانیان چیرۆکی دەستەی بەریوەبەری یەکێتی نووسەران بوو ٠ کەبریتی بوون لە چیرۆکی (پەتیارە)ی مامۆستا محرم محمد امین‌و (نامەکانی پرشنگ)ی مامۆستا مصطفی صالح کەریم ٠ وە چیرۆکی سێ‌یەم هینی برایەك بوو بەناوی مامۆستا (عبدالکریم محمود) کەوابزانم ئەمەیان تەنها بۆ خوێ‌ی چێشت بوو ٠ یان چیرۆکی تری دەستەی بەریوەبەریان دەست نەکەوتبوو بۆیە ئەمیان تێ‌هەلکێش کردبوو ٠

لێرەدا ئەمەوێ بلێم کە نەبوو دەستەی بەریوەبەر بەشداری بکەن بەچیرۆکی خۆیان چونکە خۆیان ئەو چیرۆکانە هەڵ ئەبژێرن وەهەرگیز (کورد بەدۆی خۆی نالێ ترشە) بێجگە لەوە کە بەلادادا‌تاشین‌و هاوڕێیەتی لەم جۆرەشتانە دا دەور ئەبینێ ٠ هەروەك بینی بویشی ٠

بەلام بۆ پاساودانی ئەمە دەستەی بەریوەبەر تەڵێن ئێمە نەمان زانیوە ئەو چیروکانە هینی‌کێ‌یە چونکە ئەوەی خوێندویەتیەوە لەکاتی هەڵبژاردنا ناوی خاوەن چیرۆکی نەووتوە ٠ دیارە سەیر لەم وەڵامەدایە چونکە چ خوێندەوارێك (بەتایبەتی کەئەندامی دەستەی بەریوەبەری یەکێتی نووسەران بێت) نازانێ کە چیرۆکی (پەتیارە) هینی مامۆستا محرم محمد ئەمینە کە سالێك زیاترە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تردا لەژێر ناوی (ئادەمیزاد)ابلاوی کردنەوە ٠ هەروەها (نامەکانی پرشنگ)ی مامۆستا مصطفی صالح کە ساڵی ١٩٦٠ لەگەل کومەلە چیرۆکێکی تردا بەناوی (قەلای دمدم) بلاوی کردوەتەوە ٠

ئایا ئەم نووسەرانە چیرۆکی تازەیان نیە؟ یان نەیان توانیوە بۆ ئەم کۆڕە چیرۆکێك ئامادەبکەن ؟ بڕواناکەم وابیت ئەی بۆ ٠

ئەبێ ئەوەمان لەبیرنەچێت **کەلەکاتی خۆیدا کاك مصطفی ئەو چیرۆکەی بەناوی (چۆن لەبیرم بچیتەوە)دا بلاوکردوەتەوە ٠ ئەی ئێستا بۆ کردوویەتی بە (نامەکانی پرشنگ) ٠ وە ئەگەر ئەمەیشی کرد بۆ دەست‌کاریەکی زۆری تیاکردوە ٠ ئەگەر ئەڵێت ماڵی خۆمەو وای لێ ئەکەم ٠ وانیە چونکە ئەی توانی یەکسەر** چیرۆکەکە دەربێنێ بێ‌زیادوکەم کەدیارە ئەونووسینە تعبیری لەباوەڕی ئەوسای چیرۆك نووسی کردوە نەك لەگەڵ (ظروفی) ئێستا دا بێگونجێنیو باسی شورشی ئەوسای بارزانی تیاباخنێ ٠ کە لەکۆنەکەیدا کەم‌و زۆر باسی هەرنەکردوە ٠ وە ئەگەر نووسەر ئەو گونجاننەی ئەویست لەگەل ئێستادا وا ئەی‌توانی چیرۆکێکی تازەبێنێتە کۆرەوەو واز لەوکۆنە بهێنێ‌دیارەچیروك‌نووس ئەم چیرۆکەی خۆی بەدڵ بوە واهەلی بژاردوەو دوبارەی کردەوە ٠ منیش ئەڵێم ئەو جۆرە چیرۆکە کەلەشێوەی (نامە نووسین) دابێت‌و ریگای (پیاهەڵدان وصف) و(سرد)یکی تەواوی لەخۆی گرتبێت ٠ ئەو چیرۆکە باوی نەماوەو بەرەو نەمان ئەچێت ٠

لەبارەی رەخنەکانەوە ٠ وابزانم رەخنەگرەکان خۆیان پێوە هیلاك کردبوو بەلام دەستی شکاوم هەتائیستا ئیمە ئەو رەخنەگرەمان نیە بەوشێوە زانیاریەی لەئەدەبی بێگانە دا بەرچاومان ئەکەوێت ٠ کە ئەمەیش کەم‌و کووریەکە بۆ ئەدەبەکەمان ٠ رەخنەگری یەکەم مامۆستا (ع٠ع شەونم) توانی ئائەندازەیەك سەرکەوتن بەسەر بێنێت لەرەخنەکەیدا کە لەچیرۆکی (پەتیارە)ی گرتبوو ٠ بەتایبەتی لەرووی هونەریەوە ٠ بەلام مامۆستا (محمد صالح سعید) کەرەخنەی لەچیرۆکی (نامەکانی پرشنگ) گرت ٠ وابزانم رەخنەکە لەزمان زیاتربوو وەك لەرووی هونەری چیرۆکەکە ٠ بەلای مەرجەکانی چیرۆکی هونەری وشیتەل کردنی چیرۆکەکەدا هەرنەچوو ٠ بێجگە لەوەی زۆریش بەشانو باڵی چیرۆکەکە داهات کە ئەوەی هەڵ نەئەگرت ٠

لەبارەی رەخنەی سێ‌هەمەوە کە مامۆستا (محمد نوری توفیق) لەچیرۆکی (چەپکێ گوڵو چەپکێ‌ یار)ی گرت ٠ ئەگەر باسی (شەخسی) چیرۆك نووسی نەکردایەو لەبەر هەرهۆیەك پیا هەڵنەدایە ئەوا زیاتر سەرکەوتوو ئەبوو ، بەتایبەتی کەلەرووی هونەریەوە سەرکەوتنی هەبوو ٠ نابێ ئەوەیش لەیادبکەین کەنووسەری چیرۆکەکە کاتی رووداني کارەساتی دیاری نەکردبوو ، بەلام رەخنەگر بەئارەزووی خۆی ئەمەی دەست‌نیشان کردو مێژووی رووداوەکەی دیاری کرد مەبەستیشی هەبوو لەودیاری کردنەدا ٠ وەئەمەیش زۆرتر ئەگەرێتەوە بۆ مەسەلەی بیروباوەڕکە هەرگیز لەرەخنەی ئەدەبیدا من ئەمە بەڕاست نازانم ٠

بەکورتی ئەڵێم کۆڕی ئەمجارەی یەکێتی نووسەران زۆرکەم‌و کووڕی تیاهەبوو ، تەنانەت زۆرلە چیرۆك نووسان نەهاتبوون کەئەبێ هۆیەك هەر هەبێت ٠

هیوادارم لەکۆڕەکانی ئاییندەدا ئەمانە بەدی نەکرێن٠ وەیەکێتی نووسەران بالی یەکسانی بەسەر هەموو نووسەرو ئەدەبیکدا درێژبکات بێ‌جیاوازی ٠ تازیاتر لەکۆڕی‌تی کۆشان نزیك بێتەوەو ئەرکەکانی سەرشانی بەچالاکی بۆخزمەتی ئەدەبی کوردی بەجێ بمێنێت ٠

فەرهەنگی خاڵ

پاشماوە ژمارەی پێشو

به هیچ جۆرێك بەڕاستی نازانم ،چونکە ئەم دوو ووشەیە دوورن لەیەك ، بەلام زۆر باش بوو گەر مامۆستا لاوازو قەڵەو، یا لەڕ و قەڵەوی بەکار بهێنایە ٠ هەروەها ئەتوانری نەرم‌و رەق بەکار بهێنری ٠

لە لاپەرە ٣٨ _ ٣٩ دا ئەو نیشانانە ئەدات کە لەناو فەرهەنگەکەدا بەکاری هێناوە٠ ئەو فەرهەنگانەی کە لە کوردستاندا تا ساڵی ١٩٦٠ دەرچوون ئەم پێوویستیەی تیایاندا باس نەکراوە ، تەنها مامۆستا خاڵ بۆ یەکەم جار هەستی بەوەکردوەو بەمەکاری بەکار هێنانی فەرهەنگەکەی ئاسان کردووە ٠

بەگشتی ئەم فەرهەنگە لە سەر شێوەیەکی جوان‌و راست دانراوە ، گەلێك لەو گرانی‌و ناتەواوی یانەی کە لە ناو فەرهەنگەکانی پێش ئەودا هەبوون مامۆستا خاڵ ئاسانی کردوون‌و پری کردوونەتەوە ٠ دیارە کە مامۆستا زۆر خۆی خەریك‌کردووە لەگەڵ نووسینی فەرهەنگەکەیدا ، هەروەها زۆر گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی ووشەی کوردی‌و خوێندنەوەی فەرهەنگەکەی ئەوە دەرئەخات کەزۆربەی ووشەکانی کوردی بەرچاو ئەکەون ٠

بۆ دانو کردنەوەی مانای ووشە نووسەر چەند ریگایەکی راستی گرتووە ٠ بۆ ئەو ووشانەی کە بتوانری بەیەك ووشە مانای پیشان بدری پیشانی داوە ٠ وەك : (ئامشۆ) بەرامبەر ئەم ووشەیە نووسیویتی (هاتووچۆ) ، بەرامبەر بە (ئاڵۆشدار) نووسیوێتی (ئاڵۆشاوی) ٠ هەروەها کە هاتۆتە سەر ووشەی (هاتووچۆ) و (ئاڵۆشاوی) بە جیا راڤەی کردوون نەوەك یەکێك مانای ئەم ووشانەش تێ نەگات ٠ وەك ووتمان ئەمە ریگایەکی راستە ، بەلام ناتوانری لە هەموو شوێنێکدا بەکار بهێنری ، چوونکە لە هەندی شوێندا کردنەوەو دانی مانای ووشەیەك بەیەك ووشە نادریت ٠ وەك : ئەبینین مامۆستا خاڵ بۆ مانای (ئازادخوا) ووشەی (ئازاد_خواه)ی داوە ٠ لەو باوەڕەدام گەریەکێك لە (ئازادخوا) تێ نەگات ئەوە لە (ئازادخواه)یش تێ ناگات ، بەلام مامۆستا مانای ئەم دوو ووشەیەی بە ئاڵۆزی نەهێشتۆتەوە ئەویش بەوەی کە نۆرە هاتۆتە سەر ووشەی (ئازادخواه) راڤەی کردووەو مانای کردۆتەوە ٠ بەم جۆرە مانای ئەو دوو ووشەیە ئاشکرا بووە لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندی شوێنی کەمدا لەم بارەیەوە کەم‌و کوری هەیە ٠ وەك ئەبینین بۆ مانای (ئاڤدیبن) بەرامبەری (تۆڵەسەندن)ی داوە بەلام ووشەی (تۆڵەسەندن) بەجیا لە فەرهەنگەکەدا نیە ٠ بۆ (ئاگرپارێز) بەرامبەری (ئاگرپەرست)ی داوە ، بەلام بەجیا ووشەی (ئاگرپەرست) لە فەرهەنگەکەدا نیە ٠٠٠ هتد٠ جگەلەوە هەندێك لەو ووشانەی کە ماناکانی بەیەك ووشە کردۆتەوە زۆر باش ناگونجێن وەك : بۆ دانی مانای (باڵگرتن) بەرامبەری (فڕین)ی داوە ٠ راستە ئەم دوو ووشەیە نزیکن لەیەکەوەو بۆمانای یەکەمی ئەگونجی ، بەلام بۆ مانای دووەمی ئەم ووشەیە جیاوازی هەیە ، جیاوازی یەکەش ئەوەیە کە (فڕین) مانایەکی گشتی هەیە٠ مانای تەواوی (باڵگرتن) بۆمانای دووەمی نەك (فڕین)ە بەگشتی بەلکو (فێربوونی فڕین)ـە ٠ وەك چۆن تازەکە چۆلە کە یاکۆتر ٠٠٠٠ (فێری فڕین ئەبن) و ئەلێن (باڵیان گرت) ٠٠٠ بۆ مانای (بڕیار) بەرامبەری (پەیمان) نووسراوە ئەم دوو ووشەیە لەیەکەوە نزیکن، بەلام مانایان تا رادەیەك جیاوازە ٠ بۆ روون کردنەوەی

ئەوەرەحمان حاجی مارف
لینینگراد

ئەمە نەوەك کە نەزانین بەعەرەبی (بڕیار) _ (قرار)ـەو (پەیمان) _ (وعد)ـە ، بەڵکو گەر لەدوو رستی کوردی دا ئەم دوو ووشەیە بەکار بهێنین ئەبینین کە مانایان یەك نیە ٠ وەك :

چاوەڕوانی پەیمانم ٠٠٠٠
بڕیاری ژمارە یەك ٠٠٠ اهتد ٠

زۆر ووشە هەن کە خاوەنی یەك مانان ٠ وەك : (ئاڕوا ، ئارۆ ، ئەمڕۆ ، ئیمرۆ ، ئیرۆ)٠ لێرەدا مامۆستا خاڵ زۆر چاكو کورت ئەم چەند ووشە خاوەن یەك مانایەی داوەو تەنها ووشەی (ئیمرۆ)ی لە ناویاندا راڤە کردووە ، لەبەرئەوە ئەبوایە بەرامبەر بە هەریەکێك لەو ووشانە بنووسری (ئیمڕۆ) تا گەر یەکێك لە (ئیمڕو)ش نەگات تەماشای (ئیمڕۆ) بکات بەجیا تا ئەوسا بە راڤە_کەیدا مانای بۆساغ ببیتەوە ٠ مامۆستا تا رادەیەك ئەمەی نەکردووە ٠ ئەوەیە چووە بەرامبەر بە (ئاڕوا ، ئارۆ) نووسیوێتی (ئەمڕۆ) ، ئەمەش بەکار هینانی فەرهەنگەکەگران

(ماویەتی)

پەخشانێکی سادە

لە بەهاردا بوو ٠٠٠
لە نێو گوڵزاردا بوو ٠٠٠
من‌و یارو پەپو ٠٠٠
گوڵمان ڕنی ٠٠ بە ئەسپایی سپی‌مان چنی ٠٠٠
هەرچەند ڕنین ٠٠٠
پتریش چنین ٠٠٠
ئەنجام دوور بوو ٠٠٠
گوێ رایەڵێك بۆ هەزاران‌ئاوازی چنین نەبوو ٠٠٠
نەمان زانی بۆچ هەر وا بوو ٠٠؟
ئایا شوێن گۆڕا بوو ٠٠؟
یان ژێرو بیر لە جێ نەبوو !؟
هەر چۆنێك بێ :
لە سپی چنین سلاینەوە٠٠
بە ناچاری گەڕاینەوە ٠٠گەڕاینەوە ٠٠٠
گەڕاینەوە باخی گوڵان ٠٠گوڵانی سوور ٠٠٠
بۆ ڕنینیان ٠٠
بۆ چنینیان ٠٠٠
بۆ گوشینیان ٠٠
بۆ مژینی ئاوی سووریان ٠٠
بۆ پڕژاندنی خوێنی سووریان ٠٠٠
ئەوجا هەزاران گوێ‌ڕایەڵ ٠٠ لەتارمایی
تاری هاتنەدەر ٠٠ بۆبیستنی تاقە
ئاوازی چنین تەڕ ٠٠٠

برایم حاجۆن

هاوکاری و خوێنەران

ئومێد

خوێنەرانی بەرێز

لەبەر ئەوەی ژمارەکان (٦، ٧ ، ٩ ، ١١ ، ١٢ ، ١٣ ، ١٤ ، ١٧) مان لانەماوە بۆیە تکا لەو خوێنەرە بەرێزانە ئەکەین کە لەیەك ژمارە زیاتریان لایە وەیاخود ئەم ژمارانەیان لایەو مەبەستیان کۆکردنەوەی هەموو ژمارەکان نیە ، هەروەها تکا لەو کتێبخانانە ئەکەین کە ئەم ژمارانەیان لا هەیە ، بۆمانی بنیرن ،پاداشتی هەر برادەرێك ئەم ژمارانەمان بۆ بنێرێ بەشداربوونی سالێکە لە هاوکاریدا .

● کاك عبدالحافظ انورمائی لە هەلەبجەوە :

ئەوانە ئەیانەوێ بەشداری بکەن لەرۆژنامەکەمان،راستەوخۆ پەیوەندیمان پێ بکەن ، ئەگەر (کتێبخانە)کەش بیەوێ بەشداری بکات ئەوە ئەبێ پەیوەندی بە (دەزگای بلاوکردنەوە) بکات .

● برایان مجید جەباری، رؤوف توفیق هەمەوەندی ، ئیسماعیل رۆژبەیانی ، فرید زامدار ، ئەحمەد حمەرەشید هەورامی ، طە سعید ، دلاوەر داماو ، لەتیف حامد بەرزنجی، نووسینەکانتان بەپێی کاتی گەیشتنیان بلاوئەکرێنەوە .

● خاوەنەکانی یەکێ لەم ناوانە (هاورێ - دەربارەی ئافرەت) (رێبوار - زایەلەی زەنگ) (پەژار - هەنگاوێك بەرەو گەرانەوە) تکایە چیتر نامەمان بۆ نەنووسن ئەگەر ئامادە نەبن ناوو ناونیشانتان بنوسن .

● کاك فەرمان نەبەرد لە کەرکوکەوە :

پیرۆزبایێت لێ ئەکەین ، هیوادارین هەمیشە بنووسی (تەرمی‌شەو) کە نیشانەی پێشکەوتنتە بەپێی کاتی گەیشتنی بلاوئەکرێتەوە .

● کاك ئەحمەد شاکەلی :

نووسراوەکەت گەلێ درێژە ئەگەر ئەلێی بەزنجیرە بلاوی ئەکەینەوە .

● کاك ناسراو لە سلێمانی:

سوپاست ئەکەین ، نووسینەکانت بەپێی کاتی گەیشتنیان بلاوئەکرێنەوە .

● کاك محمود راوەندوزی :

کۆمەلە هونراوەکەت،هەرچەندە لە رووی هەلبژاردنی بیرەکەیانەوە سەرکەوتوو بووی بەلام لەرووی دارشتنی ئەو بیرانە وانەبووی .

● کاك مجید حمید داوودی :

چاکتر وایە پێش ئەوەی شتێك بنێرین بۆ بلاوکردنەوە، خۆمان جارێ بخوێنینەوە !!

● کاك جورج یوسف لە هەولێرەوە :

چاوەروانی بەرهەمی چاکترتین .

● کاك سلێمان ابو بکر لە کۆیەوە :

ئەبوایە فراوانتر باسی گیروگرفتەکانی راستەقینەی کۆیێت بکردایە . شیعرەکە (یەکی ئایار) درەنگ گەیشت چەند بەیتێکی لەنگ بوو .

● برادەران (نوری ئەحمەد ئالیکوتکی ، چیاعمرساقی ، ستار عبداللە جەوهەر کرمانج لە هەولێرەوە،حیسام عبدالکریم بەرزنجی - عمارە ، جەلال حسین ، کوردو عبداللە گەردی شیخ حسن عوالانی ، ب ... شۆرش لە سلێمانییەوە ،نوری علی دلوی ، ح.س - شیخە، کامل عبداللە سالەیی) ببورن هیوادارین هەوتی داهاتووتان سەرکەوتوو تربێ .

جەلالی میرزا کەریم

جارێکی‌تر .. لەگەل نەمەی
خوێنی زامی پڕ لە نەڕەی
پڕ لە تۆلەی
گیانی خۆری حوزەیرانا
حوزەیرانی .. کوردستانا
بالای چوار شەهیدی نەمر
لە بیابانی چاومانا
لە ژانی دارستانمانا
لە ناخمانا ..
لە مێژووی پڕ گریانمانا
لە مەرگمانا ..
لە چەکی پێشمەرگەمانا
جارێکی‌تر ..
گیانی چوار شەهیدی نەمر
وەکوو ئاگر
گریان بەردایە بەهاری
هیوای خنکاوی سەرزاری
؟؟؟؟
هاورێکانم ..
ئەمسالمان ، ژانی سێدارە
نەك .. هەر چوارە
بەلکوو فەرهەنگێکی گەورەی
پڕ لە ووشەی
خنکاوی دیارو نادیارە
؟؟؟؟

بریجنێف :
ستالین لەریزی لینین دایە ؟!



جۆزێف ستالین

لیونید بریجنیف ئەمینداری گشتی پارتی کومونیستی سوفییات ستایشی پێشەوای پێشو (جۆزیف ستالین)ی کردوە لە وتارێکیدا بە بۆنەی‌دامەزرانی حزبی کومونیستەوە لە جورجیا ئەو شارەی ستالینی لێ لەدایك بووە .

وتارەکەی بریجنیف لە تەلفزیۆنی تیبلیزی پایتەختی جورجیاوە بەهەمو ولاتا بلاوکردوەتەوە . بریجنیف لە وتارەکەیدا ستالینی لەریزی‌لینین داناوە وەکو پێشەوایێکی شۆرشگیری مەزن .

ئەوەی شایانی باسە بۆ یەکەم جار ناوی ستالین بە چەپلە رێزانێکی گەرم‌لەلایەن هەزاران لێ‌پرسراوی رەسمی پارتو کریکارانەوەپێشوازی کراوە . بریجنیف لەووتارەکەیدا نیشانی‌داوە :

(مێژووی تێکوشانی شورشگیرانەی جورجیا بەستراوە بە بزوتنەوەی‌شورشگیرانەی گەلی روسیاوە ولیك جیا ناکرێتەوە) بەلام‌دوای (٢٥) دەقیقە هیرشی کردوتە سەر (کەس پەرستی)کە گوایە ئەدرێتە پال ستالین. وە رەخنەشی لە سەرەك‌وەزیرانی پێشو نیکیتا خروشوف گرتوە .

لەسەرێکی کەوە رۆژنامەی(پراڤدا) ئورگانی حزبی کومونیست بۆ یەکەم جارلە (٢١) کانونی یەکەمی ١٩٦٩)دا ناوی ستالینی‌هێناوە ، ئەویش بە بۆنەی یادی (٩٠) سالەی لەدایك بونیەوە .

دووائەندامی کۆمۆنی پاریس

پاریس : تاس

لەم رۆژانەدا پاشماوەی تەرمەکەی ئەدریان یوجین دوا ئەندامی کومونی پاریس لە یەکێتی سوفیاتەوە بەفرۆکە گوێزراوەتەوە بۆ پاریس . لەسالی ١٩٣٠وە ئەدریان یوجین لەموسکو ژیاوەو چالاکیەکی کۆمەلایەتی کاریگەری نواندوە . لەکاتی نزیك بوونەوەی هیزەکانی هیتلەر لەپایتەختی یەکێتی سوفیات یوجین توشی نەخۆشیەکی سامناك هاتبوو رەوانەکرا بۆ شاری نوڤوسیبیرێك‌و لە سالی ١٩٤٢دا گیانی سپارد .

رۆژنامەی لومانتێ نووسیویەتی کە پاشماوەی تەرمەکەی ئەندامی کومونی پاریس چەند رۆژێك لەبارەگای ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارەی کەتێیدا لەدایك بووە دانراوەو لەدوایی‌دا نیراوە بۆ ئەو گۆرستانەی هاورێکانی تێدا نێژراون . ئەوەی شایانی باسە کومونی پاریس یەکەم دەسەلاتی فەرمانرەوای چینی کارگەران بوو لە مێژوودا و نزیکەی ٧٢ رووژ حوکمی‌کردو لەدواییا بە نەمامی لەناو براو زوربەی ئەندامانی فەرمانی گولە باران کردنیان درا بەسەردا .

کورد و کتێب

توماس بوا ، مێژوناسی فرنسی ئەم کتێبەی بەفرەنسی داناوە دەربارەی مێژو ژیانی کورد لەسالی (١٩٦٥)دا لە فرەنسا چاپ کراوە وەلەبەرگرنگی باسەکە لە سالی (١٩٦٦)دا تەرجومەکراوە بۆ ئینگلیزی .

مامۆستا محمد عارف رەوف‌یاریدەری بەرێوەبەری دراساتی کوردی خەریکی تەرجومەکردنیێتی بۆ کوردی،هیوادارین مامۆستای بەرێز سەرکەوتووبێ‌لەو خزمەتەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی ئەکات .

لە ئاسۆی ئەرخەوانیدا

سەربەست

[لەلای ئێمە هەلنگوتن یەکەم هەنگاوی زالبوونە ،
لەناو بۆتەی خەباتا ، توانەوە ، هەر شەرتی قالبوونە]

خوێنەرانی بەرێز ....

وا جارێکی کە « هاوکاری »تان پێشکەش ئەکەین ، بەوپەری سەربەستی بلاوکردنەوە ، کە لەژمارەی رابووردوودا باسم‌کرد ، وە لەسەر هەمان رێرەوی شۆرشگێرو پێشکەوتن‌خواز .. رێرەوی کوردایەتی پیرۆز .

رێرەوی بەرگری‌کردن لە بەرژەوەندی جەماهیری رەش‌و رووت‌و رەنجدەرو روشن‌بیرە پێشکەوتن خوازەکانی کوردستان .

رێرەوی بەرگری‌کردن لە مافی چارەنووسی ئادەمیزادی کوردو شۆرشەپیروزو عادیلانەکەی لەپێناو رامالینی شەوەزەنگی چەوساندنەوەی‌چینایەتی‌و ئازاردانی نەتەوایەتی وە بنیات‌نانی کوردستانێکی ئۆتۆنۆمی‌دار لە چوارچیوەی عیراقێکی دیموکراتی یەکگرتوودا .

رێرەوی چەسپاندن‌و پتەوترکردنی برایەتی‌و دۆستایەتی‌و خەباتی ناوکۆیی کوردو عەرەب‌و کەمەنەتەوایەتیەکان‌دژی دوژمنی سەرەکیان ئیمپریالیزم‌و نوکەرەئەلقەلەگوێیەکانی لە دەرەبەگ‌و سەرمایەدارو کونەپەرستەکاسەلیسەکان .

رێرەوی پاراستنی یەکێتی ریزەکانی میللەتی کوردی تێکوشەرمان‌و پاراستنی دەسکەوتەکانی‌و پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی بەیان‌نامەی١١ئازاری مێژوویی‌و رسواکردنی هەموو ئەو تاقم‌ودەستەو دایرە کونەپەرستانە کە خەریکی تەگەرە دروست کردنن‌لەرێی کاروانی سەرفیرازی گەلەکەمان‌و بەئومێدی هەلوەشاندنەوەی ئەم رێگەوتنە نیشتمانی‌یەو هەلگیرساندنی‌شەری براکوژی‌و زمینە ئامادە کردن بۆ گەرانەوەی دەسەلاتی‌ئاغاکانیان کە لەودیوی سنوور خەریکی هاندان‌و یارمەتی‌دانی نوکەرەکانیانن .

بەلێ « هاوکاری » لەپێناوئەم ئامانجانە ، وە تا لێرەین ، خەبات ئەکات .

◉ ◉ ◉

بێ‌گومان دەرنە چوونی« هاوکاری » برینی بژێوی زۆر کەسی لە دوواییەوەبوو ، بەلام‌تەنها تەئسیر کە هەبوو بێ ، ئەوانەی بەخشینی تەوژم‌و تینێکی‌شۆرشگیرانەبوو بە هەموو ئەوانەی بەرژەوەندی خۆیان لەسەرکەوتنی کوردایەتی‌دا ئەبینن .

ئێمە نەوەی نەتەوەییکین‌لەژێر دروشمی پیرۆزی «کوردستان یا نەمان» هەزارەهاقوربانی بەخشیوە ، هەرەشەو گورەشەی کونەپەرستەکان‌هەتیووەکانی نوری سەعید ، نوکەرانی ئیمپریالیزم‌وسەهیونیزم ، ئابروتکاوە کاسەلیسەکانی کومپانیاکانی‌نەوت ، کارمان تێ‌ناکاو رێی خەباتمان بێ بەجێ‌ناهێلێ‌و لەووزەو تواناشمان‌کەم ناکاتەوە. باوەری ئێمە بە کوردایەتی‌و بیروباوەری پێشکەوتن‌خواز ، گەلێ لە دری دوژمن‌و درێژی‌قوناغ‌و سەختی‌رێگا بەهێزترە .

هەمیشە لەو باوەرەدابین ،هەلنگوتن یەکەم هەنگاوی زالبوونە ، چاك ئەزانین رێگەی‌خەبات‌و تێکۆشان ، کە هەر ئەبێ ببرێ ، بەگول هەل‌نەچنراوە ، چاك ئەزانین ، سەرکەوتن گەلێ دوورەو لەگەل‌هەر هەنگاوێکا چەندەها کوسپ و تەگەرەمان لەبەردەمایە .

بەلام ئەوەش چاك ئەزانین‌کە هەموو ئیمپریالیستێ‌و نوکەرە کونەپەرستەکانیان‌بەبەری مقەبان، شێرە بەفرینەن لەگەل بەرزبوونەوەی خۆری‌سەربەستی‌و بیروباوەری پێشکەوتن‌خواز ئەتوێنەوە .

ئەم پەلەقاژەو لینگەفرتێ‌لەم دوواییەدا روویدا ئەگەر نیشانەی شتێ‌بێ ، نیشانەی‌نزیکبوونەوەی مەرگی کونە - پەرستەکانە ، چونکە دەرچوون‌ودەرنەچوونی « هاوکاری » « مان‌و نەمانی ئێمە » شتێ نیەلە هێزو توانای کاروانی لەشکان‌نەهاتووی ئادەمیزادی‌کوردا کەم‌کاتەوە ، وەیا گۆران‌و پێشکەوتنی کۆمەل بوەستێنی ،وەیاخود خەباتی یەکگرتووی کوردو عەرەب‌و کەمەنەتەوایەتیەکان پوچەل کات .

یاسای ژیان بریاری‌سەرکەوتنی خەباتی گەلی کوردو گەلی عەرەب‌و تورك‌و عەجەم‌وفێتنام‌و ... هتد . داوە سەرکەوتنی راستەقینەی‌ئێچگارەکی ، نەك وەکوو سەرکەوتنی کونەپەرستەچەپەلەکان‌و ئاغاکانیان کە .. بلقی سەر ئاوە .

ئەگەرچی هەموو ئەوانەی‌پشتگیریان کردووین ، خۆیان ئەو پشتگیری کردنە ،بەئەرکێکی نیشتمانیان زانیووە بەلام بێ‌گومان جێگای شانازی‌و بەختیاری مانەو سوپاسی بێ‌پایانمان پێشکەشیان‌ئەکەین‌وهیوادارین هەمیشە لەو خەبات‌و تێکوشانە سەرکەوتووبن .

ئەوانەی کە دەستیشیان بەکلاوەکەیانەوە بوو ... بۆ ئەوەی با نەی‌با ، ئەگەردەستیان ماندی بووە ، با بێننە خوارێ !!.

نووسراوێك بۆ :
قانعی کۆچ کردوو

برهانە قانع

سال لەمەوبەر ئەناسێتەوە ..

واش بزانم ئەو خێرومەنەی کە سالانە ئەم یارمەتی‌یە ئەدات زۆر تری بۆ ئەوانەیە کە دەسکورتن .. بەلام ئێستە لەبەر هارەهاری دەنگی ئوتومبیل‌و گەرمای هاوینی تازەو زۆری ئیش مامۆستایان وەکوو لێیان تێك چوو بێ زۆرتر یارمەتی ئەوانە ئەدەن کە کۆشك و ئۆتۆمبیلیان هەیە وە یا خۆ مانگانەکەیان لە (٩٠) دینار بەرەوژور ترە .. وە بە پێی ئەم یاسا تازەیە ! تۆی کلۆل کە (٣٠٠) فلست ئە شوین بە جیماوە وەکو لە بەشی یەکەمی پاشمەرگەکەتا بلاو کراوەتەوە هەر ناتوانی دەس

شیعرانەی کە لە سالەکانی سیەکان‌و چلەکانا لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکانا بلاوت کردوەتەوە نوسخەیەکی دەسخەتی خۆتمان بۆ بنوسەو بۆمان بنێرە ، بەو مەرجەی ئیختیارو موختاری گۆرستانەکەتان مۆری بکەن کە دەسخەتی خۆتەو کەس پەنجەی‌لێوە نەداوە خۆ ئەگەر کرا یەکێك لە (مەرنەمووکە) کانیش لایەنگیری کرد ئەوا باشترە ، چونکە لێرە (عەبقەری ئاخرزەمان) !! پەیدا بووەو هەناسەو هەست‌و بیری چل

دیوانە شیعرەکەی تۆ جێگای نۆرەی گرت بۆ یارمەتی‌دان .. لە پاش شەش مانگ لە وەلاما لیژنەی یارمەتیدانی چاپەمەنی کوردی) داوایان لێ کردم کە نوسخەیەکی دەسخەتی خۆت بنوێنین بۆ ئەوەی بروا بکەن کە تۆ شاعر بویت‌و شیعرت زانیوەو ئەم شیعرانە هی تۆن ..؟

ئینجا هەروەکو نیوەسەدەیەك ژیانت بە خزمەتی ئەدەبی کوردی‌یەوە بردووەتە سەر با ئەم خزمەتەش سەر باری هەمووان بێ ، تکایە ئەو

کتیبەکانتا بلاوت کردوەتەوە ئامادەمان کرد بۆ چاپکردن .. وەکوو خاوەن بەرهەمێك داوامان کرد لە بەرێوەبەرایەتی خویندنی کوردی بۆ یارمەتی دانمان بۆ چاپکردنی .. ئەو یارمەتی‌یەی کە خێرومەنان هەموو سالێك دای ئەنین بۆ یارمەتی‌دانی چاپەمەنی کوردی بۆ ئەو کەسانەی کە دەس‌کورتن‌و بەرهەمەکانیشیان شیاوی بلاو کردنەوەیە ..

ئینجا سەیرەکە لێرەدایە !!
بودجەی سالی ٩٧١ مۆر کراو .. لە سالی کۆنەوە

لە دوای کۆچی دواییت بە چوار سال رۆژگارێکی نە بار هاتە پێشەوە بۆ ماوەدان بۆ چاپکردنی چاپەمەنی کوردی . بە هۆی یارمەتیدانی لاوی هەلکەوتووی روژگارەوە (جەلال تالەبانی) توانیمان بەشێك لە پاشمەرگە نایابەکەت بلاو بکەینەوە .. بە قەرزو قۆلەو دەس پێوە گرتنیش بەشی یەکەمی دیوانەکەت چاپی دوواهەمی کرایەوە .. بەشی شەشەمی شیعرەکانت کە لە کاتی خۆیا ناوت ناوە (سروەی بەر بەیان) وە لە بەرگی

بۆ ئەو یارمەتی‌یە بگریتەوە .. بەلام وەکو باوك‌و باپیرمان (پر گۆرەکەیان روناکی بێ) وتویانە :- کەلەشێریش نەبێ

رۆژ هەر ئەبیتەوە .. ئەم پارەیەش کەس بە مازووکردن پەیای نەکردووە .. هی میری نیشتمانی یە .

بیرێکی راگوزاری

-١-

● هێزو توانا .. لە بەهیوایی و مەبەستی گەیشتن بەو هیوایەدایە ... ئەوەی بەهیوایە ، بۆ گەیشتن .. پیویستی بەوەیە .. ئازاو بە توانابێ ..ئەمە زامنی مانەوەو .. رۆیشتنە .. بەرەو گەورە بون‌و .. پێ‌گەیشتن ..

-٢-

● و « مەژی بۆ مردن ، بمرە بۆ ژیان » ... قازانجیش بەبێ زیان .. دەست ناکەوێ .. سوار ئەبێ بگلێ .. تا ببێ بەسوار چاك .. نەك « شا سوار » ..

● هیوا ، بەتوانایی .. بەهێزی .. ، لەبەر ئەوە «کورد» لەگەل چوار کەرت کراویشیا.. لەگەل هەموو ئەوەی سەدەیەکە بەسەری دێت ، .. مایەوە .. چونکە هیوای هەیە .. تواناش بۆ هیوا پارێزگاری ئەگرێت .. وەکو کورد .. « کوردە » .. وە کوردستان .. بۆ «کورد»ە .. راستیش لە ئاسوی هیوادایە ...

● هیوا ، بەتوانایی .. بەهێزی .. ، لەبەر ئەوە ئەو فەلەستینیەی ١٩٤٨ ، لە دەرەوەی نیشتمانەکەی ، شەوی تاریك‌و لەژێر دەواری‌دەربەدەریا لە دایك بو .. لەم رۆژەدا .. بۆتە پێش‌مەرگە .. ئەجەنگێ .. هیوا هەیە .. وە سەرکەوتن .. لە ئاسوی هیوادایە

● هوشی منە ووتی : هیز لە یەکیتی‌دایە وە یەکیتی‌و هیز ، رێگان بۆ گەیشتن بە هیواو مەبەست ، وە راستە ، بۆیە گەلانی هندی چین ، یەکن، وە گەورەترین‌هیزی ئیمپریالزمی جیهان .. لەبەر چاویان « شیرە بەفرینەی دروست کراوە » ..

-٣-

● لە رۆژگاری ژیانمدا سێ زللەی رۆژگارم خواردوە ، ئاگری لەچاوم هێناوە .. وایان لێ‌کردوم .. ئاوا بیربکەمەوە.. دوور بروانم .. وە راست هەنگاو بنێم .. بەلام.. بەخیرایی .. کێ ئەزانی ، دوورنیە زللەیەکی تری رۆژگار لەو ، فراوانتر بیرم پێ نەکاتەوە ..

خۆشەویستەکانم :
هێزو توانا ، بۆ هیوای ئێمە لەناخی ژانو ئازاردایە .

بەهرە

institut kurde de paris